**● بەفر یا ئەشکەوتی مراز**

ڕۆمان

**● ڕەزا سەیید گوڵ بەرزنجی**



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

## ڕۆمان

# بەفر یا ئەشکەوتی مراز

## ڕەزا سەیید گوڵ بەرزنجی



ناوی کتێب: بەفر یا ئەشکەوتی مراز – ڕۆمان
نووسینی: ڕەزا سەیید گوڵ بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٠٠
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم رەحمان
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: نادیە عەزیز
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل و لوتفی شۆڕش
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە ٢١٨ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

زستانەکەی سەخت بوو دوا دوای مانگی ڕێبەندان بوو، چەند ڕۆژبوو بەفرێکی زۆری تێ کردبوو دەوروبەر وەکو مەندیلی مەلا سپی هەڵگەڕا بوو دار و بەردی بەستبوو، تفت هەڵدابوایە دەیبەستا، کاری بەستن و شەختە هەر لە عەسرەوە دەستی پێ دەکردەوە، لە شوێنە سێبەر و نسارەکاندا شەختە لەسەر شەختە دەکەوتەوە دەیبەستاوە، گۆم و گۆمیلکە و کانییانی هەموو بەستابوو، ڕۆژ بەڕۆژ بارستایی شەختە ئەستوور و ئەستوورتر دەبوو، منداڵ و مێردمنداڵەکان خلیسکانێ و تەڕاتێنیان بەسەر گۆمە بەستووەکاندا دەکرد، سواندووکەی خانووەکان چلوورەی پێدا هاتبووە خوارێ لە دوورڕا وەکو لوولە و لەتە شووشە دەبریسکانەوە.

پێش ئەم زستانەی حازری سێ زستان بوو بەفر و باران کەم ببۆوە، عارد وا وشک ببۆوە، دەتوت گەلێ لەمە زیاترە باران و ئاوی لێ بڕاو و بەخۆوە نەدیوە. خەڵک هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی کە ئیمساڵیش وەکو ساڵانی پێشوونە دەبێ، ناو هەناویشی وشک و بریشک ببۆوە، هاوینان خۆڵ و تەپوتۆز لە زیادبووندا بوو، خۆڵ بارین یەکێ لە نیشانە زەقەکانی وشکی ساڵەکە بوو. ئەو ڕێگەوبانانەی کە ماشێنی زۆر بوو خۆڵ لەژێر تایەیاندا وەکو کلی لێ هاتبوو شەپۆڵ و قۆنگرەی دەکرد، عارد و بانەکان ئەو گەرمییەی کە بەڕۆژ هەڵی مژیبوو دەمە و بەیانیش گەر دەست بخرابوایە سەری هەست بە گەرماییەکەی دەکرا، عارد پێ ڕانەدەگەیشت گەرمایی ڕۆژ لە شەواندا لەخۆ بتەکێنێ گەرمایی تری تێ دەکردەوە.

کێلگەی جوتیارەکان نەرمە خۆڵی کەم بوو لە کێلاندا زۆرینەی دەبووە کەستەکی گەورە گەورە کە دەبووە مایەی ناڕەزایی و پەسەندنەکردنی. نەهامەتی و نەهاتی... وشکە ساڵی... کەم بارانی وای لە خەڵک کردبوو ساڵ بەساڵ لە تۆکردن بترسێن و بتارێن.

نەهاتی خەڵکی چاوچنۆک کردبوو، برا نەیدەویست مستە گەنمێک بداتە برای، خەڵک پشتیان لە ڕەوشتی بابوباپیران دەکرد، داوەت و داوەتکارییان وردە وردە تەلاق دەدا، پوولەکی... چەرچی دەبوون، هەرچی





مستە گەنم و جۆیەکی هەبوو یەکێ دایک و یەکێ باوک بوو، بەنییەتی گرانفرۆشی پشکی کەس لێ نەدان عەمبار دەکران لەناو چاڵان دەنران.

مەڕدار و ئاژەڵدارەکان پشییان تەنگ و چیقلدانۆچکەیان گچکە ببۆوە، چونکە مەڕوماڵاتیان بۆ لەوەڕ دەرنەدەکرد و دەبوایە کا و جۆی بدەن...

ئەمەشیان گران دەوەستایە سەریان، لەبەر ئەوەی دوو سێ ساڵ بوو ئەم جۆرە سەرما و بەفر و بارانانە نەمابوو کەمتر حیسابی ئالیک دانان و چرۆ خڕکردنەوە و عەمبارکردنی کا و گزرەیان کردبوو. لە وەختێکی وەتۆ ساردبووە کە کابرا شەو ئیحتلامی بووە و ویستوویەتی غوسل دەرکات، دەمەوبەیان چۆتە سەرکانی دیویەتی بەستوویەتی هەرچەندی کردووە بەدەست و قاچ بۆی نەشکابوو ناچار بەردێکی گەورەی پێ دادابوو تا کونێکی تێ کردووە و لەوێوە خزاوەتە ناوی، وەختێ لە حەژمەتی تەزی ئاوەکە کونەکەی لێ بزر دەبێ دەستان دەکوتێ تا بەکونەکە دەکەوێتەوە و دێتە دەرێ زمانی لە گۆ دەکەوێ، دەبێ هەر لەو بابەتەش بووبێ کە کابرا خۆی نقووم کردووە ویستوویەتی نییەتی خۆ بسمیلکردن بێنی لەسەر یەک وتوویەتی نییەتمە... نییەتمە... جارێکی تر ئەو گووە نەخۆم.

لەوەڕ و پاوان، دەشتودەر بەفر بێ بەزەییانە دای دەپۆشێ دەڵێن موحتاجیی وات لێ دەکات سەر بەماڵە دوژمندا بکەیت.

ڕەوە مامز، گیانلەبەرە بەستەزمانەکانی تر لە برساندا خۆیان بەناو گوند و ماڵەکاندا دەکرد، هەبوو سەر دەبڕان و نۆش دەکران، هی واش هەبوو دەخاڵەت و دیلییان قبووڵ دەکردن و تێکەڵی ناو مێگەلەکەی خۆی دەکرد.

کێشکە و کۆترە کێویلکە و کەو و خەرتەل و سۆفی قیتە و سوێسکە و هەوێردە و باڵدارانی تر لە حەژمەتی برسێتی خۆیان بەماڵاندا دەکرد.

هاتیتە حەوشە خۆت پەیت کردبوو سەرێکت بردە ئەو لا سەرێکت هێنایەوە ئەم لا و، تاژییەکەش هەر بەدواتەوە بوو و کلکی بادەدا. بەفرەکە لەژێر پیلاوە گڕنی گڕنیەکەتدا لە هەندێ شوێن خرمەی دەهات لە هەندێ شوێنی کەشدا دەبوایە زۆر بەهێمنی و لێهاتوویی و لەسەرخۆ لە ترسی

هەڵخلیسکان هەنگاو بنێیت، چونکە عاردوبان بەستابووی و وەک هەسان لووس ببوو، خەڵک ڕۆشتنی سەر بەفریان لەبیر چووبۆوە، بۆیە هەندێکیان هەڵخلیسکابوون و دەست و قاچیان شکابوو.

سەرێکت بۆ ئاسمان هەڵبڕی هەورێکی سپی و لووسوپووس دایگرتبوو دەتوت بەسەدان و هەزاران فریشتە کاریماڵنجییان تێدا کردووە.

گوندەکەت لە نەورایییەکدا بوو دەتوت لە باوەشی دایکێکی میهرەبان و دلۆڤاندایە، خەڵکی گوندەکە ڕیخەڵۆکیان تێک ئالابوو، بۆیە خۆشی و ناخۆشییان خۆشی و ناخۆشی هەمووان بوو، لە شین و شاییدا دەستەوایی بوون، ئیشکردنی بەکرێ لەناو گوندەکەدا جێی نەببۆوە، چونکە ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری نێوگوند لە دیوارکردن... سواقدان... ساوەر کوڵاندن و ساوەر کوتانەوە بەزبارە بوو. ئەگەر ماڵێک لە دروونە... قرشەکێشانەوە... کوتان و جەنجەڕ گێڕان... شەنبا دواکەوتبا و بۆی نەکرابوایە بەگەلەکۆیی تەواویان دەکرد.

هەوری و کورتەک و شەرواڵە مورادخانییەکەی پیرۆت ئەوەندەی خەڵکی گوندی لەبەری دەکرد ئەوەندە خۆی لەبەری نەدەکرد... هێشتا نەیانگێڕابۆوە نۆرەی بۆ گیرابوو.

هەوری بوغز و کینە کەمتر دەیتوانی لە ئاسمانی گوندەکەیاندا ببارێنی. دەتوت هەموویان لە هەناوی دایک و باوکێکن.

شتێکیان کرد بوو بەدەگمەن لە گوندەکانی دی بەدی دەکرا، دوو ڕیش سپی سەرناس و عەقڵمەندیان دەستنیشان کردبوو کە دەمڕاست و خەمخۆر و تەگبیر بەدەستی خەڵکی گوندەکە بوون، هەر کۆسپێک بهاتایەتە پێشیان و گرێ کوێرەیەکی تێ کەوتبا دەبووە خەمی ئەوان و دەچووە پێشیان.

بیریان لە هەموو گچکە و گەورەی گوندەکە دەکردەوە، چاوی ئاگایان کەمتر دەنووقا، ئاگایان لە کچانی عازەب و کوڕانی هەرزەکار هەبوو، هەردەم بۆیان لەسەر پێ بوون و دەخرانە ناو چغزی تەگبیران.





تەگبیری خەمان...

تەگبیری دڵان...

تەگبیری شاییيان...

دەرمانی خەم و دڵان...

لە دەفتەری ڕیش سپی گوندیدا چارەی دەدیتراوە، فەرهەنگی گوند... هەواڵگر... نهێنگرێکە بۆ خۆی.

سەرکەوتنەکەیان لەوەدابوو ناوەندی دارەکەیان دەگرت خۆیان بەهیچ تەرەفێک دانەدەدا تەنیا لەگەڵ حەق و ڕاستیدا بوون. لەبەر هەندێ گوندییەکان قسەی ڕیش سپییەکانیان... تەگبیرەکانیان... تاوتێکانیان بەڕاست دەزانن لە ڕایان دەرناچن، بۆیە ئاژاوە... دووبەرەکی... کوشتن... ململانێی پڕوبووچ... دزی... تاوان... غەدر لە فەرهەنگی کۆمەڵایەتییاندا دەگمەن بوو، لە دەڤەرەکەدا ببوونە نموونەیەکی باش و دەنگیان دابۆوە و شانازی بەخۆیانەوە دەکەن.

ماڵەکەتان کەوتبووە پەڕگەی گوندی هەر لەو شوێنەی کە لێی ڕاوەستا بوویت سێرەی سەیرکردنت کردە دەوروبەری گوند وەک هێلکەقاز لەپێش چاوت سپی دەچۆوە. دەستت یەکیان لەملاو یەکیان لەولا پشتێنەکەت توند کرد و هەردوو لاکەت بەیەکەوە ڕاتەکاند وەکو توندییەکەی تاقی کەیتەوە ئاوا بوو، لەبەرخۆتەوە وتت:

– ئا توندە، بەروپشتێنم توندە.

دەستت برد توورەگە چووکەکەت لە سنگی دیوارەکە کردەوە و دانیشتیت، تاژییەکەش بەدەوروپشتتدا دەسووڕایەوە و لمووزی بەبەفرەکەدا دەهێنا... هەندێ جاریش شەرواڵەکەتی بۆن دەکرد.

دەستێکت بەپشتی داهێنا تا گەیاندتە نێوچەوانی، لەوێدا پتر دەستی خۆت هێشتەوە. وەکو گەمە لەگەڵ کردن بۆ لاواندنەوە ناو لەپت پاشان سەری پەنجەکانت بەنێو مووی سەری داهێنا، ڕووت تێ کرد و وتت:

– ئەم جارەیان هەر خۆم دەچم تۆ لە ماڵەوە دەمینێیتەوە.

دەتوت تێت گەیشت دوورکەوتەوە و لێت مڕ بۆوە، پێدەچوو بەقسەکەت ڕازی نەبووبێت، بۆیە سەری خۆی شۆڕ کرد و لەگەڵ دوورکەوتنەوەی کلکی بادەدا.

دەستت برد بەنی نیفۆی دەرکی توورەگەکەت شل کردەوە، وەکو بڕینی پێستی نەخۆش کە بۆ پزیشکی نەشتەرگەر واڵا دەکرێت واڵات کردەوە، تفاقی نێویت بەسەرکردنەوە کە تفاق و پێویستی ڕاوکردن بوو، توورەگە و تفاق هاوەڵی ڕۆژانی ڕاووشکارت بوو، کە دەستت لەنێو توورەگەکە دەگێڕا دەستت بەشتێکی بچووک و درێژۆکانی کەوت نەتزانی چییە یان لەبیرت نەمابوو، کە پەنجەکانت وەکو گازگرتی سەریشت بۆ ناوی شۆڕکردەوە گرژیتەوە و لەبەرخۆتەوە وتت:

– ئای کە ڕاوێکی ترسناک و ڕۆژانێکی خۆش بوو.

دەستلێدانەکە ڕاوە بەرازەکەی ئەوسای هێنایەوە بیرت و لەبەر چاوت وەکو فیلم لێدرایەوە:

سۆسەی شتێکت کردبوو نەشت دەزانی چییە؟! هەستت ڕاگرت دەستیشت لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەت بوو، خۆت بۆ هەموو شتێکی کتوپڕ ئامادە کردبوو، هاوەڵە ڕاوچییەکانیشت لێ دوور بوون تا ئاگاداریان بکەیتەوە، دەتزانی لەپێشتەوەیە و هەر شتێکیش بێت لە پەنا ئەو گا بەردەوەیە، چۆکێکت خێواندە عاردی و چاوێک نا هەردوو چاوت گرتە کەرتە شاخەکە، هەر ئەوەندەت زانی شتێک لەوێوە قەڵەمبازی بۆ دایت، تفەنگت بۆ بڵند کرد و تەقەت لێوە هێنا لە دووری دوو شەقاوێک تەپەی لێوە هات و کەوتە پێشت، واقت وڕما ئینجا دڵت کەوتە ترپە ترپ گوللەکە تەختی نێوچەوانی بەرازێکی یەکانەی سمی بوو. حەپەسایت و کاس بوویت، هێشتا لە شوێنەکەی خۆت جووڵەت نەکردبوو کە بەقەدەرایی چەند قومێک لە جگەرە بدەیت هاوەڵەکانت بەدەم تەقەکەوە هاتن، بەگەیشتنیان پتر ئارام بوویتەوە کە چۆکت لە عاردەکە هەڵگرت هەستت بەچووزانەوەی کرد چونکە وردە زیخ و بەردی تێ چەقیبوو. ڕاست





بوویتەوە... لەسەر کەلەشی یەکانەکە وەستایت و چەقۆکەت لە گیرفان دەرهێنا و یەک لە (شەفل)ەکانت لە دەمی دەرکێشا و خستتە نێو توورەگەکەوە.

بەتوورەگەکەی دەستتەوە چوویتە ژووریَ، چەند نانێک و کەمێک خوێت لەناو شەمێ مشتێک کرد و ئاخنیتە ناو توورەگەکەوە. کە فیشەکدانەکەت لەخۆ بەستا پتر توند و پۆڵی کردیت، فیشەکدانەکە تەنیا پێنج فیشەکی کارخانەی تێدا مابوو، شوێنەکانی تری بەتاڵ بوو، بەمەبەستی پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکان قەوانت ناردبووە شار تا بۆتی دابگرنەوە. قەرێتەی تاژییەکەت گرت و لە کادینەکەدا بەستاتەوە، دەماری تاژییەکەت دەناسی ئەگەر وات نەکردبا بەدواتدا دەهات، کە لێی دوور کەوتیتەوە خۆی بەدواتدا ڕادەپسکاند. دەیویست وەکو جاری جاران لەگەڵتدا بێ و ڕەفیقی ناموافیق نەبێت و لە هاتونەهاتدا پێ بەپێ لەگەڵتدا بێ.

بێ ئەوەی هیچ کام لە هاوەڵەکانت ئاگادار بکەیتەوە بەتاقی تەنیا لەو ڕۆژە تووش و سارد و بەستەڵەکە لە گوندی دەرچوویت، دەتوت نهێنییەکت پێیە و ناتەوێ کەس لێت تێ بگات، ڕێکەوتیش وابوو نەهاوەڵێکت تووش هات نەکەسیش لەو ڕۆژە ناخۆشەدا ڕێی پێ گرتیت.

ئاقاری دوور و نزیکی گوندی هەمووی بەفرێکی ئەستوور پەستابوویەوە ڕەشاتی بەدەرەوە نەهێشتبۆوە.

(دڵگەش) گەنجێکی پتەو و توند و تۆڵ... چاو نەترس... ئازا و بوێر... ڕاوچییەکی لێزان زۆربەی کاتی بەڕاو و شکار بەسەر بردووە، چەندەها جار لەگەڵ هاوەڵە ڕاوچییەکانی گوندی شەو و ڕۆژیان لە ئاقار و دەشت و ئەشکەوتان بەسەربردووە، بۆ نێچیر چەندەها جار خۆیان لەبن تاوێر و کەندەڵان و پووش لە بۆسە ناوە، نەتزانیوە هیلاکی و شەکەتی برسییەتی و تێنوویەتی چییە؟! هەردەم خاوەنی ئەسپی چوار ناڵە بوویت، ئەسپی سەگلاوی... تاژی نێچیر بەزێن... تفەنگی برنۆبووە.

ڕاوچییەکانی دەڤەرەکەی هەموویان حەزیان دەکرد تۆ هاوەڵی ڕاویان

بیت، گۆڕەپانی ڕاو و دەرپەڕاندنی نێچیر بەدڵگەش گەرمتر و خۆشتر دەبوو، پسپۆر بوو لە دیتنەوەی نێچیر... کەم وا بووە بەدەستی بەتاڵ لە راو گەڕابێتەوە، بەهرە و بەختت... شارەزایی لە ڕاوکردن دەنگی دابۆوە هەموو کەس حەزی دەکرد لەگەڵتدا بچێ بۆ ڕاو، چونکە ڕاوکردن تام و بۆیەکی تری دەبوو.

هەوەڵی تەمەنت بوو کە بۆ ڕاو دەردەچوویت تەدارەک و تفاقی تەواوت لەگەڵ خۆدا هەڵدەگرت.

ڕاوکردن لەناو پیر و گەنجانی دەڤەرەکەدا سیما و نیشانەیەکی دیار بوو، ڕاوە مامز... ڕاوە کەو... ڕاوە سوێسکە... ڕاوە هەوێردە... ڕاوە بەراز... ڕاوە ڕێوی... ڕاوە کەروێشک... ڕاوە ماسی... ڕاوە سیخوڕ... ڕاوە کێوی دەکران. جا وا دەبوو ژمارەی ڕاوچییەکان لە گوندێ لە گوندەکانی دەڤەرەکەدا پتر بێ لە گوندێکی کە.

ڕاوچی هەبوو کار و کاسبی وی هەر ڕاو بوو داری لەسەر بەردی دانەدەنا لە بەیانییەوە تا ئێوارێ بگرە هەندێ جار شەوانیش کار و کاسبی هەر ڕاو بوو، ڕاوچی هەبوو بەتەنیا ڕاوی دەکرد، هی واش هەبوو هەردەم حەزی دەکرد لە ڕاوا هاوەڵی هەبێت.

لە دەڤەرەکە ڕاوچی تێدا هەبوو لەبەر ئەوەی تاژییەکەی نێچیری قورتار نەدەکرد ناو و شوورەتی بڵاوببۆوە... ڕاوچیش هەبوو لەبەر خاتری وڵاخ و سوار چاکییەکەی ناوی دەرکرد بوو، ڕاوچی تریش هەبوو بەهۆی دەست و تفەنگ و ڕاستی نیشانی ناسرا بوو، هی واش هەبوو پسپۆرییەتییەکی لە دیتنەوە و سۆسەکردنی نێچیر پەیدا کردبوو پێیەوە شوورەتییەکەی دەرکردبوو... بۆیە هەندێکیان بەبێ دیتن و ناسین ناویان بەدیوەخانان و کۆڕ و مەجلیساندا تەشەنەی کردبوو، دەنگیان پێش ڕەنگیان کەوتبوو.

فریشتەکانی هەور لە ئاسماندا خەریکی هێنان و بردنی پەڵە هەورەکان بوون و بارانیان خۆش دەکرد، هەوێنی تیرکردن... ڕەشکردنیان دەپرژاندە ناو هەورەکان و بەفر و ئاویان دەزاندە ناوی.





پەڵە هەورەکان لەگەڵ تیژی باکە دەڕۆیشتن، پەڵە هەوری وا هەبوو تەکانی دەدا بەپەڵە هەورە گەورەکان بگات وەلێ پێش وەخت دەتواوە و بزر دەبوو، پەڵە هەوری کەش هەبوو لە سەرووی پەڵە هەورە گەورەکان دەڕۆیشت، هی واش هەبوو خۆی بەبچووکی گەورەکان دەزانی و لەژێریانەوە ڕێگەی دەبڕی.

ئەو پەڵە هەورانەی کە وەکو پەمۆیەکی پەڕەکراو دەدیتران نەدەگەیشتنە هەورە دەستە خوشکەکانیان وەکو لەگلەگ کە دەخرێتە ناودەم و خێرا لەسەر زمان دەتوێتەوە، بەئاسماندا دەتوایەوە.

هەر چەند پەڵە هەورەکان ئامێزانی یەکتر و ئاوێتەی یەکتر دەبوون... تیر دەبوون... ڕەشتر دەبوون ئەو حەلە چاکتر بەری خۆریان لە خەڵکی سەر عاردی دەگرت و ئەو بەشە عاردەی ژێر هەورەکە ڕووناکی لێ دەبڕا، عارد تاریک دادەهات، لەگەڵ تاریکی عارد و ئاسمان ناو دڵ و دەروونی خەڵکە بێ باوەڕەکەش تەڵخ و تاریک دادەگەڕا و دەیانوت فشەیەساڵانی ڕابوردووش ئەو هەورانەمان دیتن و بێ بارانیش هات و ڕۆیی... لەبەر ئەوەی بەچاوی پار و پێرار سەیری هەورەکەیان دەکرد ئەوەندە گوێیان بەهەوری ئیمساڵ نەدەدا.

هەورەکان هەر دەهات ڕقیان ڕەش و ئەستوور دەکرد، بایە ساردەکەش خۆی بەدەوری دڵۆپە ئاوەکاندا دەگێڕا و قەڵەوتر و پڕتر و چڕتری دەکردن.

چێشتەنگاو بوو پیادە تەنیا بێ تاژی... بێ ئەسپی سەگلاوی بەخۆت و تفەنگێک و پێنج فیشەکی کارخانە و توورەگەی تفاقی پێویست کە هەر بەپەتەکەی خۆی چەند جار لە پشتێنەکەت ئاڵاند بوو لە کاتی ڕۆیشتن و هەنگاو هەڵهێناندا تەکەتەکی بوو.

چەندەها جاری تر بەتاقی تەنیا لە گوندەکەتان دەرچوویت، شەو و ڕۆژ وەخت و ناوەختت لە کن نەبووە، زستان و هاوین لات گەمەبووە، بەیانیان یان درەنگی شەوانت پێ یەک بووە، وەلێ ئەمجارەیان هەستت بەشتێک دەکرد بۆت خورد نەدەکرایەوە... بۆی نەدەچوویت و نەشت دەزانی مەسەلەکە

لە کوێدایە.

هەر کە لە لانکی چاو هەڵهێنانت ئاودیو بووی کە هەتا چاوت بڕی دەکرد سپی دەچۆوە دڵت خەتەرەی کرد، ئەگەر بەشووڕەییت نەزانیبوایە بۆ گوندەکەتان دەگەڕایتەوە، وەلێ ئەوەت لێ نەدەوەشایەوە و لە شەرمی ئەوەش نەوەک لە گوندی لێت بپرسن بۆ ڕۆیشتی و بۆ گەڕایتەوە؟! ئیدی لە ترسی ئەم پرسە لەسەر ڕۆشتنەکەت مکوڕتر بوویت. ترسەکە بەدڵتدا گوزەری کرد وەلێ ماکی خۆی تێدا هێشتەوە، دەستت بەئاوڕدانەوە لەسەر ئاوڕدانەوە و سەیرکردنی ئەملاو ئەولا کرد، هەر کەسێ چاوی لێت بوایە دەرکی بەشتێک دەکرد.

ئاوڕێک بۆ ڕاست... ئەوی تریان بۆ چەپ... تەماشایەکی دوور؛ سەیر کردنێکی نزیک، ئەو ئاوڕەی کە بۆ مەڵبەندی لەدایکبوون و گاگۆلکە و منداڵیت و مێرد منداڵی و گەنجیت دایەوە کە تەنیا لە هەڵمە دووکەڵی سۆپای دار و چرۆ و تەرس بترازێ هیچی ترت نەبینی، هەر خۆت دەتزانی مەرامت لەو ئاوڕدانەوەیە چ بوو؟ لەکنت بووە هۆی تەمتومانێک وەکو ڕەشماڵ بەسەر دڵت هەڵدرا. کە دوا ئاوڕت لە کەرخی گوندەکەتان دایەوە ئاسەواری دوکەڵەکەش ڕەوییبۆوە.

پێڵاوە لاستیکەکەی پێت بنی گرنی گرنی بوو بەرگەی خلیسکانی دەگرت و باش لە بەفر دەچەقی و شوێنە بەرزەکەی لەسەر بەفرەکە چاڵی دروست دەکرد و شوێنە قووڵەکانیش بەپێچەوانەوە بەرز دەبۆوە. مۆری نەخشەکەی لەسەر بەفرەکە بەجێ دەما تا ماوەیەک کوێر نەدەبۆوە.

داوەر هاتیتەوە تایەکی گۆرەوییەکەت لە بەلەکت هاتبووە خوارێ ویستت هەڵیکێشیتەوە و توندی کەیتەوە هەر دەم و دەست لە فکران ڕووچوویت:

دەستت خستبووە سەرشان و ملی بەخۆتەوە و دەنووساند و بۆنت دەکرد نازدار وتی:

– دەمەوێ ببمە پارچەیەک گۆشت و تێکەڵاوی گۆشتی لەشت ببم، یا ببمە پارچە ئێسقانێک لە ڕەقایەتی لەشت... یان وەکو ئەو خشتانەی لەناو





دیوار و خانی توند جێگەی خۆیان قایم کردووە ئاوا ببمە بەشێک لە گیانت، کە یەک پارچە و یەک لەشی و یەک دڵی لێ دروست بێت، کە بەهیچ جۆرێ دەوروبەر نەتوانێ زەفەرمان پێ ببات و لێکمان بترازێنی...

– نازدارەکەم وا دەزانم خوا لە تۆ بەولاوە کچی لە گوندەکەمان و لە دەڤەرەکەدا دروست نەکردووە یا ئەو کچەی تێدا نابینم کە بەکەڵکی دڵ و دەروونی من بێت، تۆ خوێ و نمەکی تامی گیانم خۆش دەکەیت، کە ناڕەحەتیشم دەکەیت ئەویش هەر تامی خۆی هەیە... نازدارەکەم دەمەوێ لەگەڵ ئەو ڕاگوشینانە بچینە ناو یەک و ببینە یەک پارچە هەتا هەتایە لێک نەبینەوە... گیانەکەم ئەو نەرمە ئارەقەیەی سنگ و گەردنت، سووکە بۆنەکەی تێکەڵاوی بۆنی خەناوکەی مێخەک و سمڵ و سۆتکە و مەلحەم بووە و سەرخۆشی کردوومە... بەڕاستی بۆنێکی ژنانەی خۆشە!

– چونکە پێت خۆشە نایەڵم وشک بنەوە و هی تر دەهونێنمەوە و لە ملم دەکەم.

– دەزانی هەست بەگەرمی لەشت دەکەم، ئەلەکتریکی شار چۆن شار ڕووناک دەکاتەوە لێم بوویتە ئەو ئەلەکتریکە و دڵ و دەروونت ڕووناک کردیمەوە.

– دڵگەش ئاگات لە من نییە خەریکە لە باوەشت لەخۆ دەچم نازانم چیم لێ هاتووە ئاگام لە دنیا نەماوە، ئامێزتم ئەوەندە پێ خۆشە کە ڕامدەگوشی ئەوسا دەزانم کە هەمە، هەر چەند ئامێزت لێم توند دەکەی کە هەست بەئێشی سینگ و مەمکم دەکەم هێندەی تر پێم خۆشە و دڵم خۆش دەبێ... ئەگەر ترس و ئێش و لەزەت بەئاگام بکاتەوە دەنا وا دەزانم هەر نیمە، خۆشییەک دەبینم خۆم لەبیر دەچێتەوە.

– دیارە هەردووکمان وەک یەکین.

– نازدار بۆنی بسک و شابسکان و ئارەقەی سنگ و مەمکان گێژی کردوومە.

– کوڕە غەریب جارێ چت دیتووە!؟ زۆریم هەڵگرتووە بۆ ڕۆژی خۆی.

– خوا یاربێ ئەو ڕۆژەش دەبینین.

– ئەو گۆرەوییە بەنانەم بەدەستی خۆم کردووە، بۆ زستانێ تا قاچەکانت نەتەزێ... دڵگەش حەز دەکەم هەر تۆ قسانم بۆ بکەیت و من گوێت لێ ڕابگرم بەشی ئەوەندەم بکات تا دەتبینمەوە... ئەوەش گۆرەوییەکانە گیانە!

– دەست و پەنجەت هەر نازدار بێ نازدارەکەم.

گۆرەوییەکان کە بەدەست و پەنجەی نازدار حەیرانێ چنرابوون هەڵت کێشانەوە و دەلینگی شەرواڵەکەت خستەوە ناوی و کەمێ بەسەریدا هاتە خوارێ.

کە ڕاست بوویتەوە چاوت کردبووە ڕاداری ئەواکس بۆ سۆسە پێکردن و دیتنەوەی نێچیر بەئاقاری سپیدا گێڕات.

کە گەیشتیتە زەوییەکەی پیرۆت قەسەری مەرەزەی پار کە بۆ لەوەڕ پاس کرابوو بەفرەکە هەندێکیانی وەک دۆشەک بۆ خۆ ڕاخستبوو، هەندێکیشیان سەری بۆ نەوی نەکردبوو قیت سەری خۆی لەبەفرەکە دەرهێنابوو، ڕکوعی بەهەندێکی تریشیان بردبوو بەفر لە سەرپشتیان وەستابوو ژێری کردبووە کەپرۆکە.

قسەیەکی پیرۆتت لەگوێدا زرنگایەوە کە بەلای زەوییەکەدا ڕەت دەبوویت، کە ئەوسا هانای بۆ هێنایت و پێی گوتی:

– دڵگەش ئەگەر ئەو بەرازانەم لەکۆڵ نەکەیتەوە و زەوییەکەیان پێ چۆڵ نەکەیت دەستم لەبنی هەمبانە دێتە دەرێ.

تۆش کوڕی بەپیرەوەچوون و بەهاناوە چوون بوویت، بۆ ڕۆژانی تەنگانە و بۆ کەسانی لێقەوماو و داماو زەلام بوویت.

لەگەڵ برادەرەکانت ڕێکەوتی کە بەهانایەوە بچن و مەرەزەکەی بۆ پاس بکەن و بەرازەکان وەدەرنێن.

دەستتان دایە تفەنگەکانتان خۆت بگرە بەراز هاتین سەگوەڕ لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد، بەناو مەرەزەکەدا پەرت بوون، چەند تەقەیەکی بووکانەشتان کرد، تاژییەکان بەمەیدانی خۆیانیان نەدەزانی لە دووڕڕا





دەنگیان دەهات و دەسووڕانەوە، هەر یەکەو تانی لە سەگەکەی خۆی دەدا... یەکێک دەیوت ئەها بۆرە... یەکێکی ترتان ئەها سۆرە... چاو ڕەش مەیدان مەیدانی تۆیە و تێرگۆشتت دەکەم... تێتان دابوو بەدەست و تفەنگیەوە هاتبوو، هەشبوو یان تفەنگی نەبوو یا پێ ڕانەگەیشتبوو بیهێنێ سەگەکەی هێنا بوو لەو حەلاوەلایە بەراز لە ترس و حەژمەتی ڕۆحی خۆی لەناو مەرەزەکە دەرپەڕی، ڕەوە سەگ بەدوایەوە بوو نەشدەوێران زۆر خۆی لە قەرەی بدەن، بۆرە لای دوای لێ گرت سەگەکانی تریش بەملاو بەولادا تاویان دەدا... وەکو دەڵێن ئەو ڕۆژە بوو سەگ ماخۆی خۆی نەدەناسی بەزمێک بوو سەربەهەش حەزی دەکرد بەشداری بکات، نەتهێشت دوور بکەوێتەوە بۆی دانیشتی گوللەیێکت پێوەنا، ڕەتی بەپاشووی برد، پاشووی سووڕا ڕێی پێ گۆڕی، مەیدانی سەگان بەدیارکەوت و گوللەکە کاری تێ کردبوو... بۆرە خۆی گەیاندێ و قەپێکی لە پاشووی گرت و بەرازەکە خۆی سووڕاند و خۆی ڕاپسکاند، بۆرە لەگەڵ تەوژمی سووڕانەکە بەقەد گەزتنەکەی گۆشتی لەگەڵ دەمی هێنا و ڕەتی برد.

– ئەها سۆرە ڕۆژتە.

– دەی چاوڕەش خۆت بەدەربێخە.

– هیزە نەیەلن دەرچێت.

– ئەها... دەی...

حەپە حەپی سەگەل و دەنگی ئەها و دەی ڕاوکەرانیش لەو ئاقارە دەنگی دەدایەوە، بەبەراز و سەگەل و تاژییەکان و وڵاخی ڕاوکەران ئەو ئاقارەیان گێرە کرد، بەرازەکە هیلاکی پێوە دیار بوو، تاژییەکانیش بەرایی هەڵاتنەکەیان دوور بەدوور لێ دەگرت... بەزمێک بوو حەزت دەکرد زوو تەواو نەبێ. کە بەرازەکە ڕووی هەڵاتنی دەکەوتە سەگەکان بڕی دەکردن... وەلێ خورتییەکەی هەر دەهات لەکەمی دەدا و دەبووە بای سەگەکان... سۆرە خۆی گەیاندێ قەپێکی لێ گرت هەڵاتنەکەی خاوتر کردەوە، چاوڕەش قەپی لە لاکەی تر گرت... پاشووی پێ خشاند... خوێن لە جێگەی گوللە و گازی

سەگەکان دەهاتە خوارێ... بازنەی مەیدانی شەڕتان لێی تەسکتر دەکردەوە، لەگەڵ خشینیدا سەگەکان بەریان دا...

دەنگی گوللەیەک لەبەر بەستەکان هات و شریقەکەی دەنگی دایەوە ڕەتی بەبەرازەکە دا سەگەل لێی خڕبوونەوە سەری کەوتنە گیانی و خپیان کرد.

بەبیر هاتنەوەی ئەو ڕاوە بەرازە گوڕاحێکی خستە هەناوتەوە، تخووبی زەوی پیرۆتت بەزاند بەدەم ڕۆیشتن و چاوگێڕان لەبەر خۆتەوە وتت:

– دیارە کەروێشک و مامزەکان زەخیرەی ئەم زستانەیان داناوە بۆیە بەدەرەوە نینە، یا هەر ئەوانە ماون کە خۆیان دەخاڵەتی گوندی کردووە.

خۆت بەرەو ئەو بنەدارە هەڵدەکوتا کە لەوە پێش گەلێ جار لەگەڵ هاوەڵە ڕاوچییەکانت لە ژێریدا کەو و سوێسکە و پۆڕ و هەوێردە و ئاژەڵە کێویتان برژاندبوو هیلاکیشتان لە سێبەرەکەی دەرکردبوو، چاوت دایە بنەدارەکە هەورازەکەت بڕی دارەکەت لێ بەدیارکەوت بەچاو دیاربوو ژێرەکەی ڕەش دەچۆوە یان بەفر نەیگرتبۆوە، تەکانت دا هەرچی زووترە بەدارەکە بگەیت، ڕوانینت بەسەردارەکە ئاودیوکرد بەقەستی چاوگێڕان و دۆزینەوەی نێچیر یەکسەر دڵت داخورپا دەستت برد تفەنگەکەت لە شان هێنایە خوارێ و فیشەکێکت لێخوڕییە بەرێ بەدەست توند گرتت و پێت بەغارەوە نا، کێبڕکێی نێوان تۆ و گەلەگورگ دەستی پێکرد، غاردانت لەترسی ئەوەبوو نەبیتە خۆراکی گورگان خۆت لە چنگیان ڕزگار بکەیت، غاری گەلەگورگیش بۆ خۆ تێرکردن بوو، غار لە نێوانتان کە دەستی پێکرد و قەوما تۆ بۆ دارەکە و ئەوانیش بۆ تۆیان بوو، بەهەرچی هێزی هەتبوو غارت دەدا. وەختی خۆشی کەفەقێ بوویت لە یاری قاشوانی بەدوای گۆیەکە چاک غارت دەدا و بەقاشۆیەکەت گۆیەکەت دەخستە پێشە خۆت و بۆ هۆرکردن تەکانت دەدا.

هەرتەکانێکی ئێستات بۆ زیادکردنی هەنگاوێک یا دووان لە غاردان دابینکردنی ژیانێکی سەر لە نوێتە، لە گۆڕەپانی قاشوانێ غارت شارەزایی و لێهاتوویی و لێزانینتی لە گەمەکە بەدیار دەهێخست، وەلێ





غاری ئێستات غاری ڕۆح قورتارکردنە و ئازایەتییەکی ترت بەدەر دێخی، ژیانی نوێت بەم هەنگاوانەی غارت بەستراوەتەوە کە بەتوند و خێرا قاچەکانت هەڵدەبڕی و پێڵاوە لاستیکە بن گڕنی گڕنییەکە پتر و باشتر لە قوڕ و بەفرەکە دەچەقێت و چاکتر دەتوانی لەخۆ هەڵدەی و پتر عاردت دەبڕی و زووتر... خێراتر نێوانی تۆ و دارەکە بەرەو کەمبوونەوە و تەسکبوون دەچێت.

لە بای غارێت ئەوەت بەبیر داهات کە ئەمەیان کاری گوللە نییە، ئەوە یەکیانت کوشت دووانت کوشت بگرە سێیانت کوشت ئەوانی تر دەتگەنێ و لە تۆڵەی هاوڕێ کوژراوەکانیان و بۆ ژەمێ خۆ تێرکردن ونجڕونجڕت دەکەن.

ئازایەتی لەگەڵ بەکارهێنانی عەقڵ لە هەر جێگایەک و تەنگاوییەک زەرووڕەتی خۆی هەیە، ئینجا ئەو زەرووڕەتە چ خۆشی بێت چ ناخۆشی لەکاتی ترس یا فەرەحی و هێمنی ڕۆڵی خۆی دەبینێ.

بنی هەر دوو پێت وا بەتوندی دەخێواندە عاردی لەناو پێڵاوەکەدا دەزوورانەوە. لە بای غارێتدا بایە ساردەکە هێندەی تر بەتوندی بەچاوانت دەکەوت و ئاوی تێ زاندبوو، دارەکە هەر دەهات لێت نزیک و نزیکتر دەبۆوە.

گەلەگورگیش بەتەکانی قایم و قایمتر و خۆ جیرکردنەوە غاریان دەدا، لە غاردانەکەیاندا قاچی پشتەوەیان لە جێگەی دەستەکانیان تێپەڕی دەکرد، کە دەستیان بۆ پێشەوە دەهاوێشت ملیان دەچۆوە ناو لەشیان کە قاچیشیان دەهاوێشت ملیان بۆ پێشەوە دەردەپەڕی.

غارت لەپێناو ژیان و مردندابوو، لەو چۆڵەوانییە تاقە پەناو و پەسیو کە چاوت تێ بڕیبوو هەر دارەکەبوو، گۆشتی قەساب بەقەنارەوە چۆن لەبن دەست و کێردی لە کاتی بڕین و پارچەکردنی تەکە تەک دەکات ڕۆحت بەغاردانەکەتەوە ئاوا تەکەتەکی بوو، وات غاردەدا بنی پێیانت دەزوورانەوە... نێوان تۆ و دارەکە زۆر لە نێوان گەلەگورک و دارەکە نزیکتربوو.

لەو ڕۆژە تووش و ساردەدا لەو بەفرە لەو تەنیایی و بێ کەسییەدا لەو لێقەومانە ناوەختەدا دارەکە برای پشتێ و برای دایک و بابی و هەموو کەست بوو، کەس ئەوەیە لە تەنگانەدا بەهاناتەوە بێت، هانات بۆ برد و لە دوورەوە هاوارت بۆ کرد:

– هەر ئیمڕۆیە لێم قەوماوە وەرم بگرە و دەخاڵەتم قبووڵ کە، قسەکەت تەواو کرد و نەکرد خێرا تفەنگەکەت بەلقێکی دارەکەوە کرد و وەکو وەرزشەوانی جیمناستیک خۆت هەڵدا، وەکو برا گەورە وەری گرتی و لە پشتی خۆی هەڵی گرتی و قایمی کردی؛ وەکو مار پێیدا هەڵگەڕایت و خێرا لە ترسی قەپی گورگان قاچەکانت ڕاکێشایەوە بنەخۆت، قەپی گورگێک لە نزیک قاچەکانت دوای ڕاکێشانەوەی بەبەتاڵی کەوتنەوە سەر یەک.

دارەکە گیانی کڕییەوە ئەو نەبوایە دەمردی، خۆت لە نێوان سێ لقەدار توند کرد وەکو یەکێک لە سێ ڕیانێک خۆی لەبۆسە بنێ خۆت لە بۆ گەلەگورگ لە بۆسە نا، وەکو پۆلیسی هاتوچۆ لە ترسی ڕۆحی خۆت هەموو لایەکت لەخۆ پاس دەکرد.

ویستت تفەنگەکە ڕاکێشیتەوە خۆت شۆڕ کردەوە دەستت بۆ لوولەکەی برد، دەتوت لە مەرامت گەیشتبوون لەگەڵ ڕاکێشانی تۆ یەک دووانێکیان خۆیان هەڵدا و قەپی لە قۆنداخەکە گیربوو، ڕاتکێشا وەلێ هێزت پێ نەشکا و دەتوت بەترگزە گیرببوو کەلەش و قورسایی گورگەکە و هاتنەوەی بۆ عاردی قایشی تفەنگەکە لە دارەکە ترازا و کەوتە خوارەوە. گەلەگورگ بەدەم و لمووزی گڕەوە تێی بەربوون و لمزیان تێ دەخشاند.

ترست لێ نیشت، ئومێدێکت تفەنگەکە بوو ئەویشت چوو، ناچار هەورازتر چوویت... خێرا لقە دارێکت کردەوە و بەچەقۆ خۆشت کرد و سەرێکت وەکو ڕم تیژ کرد. جارجار جێگەت خۆشتر دەکرد پێت لە لقێک و پشتت لە لقێکی تر توند دەکرد تا نەتوانن زەفەرت پێ ببەن.

ئالآی شەڕ هەڵدرا... شەڕ لە نێوان مان و نەمان و برسێتی و خۆ تێرکردن هەڵگیرسا، لایێ بەرەی دڕندە و هار لایێ بەرەی ژیری و عەقڵ، دوو





جەمسەری لێک جیاواز بوون.

لەسەر دارەکەوە خۆت بەتەنافی مەرگەوە لەناو جغزەی ترس و مەرگدا تەکە تەکی بوو، زانیت شەڕەکە بەهۆی برسێتییە و تەماحیان لێت داوە، نەفامی و گێلیش پیاو تووشی شەڕ دەکات.

گورگەکان گێرەیان بەدەوری دارەکە بەستبوو، سەریان لێ قیت دەکردییەوە و دەیان مراند... ڕۆحت لە جێگەیەکی قایمە و نایەتە دەرێ، خۆیان بۆت هەڵدەدا، مرەمریان ئەو ناوی داگرتبوو کەڵبە تیژەکانیان هێندەی تر تۆقاندبوویت، لیکاو بەلالغاوەیاندا دەهاتە خوارێ... بەدارەکەی دەستت بەقاچ خۆت پاس دەکرد، شان و پیلت لە هەڵبەز و دابەز دابوو، هەرچەند گورگەکان خۆیان بۆت هەڵدەدا تۆش لەخۆت هەڵدەدا و دارەکەت بەرەو لمووزیان ڕەوانە دەکرد... چەند جار لەناو دەمیان چەقی، هەستت دەکرد لە نەرمی گۆشتی دەم و شەویلکیان دەچووە خوارێ، دەتوت گورگەکان شەڕیان لەنێو خۆیاندا دابەش کردبوو، هەندێک هەڵدەگژانە دارەکە و دەیان ویست سەرکەون و بۆت بێن، هەندێکیشیان لەگێرە بەدەوری دارەکە بەردەوام دەسووڕان، دەتوت سەرە سووڕەیان گرتووە، شەڕی مان و نەمان بوو... دارەکەی دەستت چەکێک بوو خۆت پێ پاس دەکرد... خڕە خڕی ددانەکانیان کە لە دارەکەی دەستت گیر دەبوو دەگەیشتە دەست و پەنجەکانت.

بەپێلەقە... بەدارەکەی دەستت بەرگریت دەکرد، دەستت لە هەوادا لێ هەڵدەشەقاند، بەهەموو بابەتێک مەرگەمووشی ترست لەخۆ دوور دەخستەوە.

گەلەگورگ بەدەوری دارەکەدا دەسووڕانەوە و مڕەیان لێوە دەهات و کەڵبەکانیان وەک بەفرەکە لەناو دەمیان سپی دەچۆوە، جارجارە لە خۆیان هەڵدەدا، لەگەڵ خۆهەڵدانیان وەکو ترسی ئەوەت هەبێ بتگەنێ تۆ خۆت بۆ سەرەوە دەبرد و دارە تیژەکەشت بەرەو قورگیان ڕەت دەکرد. ڕۆح لە جێگەیەکی قایمە و نایەتە دەرێ... لە ترسان چاوت... سەرت بەدەوری خۆتدا

دەگێڕا و دارەکەی دەستیشت کە هەموو ئومێد و هیوایەک و تاقە چەکی دەستت بوو خۆت پاس دەکرد و لە حەژمەتان وتت: زیرەتان لێ دات هەر وازیش ناهێنن... قیڕ و بنێشتە لێم نابنەوە.

لەو ئان و ساتە پڕ مەترسییەدا کاکە سووری جوانە مەرگت هاتەوە بیر و کە دەبێ لە ڕۆژێکی وا بێ پەنا و پەسێو تووشی گورگ هاتبێ شوێنی خۆ حەشاردانیشی چنگ نەکەوتووە تاقە سواریش تۆزێ ناکات، بەتەنیاش نەیتوانیوە هەتا سەر بەرەنگاریان بێت، بای گورگان دەبێ و دەفەوتێ...

دارەکەی دەستت وەکو شیری دەروێشان لەناو حەلقەی زیکردا هەر لە ڕاوەشاندن بوو ئاخیشت بۆ تفەنگەکەی ناو بەفرەکە هەڵدەکێشا، هەر هیچ نەبوایە... وەلێ ئەویشت هیچ.

دەستت گەیاندە توورەگەکە ویستت بزانی ماوە یا ئەویش بۆتە برای تفەنگەکە، ئاسوودە بوویت، کە دەستت گێڕایەوە فیشەکەکانت سەح کردنەوە لە پێنجان چواری لەناو گیرفانی فیشەکدانەکە مابۆوە.

– دیارە لە ڕاکردنەکە کەوتووە.

ئەمەیانت لە پێشە خۆ وت.

ئەوەندەت خۆ بۆ ئەولاوئەمـلا سووڕاندبوو هەستت بەئێش و ئازاری کەرخی بژدێنت دەکرد.

لەبەر خۆتەوە وەکو ورێنە ئەم قسانەت کرد:

– خۆ ئەگەر تفەنگەکەشم لەکن بوایە گەلە گورگێک بەچوار فیشەکەوە نایەتە کوشتن، وەلێ چەک هەر سوننەتە پێت بێت و فەرامۆشیش بوو گەر لە دەستم بوایە.

گورگەکان بۆنی تۆیان پێ خۆش بوو بێ وچان بەدەوری دارەکە وەک پاسەوانت بن هەر لە سووڕانەوەدا بوون و لێت مڕ دەبوونەوە زمانیان لەناو دەمیاندا سوور دەچۆوە زەندەقت لێیان چووبوو.

پیرەدار برا و سەنگەر بوو بۆت ببووە قەڵایەک کە دوژمن ناتوانێ زەفەرت پێ ببات، سەری دارەکەی دەستیشت ئەوەندە تیژبوو کە دەچووە





ناو شەویلک و قەپۆزی هەر یەکیان یەکسەر پاشەکشەی پێ دەکرد و دەستی بەنووسکە نووسک دەکرد و تاڕادەیەک حیز دەبوو.

هێندەت خۆ هێنا و بردبوو هێندەت ئەم دیو و ئەو دیو و خۆسووڕان کردبوو بەو سەرما و سۆڵە بەو ترسە زۆرەی کە وەک پژدێنەکەت تێت ئاڵاوە گیانت بەسەر ئاو و ئارەقە کەوتبوو، وەختێ کە دەست ڕاگیر دەکەی یەکسەر سەرماکە دەیویست پێتەوە بدات.

ئێستا پەشیمان بوویتەوە کە تاژییەکەت لەگەڵ خۆدا نەهێناوە، هەر هیچ نەبوایە تا ماوەیەک ڕەفیقاتی دەکردی یا ئەوەتا دەبووە خۆراکیان و وازیان لە تۆ دەهێنا یان ئەوەتا دووری دەخستنەوە و سەری خۆی هەڵدەگرت و هاواری بۆ ماڵێ دەبردەوە، شتێکی حاڵی دەکردن کە بیاندیبوایە بەتەنیا گەڕاوەتەوە، وەکو سەگەکەی کابرای بناری چیای قەرەچوغ کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژان مەڕێکی لێ بزر ببوو زۆری بۆ گەڕا بوو بێ فایدە بوو، پاشان کە سۆراغی سەگەکەی دەکات دیار نابێ، وەلێ لەکاتی نانانی پەیا دەبۆوە و لە پاشاندا بزر دەبێتەوە، ڕۆژێکیان کە نانی دەداتێ لە پاشدا خۆی لێ دەگرێ، سەگەکە دەڕوات و ئەمیش بەدوایدا دەچێت تا سەگەکە لەبەردەم ئەشکەوتێک وەردەکەوێ ئەمیش دەچێتە ناو ئەشکەوت و مەڕەکە دەبینێتەوە و بەرخێکیشی لەبەر دەبێت... خۆ تاژیش لە نەوەی سەگانە.

جار جارە گورگەکان لەسەر پاشوویان دەوەستان و نینۆکیان لە قەدی دارەکە دەخشاند خڕەخڕ و کڕەکڕی نینۆکیانت دەبیست و کە بۆت مایەی ترس و دڵەڕاوکێ بوو. کە شەویلکیان بەش دەکردەوە و دەکەوتنەوە گڕە و مڕە لێت کەڵبە تیژەکانیان سپی دەچۆوە و زمان دەتوت یەمەنی سوورە لەناو دەمی ئەم دیو و ئەو دیوی دەکرد... لە جێگەی خۆت وتت:

– ئای لەم ددانە تیژانە خۆ ئەگەر بکەومە بەردەستیان بەم ددانە پارچە پارچەم دەکەن بەم زمانە گەورەیەی کە دەڵێی باڵتەیە ئاودیوم دەکات.

کە کاکە سوور کەوتۆتە بەر گاز و قەپاڵیان هەستی بەچ ئازارێک کردبێ، چۆن چۆنییان لێک هەڵزڕاندووە داخۆ چ هاتوهاوارێکی کردبێ!

ترس پتر غەلەبەی کردە سەرت بەرەو هەورازتر چوویت وەکو شەڕکەرێکی شارەزا بەدارەکەی دەستت بەرەنگاریان دەبوویتەوە و سەری دارە تیژەکەت دەخێواندە قەپۆز و شەویلک و لاملیان، هەستت بەکرتە و خرچەی دەکرد کە نووکە تیژەکەی دارەکەی دەستت لە لەشیان دەچەقی.

ئەوەندە گێرەیان بەدەوری دارەکەدا کردبوو سێ بەشی تفەنگەکەیان بەبن بەفر هێخستبوو، هەموویان سەر و قەپۆزیان بردە کن یەکدی و مڕاندیان، وەکو ئەوەی شتێکیان لەگەڵ یەکتردا وتبێت، گورگێکیان لمووزی بڵند کرد دەتوت لە لایێکەوە بۆنی شتێکیان بۆ هاتووە، ڕووەو ڕۆژئاوای دارەکە تێی تەقاند ئەوانی کەش کەوتنە دوای، ڕێگەی هاتنەکەیان لەگەڵ ڕێگەی ڕۆیشتنەکەیان گۆشەیەکیان دروست کرد، دارەکە کەوتە پشتی گۆشەکەوە.

خۆشی خۆشی و هەلەکە سەمای دڵت بەڕۆیشتن و هەڵاتنی گەلە گورگ دەستی پێکرد هەست بەخۆشی کردنەکە لەگەڵ ترپەی دڵت خوێنبەر بەهەموو دەمارەکانی هەستی گەیاندی، چاوت لێیان لە ئاستیان لە ڕێیان نەترووکاند تا لێت بزر بوون و وەل بوون.

گەلەگورگەکە کەوتنە دوای یەکتر یەکیان لەهەرە پێشەوە قووچاندبووی ئەوانی کەش بەدوایەوە غاریان دەکرد هیچ گورگێکیان زاتی ئەوەی نەدەکرد پێشی بکەوێ، ئەوانی پشتەوە خۆبەخۆیی پێش یەک دەکەوتن و لەسەر یەکتر دەسووڕانەوە و مڕەیان دەهات و هانکە هانکیان تێ کەوتبوو... هەڵاوی دەروونیان دەتوت دوکەڵە دێتە دەرێ، وەکو بڵێی هەستیان بەدۆڕاندن و سەرشۆڕی کردبێ تەنیا بۆ جارێکیش ئاوڕیان لە دارەکە نەدایەوە، هەرچەند ماندووتر دەبوون هەڵاوی دەروونیان زێتر خەست دەبۆوە پتر شەویلکیان دەکرایەوە و هانکە هانکیان پتر تێکەڵاوی یەکتر دەبوو دەتوت دەنگی بایە لە کونێکی گیراو دێ و دەگەڕێتەوە.

بەفر و سەرماوسۆڵەکە دنیای تەزاندبوو عارد و بەرد و ئاوی بەستبوو، ئەو بایەی کە دەهات دەتوت گوێزانە پێستی وشک دەکرد و دەیقلیشاند، ئاوی لە قەدی داران دەبەستا و نەیدەهێشت سەر و خوار بکەن... عەمری





بەفرەکەشی لەسەر عارد درێژ دەکرد... هەر چ زیندەوەر و گیانلەبەر هەبوو لە ترسی سەرماکە خۆیان لە پەنا و پەسێوان شاردبۆوە.

گورگ و دڕندەکانی تری هار و برسیتر و چاوسوورتر کردبوو... هەندێ جار لە برساندا لە یەکتری مڕ دەبوونەوە و کەڵبەکانیان لە یەکتر دەقرساند.

برسێتی بەگورگەکانەوە دیار بوو تەکان و غاریان وردە وردە لە کورتی دەدا... ڕۆژ بەڕۆژیش ناو قەد و ڕانیان باریک دەبۆوە، هیچ پیاوەتییەکیان لەگەڵ ئادەمیان نەکردبوو... نەچاندبوو لەوەتەی دروست بوونە هەر دوژمنارییان لەگەڵ ئادەمییان کردووە و شەوان چوونەتە سەریان مەڕ و ماڵاتیانیان خواردووە و ورگی هەندێکیشیان دڕاندووە، ڕێیان لە ڕێبواران گرتووە و کاکە سوور و کەسانی دییان بێ بەزەییانە لەتوکوت کردووە و خواردوویانن، شتێکیان بۆ پاشەڕۆژیان ڕەچاو نەکردووە... دەخالەتیان لای ئادەمییان قبووڵ نییە و خۆشیان زاتی ئەوە ناکەن خۆ دەخاڵەت بکەن.

کورد دەڵێ «تۆبەی گورگ مەرگە». دایکە کورد کە بیبەوێ منداڵەکەی تەمبێ بکا و بیترسێنی دەڵێ گورگ هات، گورگانە شەویی بۆ دەڵێت، ململانێی گورگ و ئادەمییان لە باب و باپیرانەوە ڕاهاتووە و هیچ کات و زەمانێک نێوانیان خۆش نەبووە، ئادەمییان باوەڕیان بەگورگان نییە.

گورگەکەی پێشەوە لە بای غارێ و تەکانیدا ئاوڕێکی لە گورگە هاوەڵەکانی دایەوە وەکو مەبەستی ئەوە بێ بڵێ:

– وەرنە دووم ئێستا تێرتان دەکەم.

پێشەوای گورگان بۆنێکی کردبوو لە دووڕرا پەڵەیەکی ڕەشی لەسەر خوانی بەفرەکە بەدی کردبوو، دیار بوو بۆنەکەی کەللەیی کردبوو، ئەوەندەی هێزی پێ مابوو غاری دا سەری پێ شۆڕتر کردبوو، ئەوانی کەش بەدوایەوە دەیانقووچاند و زمانیان لە دەمیان شۆڕببۆوە، بەدوای پێشەواکەیان تێک قژقژان و دەچوونە ناویەک و ئەمدیو و ئەودیویان دەکرد بێ ئەوەی بەپێش بکەون. بۆنەکە لیکی دەمیانی هێنابووە خوارێ، هەر چەند پتر ملی خۆیان شۆڕ دەکرد بەقەستی خێراکردنی غاریان، وەلێ برسێتی و هیلاکی

بەربەستێک بوو نەیدەهێشت تەکان و هەنگاویان فرەتر بێت، بگرە بەرەو خاوبوونەوە دەچوون نەک بەرەو تیژی. گورگەکەی پێشەوە گەیشتە سەر کەلاکی هێسترە تۆپیوەکە و بەدەوریدا سووڕایەوە و لووراندی... ئەوانی کەش گەیشتن کەوتنە ونجڕونجڕکردنی کەلاکە بەستووەکە و دەمیان تێنا. تەزووی ساردییەکە گەیبییە لمووز و کەڵبەکانیان.

مڕەمڕیان لێوە دەهات هەڵاوی دەروونیان بەسەر کەلەشە ساردەکە بڵاو دەبۆوە خووسەکەی سەر پێستی دەتواندەوە، دەتوت هار بووینە وا خەریکی هەڵدڕینی بوون دەتوت یەکەم جاریانە کەلەشیان بەردەست کەتووە برسێتی ڕێیەکی لە هاریدایە... برسێتی هاروهاچی کردبوون، ڕیخۆڵە و ناوسکیان بەگۆڕێ وەرکرد سپیبیاتی بەفرەکەیان شێواند و تەڵخ و ناشیرین کرد، دەم و قەپۆزیان تێ خستبوو هەریەکە و بەلایەکدا ڕاکێش ڕاکێشی بوو.

کاتی خۆی کە ئێسترەکە لەسەر پێیانی بووە ئازایانە باری خۆی هەڵگرتووە... ئالیکی شەرمەزاری نەخاردبوو باراشی بۆ ئاش بردووە و هێناویەتەوە، عەرەبانەی کا و قرشەی ڕاکێشابوو شەغرەی لێ بارکرابوو، کلکی باداوە و مێشی لەخۆ پاس کردووە بەکورتان و بێ کورتان لەبن بار ئارەقی دەردابوو، کاتی بێ کورتانی خۆی گەوزاندووە و خرووشتی لەشی مراندووە و هیلاکی و ماندووبوونی لەبیرچووە. عەمر درێژ بوونی بەفرەکە مەرگەمووشێک بوو بەسەر وڵاخاندا باری، ببووە سەرێ سەبەبان... ئالیک نەما وڵاخ لەکن خاوەنەکانیان ئێسکیان قورس بوو، سەرباریان لەبنباریان گرانتر بوو کەیفیان بەچارەیان نەدەهات زۆربەیان بەرەڵڵاکران... هەندێکیان لە برسان مردن... هەندێکیشیان بەزیندوویی و بەپێوە قەپیان لێ گیرا و تەواوکران، ئێستری تایبن یەکێک بووە لەوان گەلەگورگ تێی بەربوونە گۆشتی بەسەر بەفرەکە ڕادەکێشرێ و ژەمە خواردنێکی بەتامە و لە کۆڵ پیاوی سەرداریێ بوونەتەوە.

***

باوەڕت نەدەکرد کە وازیان لێ هێنابێت: هەر تەماشای ئەو شوێنەت





دەکرد کە لێی ئاودیو بوون وەلێ هێشتاش نەتوێرا دابەزیت، پیاوی بوێر کەم دەترسێ کە ترساش ترسەکەی لەگەڵ خەڵکی کە جیاواز دەبێت، بۆیە وای لێ دەکات لەهۆی تووشبوونی بکۆڵێتەوە بەهەڵسوکەوتیدا بچێتەوە و چیدی کەمترخەم نەبێت، دیارە ئەگەر ئەوەی کرد ژیانی پارێزراو دەبێت، چونکە دەتزانی هەڵەی خۆت بوو کە بەتەنیا لە ڕۆژێکی ئاواشدا لە گوندی دەرچوویت، دەبێ تا ماویت ستایشی ئەم دارە بکەیت و بیکەیتە جێ نەزرگە.

سەختی ڕۆژەکە و بێبەختیت بەسەر دارەکەی گەیاندیت، نەڕێبواریێ لەڕێگادا تووشت هات نەکاتی گەمارۆدانی گەلەگورگ کەس بەهاوارتەوە هات، پشت و پەنات سەر پشتی دارەکە بوو.

بەسەر دارەکەوە چاوت بەهەر چوار لای خۆتدا گێڕا... لەهیچ لایەکیان جووڵەیەک نەکەوتە بەرنیگات، دەمێکیش بوو گورگەکان جێیان هێشتبوویت هێشتا نەتدەویست یا نەدەوێرای لەسەر پشتی دارەکە جارێ بێیتە خوارێ.

مردنت پێ نیشان درا بەتایبێ ڕازی بوویت، ترس... ختووره لێت دوور نەکەوتبۆوە بێنەو بەردەت لەگەڵ خۆدا دەکرد و دەتوت... گورگیش بایی خۆی عەقڵی هەیە و فێڵبازە، دوور نییە خۆیان لە پەنایەک نەنابێ چاوەڕێی ئەوە بکەن دابەزم و بێنەوە.

هەڵی کردە بایەکی سارد شتێکی ئەوتۆشی لە ترسەکەی گورگان کەمتر نەبوو، زانیت بای پێش بەفرە، بایەکە بەلقەدارەکانی دەورووپشتت دەکەوت ورشەی لێ هەڵدەستاند و لە خوارەوەشدا گێژەلووکەی بەبەفر هێخستبوو، ترس... بەفر... با سێگۆشەی فەلاکەتی پەرمۆدا بوو... دێویک بوو بەرۆکی بەرنەدەدای، ناچار دابەزیت پڕت دایە تفەنگەکەت و بەدەستەسڕەکەت لە بەفر پاک و وشکت کردەوە، میلی برنۆکەت ڕاکێشا فیشەکێکی فرێدا ئەوسا هاتەوە بیرت کە لە ڕێگا لەبەر پێشهاتەی کتوپڕ سوارت کردبوو، لەبەر خۆتەوە وتت:

– فیشەکەکان بوونەوە پێنجی کارخانە.

لە ترسان ئۆقرەت نەگرت دیسان فیشەکێکت لێخورییە بەرێ، مەزەندەی ئەوەت دەکرد نەوەک بۆت بێنەوە، هەر ئەوەندەی ئەم بیرۆکەیەت بەمێشک داهات بەفر وەکو پارچە پەڕۆ هاتە خوارێ، تارماییێکی سپی وەکو جورجێتێکی تەنک یا تانەی سەرچاو بەری بینینتی کورت کردەوە بایەکەش هەر دەهات قایمتری دەکرد و ئەوەندەش سارد بوو دەتگوت گوێزانە، دەموچاوتی دەزووراندەوە، جەمەدانییەکەت دەمامک کرد تەنیا هەر دوو چاوت بەدەرەوە مابۆوە کە سەرلەبەر ئاوی پێدا دەهاتە خوارێ، خۆت لە پەنای هەر لایەکی دارەکەوە دەگرت وات دەزانی ئەوێ کونە بایەکەیە.

***

لووتکەی چیا و شاخەکان دەتوت لەنگەری برنجی بازیانە و بۆ میوانی خۆشەویست ئامادە کراوە وەها سپی دەچۆوە، بەپشتی ئەو چیا و شاخانەوە بەفرەکە پتر بۆ دامێن شۆڕ ببۆوە و یەک پارچە سپی دەچۆوە، ئەو چیا و شاخانەیش کە باوەشیان لە دەشتەکە وەرینابوو بەفری لەوانی کە کەمتربوو. شوێنە بەرۆچکەکان ڕەشی لێرە و لەوێ تێ کەوتبوو کە ڕۆژ لێی دەدا بەفراوەکە دەبریسکایەوە وەکو مارەزیو بەخوار و خێچی بەرە خوار شۆڕدەبۆوە.

خەڵکەکە هەر کەسە و بەپێی خواست و ئارەزوو و حەزی خۆی لە بەفر دەدوان. زستانەکەی بەڕاستی زستان بوو کار لەپەڵەی قەبری و پەڵەی یەعقووبی نەمابوو، بەفر و بارانی زۆر بوو زوو زوو بەفری تێ دەکردەوە وەکو کەچە جل و پەڕۆ دەهاتە خوارێ، بەفر لەسەر بەفر، بەفری نوێ دەکەوتەوە سەر بەفرە کۆنەکە، سەری لە خەڵک... لە ڕێبوار... لە ئاژەڵ و تەیروتوال شێواندبوو، هەر ئەوەندە مابوو خەڵک نوێژی نەبارین بکەن.

کۆڵانەکانی گوند تەسک ببۆوە لە هەندێ شوێندا کۆڵانە بەفر دەگەیشتە پژدێن و بگرە زیاتریش، لەو شوێنانەی کە پتر پێخوستی بەسەرەوە بوو





قوڕە سۆر و بەفر تێکەڵاوی یەکتر ببوون لیتراوێکی لێراوی و لێڵاوی لەبەر دەرۆیشت کە هەردووکیان دەنگی بنەچەیی خۆیان لە دەست دابوو لەئاوێتە بوونیاندا ڕەنگێکی تازەیان هێنابووە ئاراوە.

ئاژەڵدارەکان سەر سەدەی ئەو سەریان لێ دیار نەبوو ئالیکیان بەرەو کزی بوو چیقلدانۆچکەیان وێک هاتبۆوە، گەوەڕی ئاژەڵیان قوڕ و لیتە بەبنە خۆیدا بوو هەتا ئەژنۆ دەهات، خەڵکەکەی تریش لەلایێ لەبەر هێرشی بەفر و سەرما لەلایێکی کەش لەبەر نەبوونی ستوومەنی و کەمبوونەوەی، ترسی ئافاتی گەورەتریش لەولا بووەستێ کە لە دڵیاندا چەکەرەی دەکرد و لە دووڕا سەرەدیقانێی لەگەڵدا دەکردن حەوسەڵەیان نەمابوو.

سێڵاو لە هەموو لایەکدا ڕێچکەی بەرەو خوار گرتبوو لە شیوەکەی خوار گوندی کە شێوەیەکی نیوە بازنەیی وەرگرتبوو شوڕە شوڕی دەهات و لە هەندێ شوێنی تەسکدا قۆنگرەی دەکرد. شەو و ڕۆژ دەبوایە خەریکی ڕاماڵینی بەفری سەربانەکان بن و باگردێنیش بگێڕن تا دڵۆپە نەیەڵن یا کەمی کەنەوە. دیواری حەوشە و خانووەکان چاڵ و چۆڵی تێ کەوتبوو، چونکە بەفر و باران سواقەکەی خووساندبۆوە و لە هەندێ شوێندا سواقەکە کەوتبووە خوارێ، دیواری حەوشە و خانووەکان لەپێش چاودا دەتوت پینەکراون.

کەو و کۆترە کێویلکە و کێشکە و سۆفیلکە و باڵندەکانی تریش فڕکان فڕکانیان بوو لە برسان و لە سەرمان حەوانەوەیان نەمابوو، لە خانوو و کەلاوەکان خۆیان لەبن دار و کاریتە و شەقڵان و کون و کەلەبەری دیوارە ڕووخاوەکان دەکوتا، دەستی مێرد منداڵ و گەنجانیان دەگەیشتێ و ڕاویان دەکردن.

گەلێ لەکانی و ڕووبار و سەروچاوەکە دوو سێ ساڵ بوو لەبار چووبوون و وشکیان کردبوو یان ئاویان لە کەمیدا بوو یا ئەو بیرانەی ئاویان دابەزیبوو هەر هەموویان یا بەشی زۆریان ئاوس بوونەوە، بن عارد ئاو بەند بۆوە و ئاویان تێ زایەوە و تەقینەوە. شارییەکان ئەوانەی گەنم و جۆ و

زەخیرەی تریان بەنییەتی هەڵسانی نرخیان عەمبار کردبوو لووتیان گەییبووە چەناگەیان و مرومۆچ هەڵگەڕابوون، لەبەر دابەزینی نرخیان بەری دڵیان گیرابوو خەم قورەپەستێک بوو بۆیان گیرابۆوە. لە ترسی دابەزینی پتر دانەوێڵەکانیان لای عەلافەکان هەڵڕشت.

مانەوە و ڕەش نەبوونەوەی بەفر لە لەوەڕگاکان وای لە گوندییەکان کرد کەر و هێستری زیادەیان بەرەڵڵا و تۆڕی کردن، ئاژەڵەکان لە برسان بژی خۆیان یا هی یەکتریان دەڕنییەوە و دەیانخوارد، بەئاقار و دۆڵ و شاخە بەفراوییەکان بڵاوبوونەوە، هەندێکیان بوونە خۆراکی ئاژەڵە دڕندەکان و هەندێکیشیان لە برساندا یەکتریان خوارد بوو مەڕ و بزن دەمیان لە خوری و مووی یەکتر نابوو.

بەفرەکە جێگەی بەعارد تەنگ کرد بوو بۆی کرابا ئاسمانیشی دادەپۆشی، لقەدارەکان بەفرێکی زۆریان هەڵگرتبوو ئەستوور و گران ببوون، قورساییەکە لە توانا و تەحەمولی لقە دارەکان نەبوو و بۆیە قرچەی شکانەوەیان دەهات، سپێتی بەفر ئاوی دەتێزاندە چاوان.

بایەکی تووڕە و توند و سارد هەڵی کرد دەتوت هەزارەها ملیۆنەها ئێرکۆندیشن بەیەکجار هەڵکراون، خوا ئەو بایەی کە هەڵی کردبوو گەلێ لە فریشتەکانی بای پێوە خەریک کردبوو، ئەمانیش دەبوایە بەپێی فرمانی خوا بەبێ کەموکوڕی بایەکە بهێنن و ببەن... لە ئاسمانانەوە بۆ عەرد و ناو بەفرەوە بۆ بن دار و گوند و شار و کووچە و سەربانەکان و سەر شاخ و چیا و پێدەشتەکان، لە دەشتەوە بۆ دۆڵ و نشێو و بن کەندەڵانان و ژوور و بەرهەیوان، پەنچەرە و دەرگای بەخەڵک داخست، گڕی ئاگری خواپێداوانی خۆشتر کرد، بایەکە بەفری لەگەڵ خۆدا هەڵدەگرت و گێژەنەی بەفر و زریان وەکو فڕفڕۆکە بەشوێنناندا دەسووڕایەوە، پێستی دەستە قڵیشاوەکان کە لە هەوەڵی بەفرەکە بەوازلین و گریس و ڕۆن و کەرە چەور و نەرم کرابۆوە قڵیشاندییەوە و سوورتر هەڵگەڕان، کە دەستیان لێک دەخشاند وەکو لێکخشانی قایش دەنگی دەهات.





با و زریانەکەی هەڵی کردبوو گێژەلووکەی دەکرد کە لە سواندووکە و سووچی خانووەکان دەکەوت ویزە ویزی دەهات، سەری چەند خانوو گورگەی دیوارانی هەڵتەکاند و تێکی دا. سەری لە ڕێبوار دەشێواند باڵندەی لە ئاسمان دەهێنایە خوارێ ڕێی لە پیادان و سواران دەگۆڕی، بەفری دەپرژاندە سەر و چاوان، چاوانی بەخەڵک قەپات دەکرد... چڵمی لە لووتان دەهێنایە خوارێ... خوناوی نێو مووی سمێڵانی دەبەستا، هەڵاوی دەروونانی خەستتر کردبۆوە. باڵندە و ئاژەڵان و پەلەوەری برسیتر کردبوو، قاچانی دەتەزاند... دەستانی دەقڵیشاند، پەنجەکانی سڕ دەکرد، سەگ و تاژی و توولەی لە کولانکان دەپەستایەوە، ئەوەی لە حەوشە و بانان بوایە لە ژوورانی دەکردەوە، با بەفری لە پەنا و پەسیوان خڕ دەکردەوە و کەلێن و قۆرت و کەلەبەران و چاڵ و نیمچە چاڵی پڕ دەکردنەوە.

***

تەنیایی... چۆلەوانی... بەفر... با... زریان... بەستەڵەک... هەڕەشەی ڕەشەبا و زریان و بەفر... برسێتی گەلەگورک و تەماحکردنیان لێت... ترس، بەو هەموو بار و خەم و مەراقانەوە بنە دارەکە پیاوانە هەڵی گرتی و وەری گرتییەوە، ئەو دارەی کە پشت و پەنات بوو لە مەرگێکی مسۆگەر لە دەمی گورگان ڕزگاری کردی، لەو تەنگانەیەدا بۆت باوک... دایک... برای پشتێت بووە، گەر ئەمانیش لە دەورت بوونایە و بەهاناتەوە بهاتبانە ئەوەندەی دارەکە بۆتی کرد ئەمانیش هەر ئەوەندەیان پێ دەکرا و لە دەستیان دەهات. دارەکە بۆت دەرەقەتی گورگان هات و لێت بووە دارەکەی (شەکران)[١] و لە پێشت شیرنتر ببوو.

وەلێ بەهەموو هێز و قودرەتی خۆی کە ساڵەهایە ڕەگی لە هەناوی ئەو عاردە وەکو ڕەگی خەڵکی ناوچەکە چۆتە خوارێ، بۆی نەدەکرا زەفەر بە با و زریانەکە ببات و لێتی دوور بخاتەوە لەمەندە زیاتری پێ نەدەکرا و لەو

(١) داری شەکران: دارێکە لە شوێنێکی بەرز ڕواوە لەناوچەی زرارەتی و لە دووڕا دیارە.

چۆلەوانییـە دالّدە... سایە... پەناگەت بووە و مەترسیشی لێ دوور خستبوویەوە.

دارەکە کونە بایەک بوو بۆ خۆی، خۆت لە هەر لایەکییەوە دەخستە دەخالّەت و پەنایەوە وات دەزانی بایەکە لەوێوە دێت، حوجحەتی بایەکە سەری لێت شێواند، بەدەوریدا سووڕایتەوە شوێنی خۆ حەشاردانی نەبوو، وات دەزانی کە زریانەکە لە هەموو لایەکی دارەکەوە هەڵی کردووە. قودرەتی ئەوەیشی نییە لە چنگ هەڕەشە و تووڕەبوونی سروشت پتر بتپارێزێ و ناتوانێ ژیانی تۆ بخاتە ئەستۆی خۆی و ڕێ لە با... زریان... بەفر... باران بگرێ و پاشگەزیان کاتەوە و تۆش ڕزگار کات.

زریانێکی تووڕە و سارد بوو لەسەر جلەکانتەوە دەیگەستی، بەزۆر چاوی پێ قەپات دەکردی، جەمەدانییەکەت کە دەمامک کردبوو ئەوەندەت بۆ سەرەوە بردبوو خەریک بوو کونی چاوەکانت قەپات بکات، هەناسەت سوار دەبوو هەر دەهات زریانەکە تووڕەتر و قایمتر و خەستتر دەبوو، ئەو تەمەی کە وەکو تانە پێش چاوتی گرتبوو مەودای بینینتی کورت کردبۆوە کە بەحسێب خۆت لە زریانەکە لە پەنا قەدی دارەکە نابوو کە قەدی بەقەد ناوقەدت دەبوو، وەلێ بەپەناش نەدەژمێردرا... باوەشت لە دارەکە وەرینابوو دەتوت باوەشت لە باوکت وەریناوە و زریانیش دەیویست لێکتان بکات، قاچەکانت کەمێ بۆ دواوە کێشایەوە لەگەڵ با و زریانەکە ڕکەت کرد، خۆت وەها بەهۆی ڕکەکەوە بەدارەکەوە نووساندبوو وات دەزانی باوەش و سینگی دایکتە قاچەکانیشت لە عاردی توند کردبوو خۆت قایم قایمتر دەکرد، زریانەکەش ئەو دەستە ترسناک و ناپاکە بوو کە دەیهەوێ لە باوەش و بۆنی دایکت بکا و بۆ سەفەربەرت ببا، یا باوەش و ئامێزی ئەو ژنە بەوەفا و دڵسۆزەیە کە پاش ساڵانێکی دوور و درێژی خۆشەویستی دەیویست لە شەوی زاوابوون، تامەزرۆت بشکێنی و زریانیش دەستێکی ناحەز بێت و بیەوێ لە باوەشیدا هەڵت تەکێنێ و بەڕێی هاتونەهاتدا بتبات.

بەتاقی تەنیا لە شەڕی بەرەنگاری زریانی بێ ئامان بوویت، زریان چ





زریان لێت ببووە حەزیا و ناپیاوانە لە گەڵیدا دەکردی، شەڕێکی نا بەرامبەر دەیویست لەگەڵ هێرشی مەغۆلییانەی توندوتیژی و ساردییەکەی ڕاپێچت بکا و شوون بزرت کات.

بنەدارەکە سەنگەرێکی کۆنکریتی بوو نەتدەویست دەخالّەت بوونت بەفیڕۆ بدەیت، ئامادەبوونی فیکری و مەعنەوی یەک لەدوای یەکی کەسوکارەکەت لەو تەنگاوییە و بێکەسییەدا تێزێک بوو بۆ تەکانێک و چەرخ کەرەوە و هێزبوو گوڕو تینیان لەبەر دەنایەوە.

قاچەکانت لە عاردەکە توندتر قایم دەکرد و پشتت پتر لە قەدی دارەکە دەکردە ڕکە، لقەدارێکی سەر سەرت شکاندەوە خێرا بەچەقۆکە بڕێکت خۆش کرد، حەزت دەکرد بۆت بەدارەکەی حەزرەتی موسا ببێ و گەلێ شتت بۆ ئەنجام بدات... بەپەلە لە بەفرەکەی پێشە خۆت چەقاند... هەر دوو ناو لەپت یەک لەسەر یەک کردە پرد و خستتە سەری و ئینجا سینگیشت خستە سەر پشتی دەستەکانت.

سروشت دەیویست هەر چ هەڵچوون و تووڕەیییەکی هەیەتی، وەکو ئەوەی کەسی تری دەست نەکەوێت، هەر هەمووی بەسەر تۆدا بڕشێنتەوە، تەزووی بەفرەکە خەریک بوو قاچەکانت پێ سڕ بکات، دەستت برد قایشی تفەنگەکەت کە بەشانی چەپەتەوە بوو لەسەرتەوە ئاودیوی لای شانی ڕاستەشت کرد، پتر بەتەنکێشی چەپەتەوە چەسپ بوو، قایشەکە لاملی ڕاستەتی گرت، لە تێپەڕاندنی قایشەکە بۆ ئەو لاملەت مەبەستت ئەوەبوو تا پێویست نەکات بەدەستت بیگری و لە هەڵخلیسکان و گلاندا لەملت نەیەتە خوارێ و هەر دوو دەستیشت ئازاد بێت تا پتر... چاکتر بەرەنگاری ئەو ڕۆژە ڕەشە بێیت و ملی بۆ شۆڕ نەکەیت، بیسەلمێنی کە تۆش هەیت و دەتوانی ملی لەبەر ملی بنێی و کوڕی تەنگانەشی ئەوجا بزانین خودا بەکێی دەدات.

دارەکەی پێشت کە ڕکابەرایەتی بەفرت پێ دەکرد و کردبوتە کۆڵەگە و خۆت بەسەر دادابوو لە بەفرەکە دەرتهێنا، چەند جار وەکو سەرباز

قاچەکانت لە عاردی کوتا تا خوێن باشتر بۆیان بچێ و سڕبییەکەشی کەمترکاتەوە و لەبەرخۆتەوە وتت:

– وا چاکە خۆ بگەیەنمە ئەشکەوتەکە!، لێرە بمێنمەوە دەفەوتێم.

دەتوت با و زریانەکە هیلاک ببوون یا فێڵێکە و لێتی دەکەن یاخود خراپتری بەدوادا دێنێ تۆزێ هێوری کردەوە، ئەو هەلەت قۆزتەوە بۆت دەکرا شتێک ببینی.

– تا لێم تووڕەتر نەبووە با بڕۆم، ئەگەر تۆ فێڵ دەزانی، منیش فڕوفێڵ دەزانم.

وەک مین پاککەرەوە کە یەک دوو هەنگاو لە پێش خۆی بەئامێرەکەی دەستی ڕێگا کەشف دەکات و بڤە ئاشکرا دەکات، دارەکەت دا پێشەخۆت بەتەمای خودا دەستت بەڕۆیشتن کرد و بنەدارەکەت جێ هێشت، دارەکەت لە بەفر دەچەقاند تا کەند و کۆسپەی ژێر بەفرەکەی پێش خۆت پێ سەح بکەیتەوە ئەوسا بەدوایدا هەنگاوت دەنا، دەبوایە بەدەستی چەپ کەمێ بڕۆی و بۆی شۆڕبیتەوە، پاشان هەورازەکە ببڕی و بەلای ڕاستی ئەشکەوتەکە دیسان شۆڕبیتەوە، کە لەوە پێش چەندەها جار بەو ڕێیەدا ڕۆیشتبوویت. ئێستا لێت بووە بەدنیایەکی تر ئەوساش چاوت بنووقاندایە کوێرانە پێیدا دەڕۆیشتی، بەفرەکە دەوروبەرەکەی لێت گۆڕیوە، یاخود دەڵێی زەمانێکیان خەواندی ئینجا بەزۆرەملی پاش ئەوەی زەینیشیان کوێر کردووی بەخورتی بێرەتدا ڕەوانە دەکەن.

دارەکەی دەستت کە هەموو هیوا و ئومێدێکت بوو بەدووری یەک هەنگاو لە خۆتەوە لە بەفرەکەت دەچەقاند و ڕێگای بۆ سەح دەکردییەوە، زریان و بەفریش ڕۆیشتنەکەی لێ تێک دەدایت.

دیسان ئاواتت خواست کە دارعەساکەی دەستت بەگۆچانەکەی حەزرەتی (موسا) ببێ و لە یەک کاتدا چەند مەرامێکت بۆ ئەنجام بدات و بۆت مەیسەرکات، لەم ڕۆژە سەختەدا لەم تەنگاوی و تەنیایی و تەنگانییەدا کە پێیەکت لە ڕۆخی قەبرە و ئەوی تریان ژیان و ژینەوەیە حەز دەکەی کاری





دووربێن... دەست... قاچ... ڕێ پاککەرە... هێز... تەیارۆکەی فریاکەوت بێت.

هەنگاوەکانت لە هەنگاوی چاوساغی نەدەکرد... بەڵکو ڕۆیشتن و هەنگاوەکانت لەو کەسەی دەکرد بەگەورەیی کوێر و زەلیل بووبێت یا لە هەنگاوی ئەو کەسەی دەکرد کە یەکەمین جاری بێت مەی خواردبێتەوە، ئەوها هەنگاوەکان ئاڵۆزکاو... نارێک... خوار و خێچ... لاسەنگ، شپرزەیی پێوە دیار بوو، ڕێگاکەت لێ بووە ڕێگەی چیای قافێ، کوێرانە و خاو و خراپ ڕێگات بۆ دەبڕدرا. لە هەندێ شوێندا تا بن ئەژنۆت لە بەفرەکە دەچووە خوارێ، مەزەندەت دەکرد گەیشتبیتە سەر ئەشکەوتەکە یا هەنگاوەکانت بەرێ کەوتبێ و نەکەوتبێ ئەگەر وا بێت دەبێ بۆی شۆڕبیتەوە...

دارەکەت دەچەقاندە ناو بەفرەکەی پێش خۆت و ڕاتدەکێشایەوە قاچ بەقاچ هەنگاوت بەدوایدا دادەنا، دارەکەت ڕاکێشایەوە پێی چەپەت لە جێگەی دارەکە دانا، وەکو یەکێک ڕوو بچێتە بیرێکەوە عاردەکە قووتی دایت، هاوارێک بێ دەسەڵاتی تۆ لە دەمت دەرپەڕی وەکو سەردەمی منداڵی هەر ئەوەندەت بۆ وترا:

– ئەڵڵا ورمان لە جێی نەرمان.

وەکو یەکێک لەگەڵ بەفردا لەناو گوشێکیان پەستابێت و بەکونی بەفریشدا ڕووچووبێت تەپەت لێوەهات... لە حەژمەتان... لەبەر ئازار چاوەکانت چۆن قەپات کردبوو نەتکردنەوە، وەکو کوێر دەستت دەکوتا ئەملاو ئەولای خۆت دەپشکنی، بەفر دەورەی دابوویت، دەستێکیشت بەخۆدا هێنا شکستت نەبوو، وەلێ هەموو گیانت لە هاوار و چریکە دابوو، لەسەر گازەرای پشت کەوتبوویت بڕبڕەی پشتت دەیبرووسکاند، نەتدەویست چاوت بکەیتەوە نەبادا کەوتبیتیە بنی بیرێکی حەکایەتە کوردییەکان کە تەنیا سیمرخ قورتارت دەکات، جار جارە دەستت بەدەوری خۆشتدا هەر دەگێڕا... لە بن پێستی پێڵووی چاوەکانت پەڵەی ڕەش ڕەش

و وێنەی سەیر سەیر و عەنتیکە... نەزانراو... نەدیو بدی تێک دەئاڵان و ئاوێتە دەبوون و یەک یەکیانی دەخوارد، وەکو لە کتێبەکانی حوجرە دەربارەی ئەجندە و لەمەچێتران خوێندبووت لە دەمی فەقێیەکانیشت بیستبوو وات دەزانی لە بنی بیرەکە ئەوان دەوریان لێت داوە. هەستت ڕاگرتبوو بزانی چیت لەگەڵدا دەکەن، چ قسەیەک ورتەیەک بەناو گوێتدا دەخوێنن، کەی دەستت لێ دەوەشێنن، کەی دەتکەنە یەکێک لە خۆیان و کەی ژنێکت لێ مارە دەکەن، دەتوت بەنج کراوی هەستوخوستت لەخۆ بڕیبوو وەختێ لەبەر خۆت و لەپێشەخۆت دەستت بەبیسمیللا بیسمیللا کرد...

ئەعوز و بیللات کرد، کەوتیتە خوێندنی سوورەتە کورتەکان و هەندێکیانت بەنیوەچڵی بەجێ دەهێشت و پڕت دەدایە سوورەتەکی تر بۆت خڕ دەکرایەوە... پێت جەم نەدەبۆوە... ترس غەلەبەی لەسەرت کردبوو وات دەزانی کاری ئەجندانە ناتوانی سوورەتەکان بلێییتەوە، گەڕایتەوە سەر بیسمیللا و ئەعوزوبیللا و چاوەکانیشت هەر لەسەر یەک بوون.

***

نیمچە بەرزاییەک هەر چوار دەوری ڕووبەرێکی گرتبوو بەهەموویان نەوراییەکیان پێک هێنابوو دەتوت ڕەحمی دایکە، گوندەکە هێمن... ئارام لە هەناوی نەوراییەکە خۆی مات دابوو، خەڵکەکەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کەسابەتیان بوو، کەمێکیان تێدا هەبوو وازی لەم دوو کەسابەتە هێنابوو جڵەوی کەسابەتێکی تریان بەدەستەوە گرتبوو.

باران... بەفر... زریان گوندی خستبووە قۆزاخێک تارمایی، گێژەلووکەی با و بەفر... ڕەشەبا بەدەوری خانووەکانی گوندی لەگەماندابوو.

خانووەکان لە شێوەی شارستانی و جزیریدا بنیات نرابوو، دیواری خانووەکان و حەوشەکانیان زۆرینەیان لە خشت دروست کرابوون و هەر بەقوڕیش سواق درابوون. هەر چوار پێنج ماڵێکیان ببوونە کۆمەڵ و سەریان بەیەکەوە نابوو، گوندەکە لە پێنج شەش کۆمەڵەی ئاوا پێکهاتبوو





کە هەموویان چ بەپشت چ بەسک بەیەکتری بەسترابوونەوە... بەهەموویان دەوری سی ماڵێکیان پێکهێنابوو.

خانوو و حەوشەکان و شێوەی دابەشبوونیان لەسەر ڕووبەری عاردی گوندەکە و هەڵکەوتنیان کۆڵانی خواروخێچ و بەرین... تەسک... بەرزونزمیان دروست کردبوو، خانووەکان بەروپشت یا تەنیشتی کەوتبووە یەکتری، ڕێگای بەرز و نزم خواروخێچ تاکە ڕێگەی دانیشتوانی گوندەکە بوو.

پایزان دەبوایە بانی خانووەکان سواقێکی تازەی بکرێتەوە، دیوارەکانی حەوشە و خانووەکانیش ئەوی پێویستی بوایە سواق دەدرانەوە، لەناو دوو سێ ساڵیشدا بەهاوینان یا وەختی دەست بەتاڵبوون دیواری خانووەکان بەدیوی ناوەوەیدا بەتایبەتیش ژوورەکانی دانیشتن و خەوتنان بەقوڕێکی تایبەت لەگڵی سوور و کا، قوڕەکە جوان دەگیرایەوە بەپێ و بەخاکەناس تێک هەڵدەشێلدرا و نەرم و شل دەکرایەوە و چەند ڕۆژێکیش لێی دەگەڕان تا جوان دەخووسایەوە و عەریجی دەبوو، ئینجا دیوارەکانی ناوەوەیان بەماڵنج جوان سواق و لووس دەکرد، تێیاندا هەبوو عاردی ژوورەکەشی سواق دەدا، تا ماوەیەک بۆنێکی خۆشی قوڕەسوورەکەی لێوە دەهات. کە هەر هەموو ئەو ئیش و کارانە بەزبارە لەناو یەکتری دەیانکرد.

خەڵکەکە خۆ بەخۆیی لەناوەڕاستی گوندیدا مزگەوتێکیان دروست کردبوو کە بەماڵی خوا ناویان نابوو پێنج فەرزەش نوێژیان تێدا دەکرد و جارجارەش مەولوودی پێغەمبەریان تێدا دەخوێندەوە. جێگەی نوێژکردنی درێژییەکەی پازدە مەتر و پانییەکەشی پێنج مەتر دەبوو، میحرابەکەی لە شێوەی نیوە شووتییەک لەسەر باری درێژییەکەی و بەبەژنی زەلامێک بالاتر ڕووە و قیبلە بۆ دەرەوە دەرپەڕیبوو. شێوەکەی لە خانووەکانی تری گوندی جیای دەکردەوە.

پێش ژووری نوێژکردنەکە هەیوانێکی سەرتاسەری لە پێش دروست کرابوو کە دوو مەتر پان دەبوو، لە هەر دوو سەری هەیوانەکە دوو مەتریان

بۆ هێنابۆوە وەکو پەناگەی لێ کردبوو لە ڕۆژانی مەولوودی پێغەمبەردا سەماوەر و قۆری و کیتلی تفاقی چایی لێ دادەنرا و لێدەنرا.

لەمبەر و لەوبەری میحرابەکەوە دوو ڕەفکە لە قوڕ دروست کرابوو یەک و لەمپایان بەسەرەوە بوو دەوروپشت و لای سەرەوەیان ڕەش و چڵکن کردبوو. چەند فانۆسێکیش بەبزمار لێرە و لەوێ هەڵواسرابوون ئەمانیش لە ڕەشکردنی دیوارەکە کەمتەرخەمییان نەکردبوو هەردەم وەکو سێبەر دەبیندران، نوێژی بەیانیان و شێوان و خەوتنان هەڵدەکران.

یەک دوو وێنەی مەککە و مەدینەش بەدیوارەوە هەڵواسرابوو کە حاجییەکانی گوندی بەدیاری بۆ مزگەوتیان هێنابوو لەبەر کۆنیشیان ڕەنگیان چووبۆوە.

حوجرەیەک بۆ مەلا لەلایەکی حەوشەی مزگەوت دروست کرابوو، چەند قورئانێک و یەک دوو کتێبی پەڕزەرد لە دەلاقەیەک دانرابوو، حوجرەکە شوێنی وتار ئامادەکردن و دانیشتن و هەم شوێنی پرسیارکردنی خەڵکیش بوو، ئەگەر شەکر و چاییشیان هەبوایە جار جارە چایەشیان تێدا دەخواردەوە، حوجرەیەکی کەش کرابوو کە حوجرەی فەقێیانی پێ دەگوترا گەر مزگەوت فەقێی ببوایە و گوندی ڕاییبگرتنایە لەوێ دەخەوتن و دەرس و دەوریان تێدا دەکردەوە.

مزگەوتەکە کانییەکی لێوە نزیک بوو دوو ئاودەستی بەتەنیشتییەوە دروست کرابوو ئاوێک وەک جۆگەلە بۆ تارەتکردن بەپێش جێگەی دانیشتنەکە دەڕۆیشت. دەستنوێژیش لە کانییەکە هەڵدەگیرا، پێش نوێژی بەیانیانیش غوسل هەر لەو کانییەکەوە دەردەکرا.

کۆڵانە بەفر لە هەر پێنج شەش کۆمەڵە خانووەکانی گوندەکە بەرەو ماڵی خودا دروست بووبوو، نوێژکەران تا ڕێیان نەگیرێ بەفریان لێ پاک دەکردەوە پێنج فەرزەش کە ڕوویان تێ دەکرد پێخوستی هامۆشۆیان دەبپەستاوە و نەیدەهێشت زوو کۆڵانەکە پڕ بێتەوە و ڕێگەکەیان بگیرێ...

نوێژی شێوان بوو دەنگۆی نەهاتنەوە و دواکەوتنی (دڵگەش) بەناو ڕیزی





نوێژکەراندا وەکو سوورەتی فاتیحەکەی مەلا ئەم سەر و ئەو سەری کرد، کە بەرەو ماڵیش بوونەوە لەناو گوندیدا... لە کۆڵاندا هەواڵەکە پێ بەپێ لە گەڵیاندا دەڕۆیشت وەکو دەنگی بانگدانیش بەماڵاندا بڵاوبۆوە و تەشەنەی کرد. کە تاریکی شەوەکەش ڕەشماڵی خۆی بەسەر گوندەکەدا هەڵدا تارماییێکیش بەری دڵی خەڵکەکەی گرت و خەوی لە چاوی زۆربەیانی زڕاند و تۆراند.

دەرگای ماڵەکان لە ترسی سەرما و بەفر کە داخرابوون هەواڵەکە پێی خستنە سەرپشت، لەکنیان کاریگەری نەهاتنەوەی ئەوەندە گران بوو گیانی سڕکردن تا ماوەیەک ئاگایان لە سەرماکە بڕا.

مەلا کە سەلامی نوێژی دایەوە رووی لە نوێژکەران کرد و وتی:

- هەواڵی نەهاتنەوە و دواکەوتنی «دڵگەش» هەمووماني خستۆتە مەراق و خەفەت، گەر ئیمشەو نەهاتەوە دەبێ بەیانی زوو مشووری بخۆن و بەدوایدا بچن.

مەلا کە دەستی پان کردەوە وەکو ئەوەی خوا لەسەر سەران و لە بڵندان بیت سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و دەستی بەدوعا و پاڕانەوە کرد:

«خودایە لەبەر گەورەیی خۆت و لەبەر خاتری خۆشەویستت کە (محەمەد)ە (د. خ) لەبەر خاتری دایکە حەوا و باوکە ئادەم لەبەر سۆزی دایک و باوکایەتی لەبەر خاتری ئەوان کەسان کە ترسی تۆیان لە دڵدایە و بێ فرمانی تۆیان نەکردووە، خودایە چۆن حەزرەتی (موسا)ت لەدەست فیرعەون ڕزگار کرد و بەمنداڵی بۆ دایکیت گەڕاندەوە و خستتەوە بەر مەمکانی چۆن حەزرەتی (یونس) بێغەمبەرت لە سکی حووت دەرهێنا، چۆن حەزرەتی (یوسف)ت لە بنی بیر دەرهێنا، خودایە حەزرەتی ئیبراهیم پەناگە و سایە و سێبەری بێت و بەر ئەو فەرمایشتەت بکەوێ کە بەئاگرت وت ئەی ئاگر سارد و سەلامەت بە بۆ سەر ئیبراهیم، خودایە چۆن حەزرەتی (ئیدریس)ت بەبەهەشت شاد کرد و چۆن ملی حەزرەتی (ئیسماعیل)ت لە چەقۆ و سەربڕین ڕزگار کرد... چۆن فەرامۆشی بەجەرگ سووتاوان دەدەیت

خودایە ئاوا ئەوەی لە تەنگ و چەڵمەدایە و ڕێگەی لێ گیراوە و لێی قەوماوە بەتایبەتی (دڵگەش)ی خۆمان ڕزگار بکەیت و بەدایک و باوکی و کەسوکاری و بەگوندەکەمانی شاد بکەیتەوە»

ئا ااا میـ یـ ن یا ڕەبولعالەمین.

باوکی (دڵگەش) لەگەڵ دوعاکان فرمێسک ڕیز... ڕیز... گەرم گەرم دەتوت نیوەی خوێنە و نیوەی ئەسرینە لە دڵ و لە چاوان دادەبارێت و بەرەو ریشە قەڵەمییەکەی شۆڕ ببۆوە و بنی تەڕ کردبوو.

نوێژکەران ئەوەندە لە دووبارەکردنەوەی ئامین داهاتبوون و ئەوەندەیان گوتبۆوە وەک هەموویان یەک دەمیان هەبێ بەیەکەوە وتیان:

– ئا ااا میـ... ـیین

ئامینەکانیان لە بنی دڵیانەوە دەهاتە دەرێ، وەلێ ئامینەکەی باوکی لە هەموویان کاریگەرتر... بەجۆشتر... پەرێشانتر... بەگوڕتر... بریندارتر بوو. لە پاشاندا هەر نوێژکەر بوو بەناو بەفرەکەدا خەم و دوعایان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ماڵەکانیان دەبردەوە.

نوێژکەرەکان دوعاکەیان بەزاری خۆیان بۆ ژن و منداڵەکانیان بۆ باوک و دایکیان... دەگواستەوە و گێڕایەوە، مووچڕک بەگیانیاندا دەهات و خەمەکەشیان قەبەتر دەبوو؛ لە هەمووشیان خەم قەبەتر باوک و دایکی دڵگەش بوو کە بەهیچ جۆرێ ئۆقرە و حەجمانیان لەبەردا نەمابوو. بەوشەوە سارد و سڕە بەوبەفرە پێیەکیان هەر لە حەوشە بوو، ئەوەندەی لە ژوورێش بوونایە دەرکەیان هەر والا بەجێ دەهێشت، دڵیان سایەد بوو... گوێیان لە حەپەی سەگێک بوایە دەردەپەڕینە حەوشە و دەکەوتنە چاوەڕوانی، گەر لە ترسی خوایان نەبوایە بەم شەوە خۆیان لە خم و هەش هەڵدەکێشا.

نوێژی خەوتنانیش لە قاپی خودا ڕیزە نزا و پاڕانەوە و دەست بەرزکردنەوە وەک نوێژەکەی شێوان دووبارە کرایەوە و دەنگیان دەتوت لوورە لوورە لە مزگەوتەکەوە دەهات، پاش نوێژ و دوعاکان ڕێ و تەگبیریان بۆ بەیانی داڕشت.





ئەو شەوە باوکی وەکو ئەوەی چاوەکانی ژان و برووسکی تێ وەستابێ قەپات نەبوون، وەکو ئەو کەسەی لەسەر پۆلی ئاگریان دانابێ قوونی تۆتکەی نەدەگرت، جەرگ و دڵیش لەشیش درابوو ئەسرینی خوێناوی لە چاوەکانی دادەباری. خوێنیش لە دڵ و دەمارەکانی وەکو جاران شل نەبوو و بەئاسایی نەدەهات و نەدەچوو هەناسەشی سوار ببوو دەتوت برک لێی داوە. قەت شەوی لەکن ئەوەندە درێژ نەبووە، وای دەزانی لچکێکی شەو کەوتۆتە بن چیاکانی دەوروبەری گوندی و لێی نابێتەوە، ئەو شەوەیان نەژوور تۆتکەی پێ دەگرت نەحەوشەکەش، هەتا بەیانییەکەی وەکو حاجییان چۆن لە سەفا و مەروا گورگەلۆقەیانە هەر لە سەفا و مەروای ژوور و حەوشەکەدا بوو.

***

هێشتا چاوەکانت نەکردبۆوە هەستت بەپرمەپرمی ئاژەڵێک کرد، ترس غەلەبەی لێ کردی هەر لەسەر ئەو شێوەیەی کە لێی کەوتبووی زوو چاوەکانت کردنەوە چاوت ڕەشکە و پێشکەی کرد کە بەرچاوت ڕوون بۆوە یەکەم ڕوانینت لە کونی ساپیتەکە چەقی کە بەقەد قەوارەی ساجێکی نانکردن دەبوو، یەکسەر زانیت کە هەر لەوێوە خزاویتە خوارێ و بەفریش وەکو قەپاخ دەرکی کونەکەی داپۆشتبۆوە، ڕووە و پرمەکە سووڕایت چاوت بەبزنە شامییەک کەوت کە چەند هەنگاوێک لێتەوە دوور بوو، خۆی بەلای چەپەیدا خستبوو دەستی ڕاستەی شکابوو ئێسکی دیاربوو، گوێیە قوتیلەکانی شۆڕ ببۆوە دوو گوانی گەورە و پڕ یەکیان کەوتبووە سەر عاردی و ئەوی کەشیان تۆزێ لەبەرزایی وەستابوو، کاریلەیەکی سووربباویش بەدەوریدا لە هەڵزوقین و هەڵبەزدابوو، پێت وا بوو کە هەر چەند ڕۆژێک دەبێ لە دایکی بەربۆتەوە، ئینجا چاوێکت بەدەوروبەری خۆتدا گێڕا...بەچاو سەروبنی شوێنەکەت کرد لەبەر خۆت گرژیتەوە و وتت:

– ئەشکەوتی گۆڕینە؛ دیارە لە پێش مندا بزنە شامییەکە بەم کونەدا خزیوە بۆیەش دەستی شکاوە.

ئەمەیان مەزەندە و بۆچوونێکی خێرابوو جێی خۆی لەسەر خانەکانی مێشکت کردەوە.

پشوویەکت هاتەوەبەر، جووڵەیەکت کرد و دانیشتی تفەنگ و توورەگەی پشتت سەح کردنەوە، چاوت بەدەوروپشتی خۆتدا گێڕایەوە وەکو ماڵی خۆت شارەزای هەموو سووچ و کەلەبەرێکی بووی، لەپێشەخۆت وتت:

- ڕێگاکەم بۆ کورت کرایەوە.

سەرت بۆ کونی تاپێ بەرز کردەوە و دیسان وتت:

- دەبێ پارچە شاخێک بەردێکی گەورە بەحوجەجەت لێی کەوتبێ و ئەم کونەی تێ کردبێ!.

هەڵسایتەوە دارەکەی دەستت کە پەڕیبووە ئەولا هەڵت گرتەوە و بەرەو بزنە شامییەکە چوویت، لەپڕ شەقەی باڵی کۆترە کێویلکە ڕایچڵەکاندی، کە ئەوانیش لە ترسی خۆیان سرەوتیان لێ بڕابوو کە ئاوڕت لێدانەوە بەرەو دەرکی ئەشکەوتەکە کە هەر هەشت نۆ هەنگاوێک لێتەوە دوور بوو دەفڕین و تێیان تەقاندبوو. بەفر بەبارستاییەک لە دەرکی ئەشکەوتەکە هەستابوو سپی دەچۆوە.

قایشی تفەنگەکەت لەسەر خۆت ئاودیو کرد کە دانیشتی لە تەنیشت خۆتەوە داتنا.

سەیرێکی هەردوو چاوی بزنەکەت کرد، چەقۆکەت لە گیرفان دەرهێنا دارەکەی دەستت کە لەوە پێش وەکو داری دەست کوێران ئامێرێک بوو ڕێگات پێ سەح دەکردەوە بەپێی پێویست پارچەیەکت لێ بڕییەوە.

ئەم کارەی ئێستات لە باوکتەوە فێربببووی لەو کاتەشەوە کە هەڵدێرایت و قاچێکت شکابوو... لەگەڵیدا بۆ ڕووداوەکەی ئەو ساڵە گەڕایتەوە و هاتەوە بیرت کە قاچێکت شکستی هێنابوو:

«هێنامیانەوە دایکم زوو هەندێ ئاوی گەرم کرد و یەک دوو کۆنە کراسی تیلم تیلم کرد و تلیشە داریشی هێنا کە هەردەم لە ماڵێ حازر بەدەست بوو. چونکە باوکم مانگی یەک دوو دەست و قاچی دەگرتەوە دەبوایە





هەندێ شت لە ماڵێدا بێ... ئەوە شکستی ئاژەڵانیش لەولاوە بوەستێ؛ هەندێ پەمۆشی دانا چونکی باوکم هێلکە ناخاتە سەر شکست دەڵێ زیاد دەیگوشی و توندی دەکات، ناهێڵێ خوێن بەچاکی بێ و بچێ.

ژوورەکە پێنج شەش زەلامی تێدا بوو هەر یەکە لەسەر گرتنەوەکەی قاچم قسەیەکی دەکرد، باوکیشم بێ ئەوەی خۆ تێک بدات و لەسەرخۆ وتی:

- گوێم لە هەمووتانە وەلێ تەنیا بەگوێی خۆم کارەکە دەکەم.

باوکم لە ئیشی خۆی ڕازی بوو منیش لێی ڕازی بووم... خەڵکیش لێی ڕازی بوو... جگە لەوەی شکستیان لە گوندەکانی دەوروبەر دەهێنایە کنی، بۆ گوندەکانی دووریش دەهاتن دەیانبرد.

لێم هاتە پێشێ و دەستێکی بەقاچم داهێنا...

- ئەوەتە ئێرە شکاوە.

تەشتێکیان هێنا و قاچیان بەئاوێکی شڵەتێن و سابوونی ڕەقی جوان شوشت و وتی:

- پێویستە جێگەی شکستەکە کە دەبەسترێ جوان بشوورێت و خاوێن کرێتەوە، چونکە تا ماوەیەک نایەتە شوشتن... فایدەیەکی تریشی ئەوەیە گۆشتەکەی خاو دەبێتەوە بۆ ڕاکێشان ئاسانترە.

- شەرمەزارمان نەکەی لەگەڵ ڕاکێشانەکە ئۆف مۆف نەکەی.

ئەوەندە پەرۆشی ئەوەبووم کە قاچم تەواو ڕاکێشرێ بۆ ئەوەی کورت نەبێتەوە و شەلە نەبم پێم وت:

- خەمت نەبێ نایەڵم شەرمەزار بن.

باوکم وتی:

- یەکێکی بەتوانا بێت لە دواوەڕا باوەشی تێ وەرێنێ و بەرزەفتی بکات.

خۆیشی لە پێشمەوە قاچی ڕادەکێشام.

پێشتر دیبووم ئەوانەی دەست و قاچیان ڕادەکێشرێ لە حەژمەت ئێش و ئازاری ڕاکێشان ڕەنگی دەموچاوی چۆن دەگۆڕێ و لۆچاوی دەبێت،

دەموچاوی خۆم هاتە پێش چاو وەلێ ئۆفم نەکرد ... ددانەکانم قرساند و دانم بەخۆم داگرت، خۆڕاگرتن و ئای و ئۆف نەکردن بەیتاڵەکە سەرکەوتوو دەکات شکستەکەی بەزۆری لە دەست دەردەچێت، ئەوانەم هەمووی دەزانی، چونکە پێشتر دیبووم و لە باوکم گوێ لێ بوو.

باوکم لەگەڵ داکێشانی دەستی بەسەر جێگەی شکستەکەدا دەهێنا و دەبرد، دەمزانی مەبەستی دەست پێداهێنانەکەی چییە؟، شاگردیم کردبوو لە ئێشەکەی دەگەیشتم... دۆم بێ و کلاش بۆ خۆی بچنێ!؟

– بەری دە.

یەک لەدوای یەک هەناسەی ئۆخەم هەڵکێشا، ئەوجا پەمۆی بەسەردا گێڕا لەدوای وی چەند پارچە پەڕۆی بەدەوریدا گێڕا... جارجارە بەپەنجەکانی نەرمە گوشینێک دەیگوشی... ئەوجاکە تلیشە دارەکانی لە دەوری شکستەکە و لەسەر پەڕۆکان دانا و جوان... جوان... ڕێک بەستای.

ئەوانی ژوورەکە هەموو چاویان لە دەستی بڕیبوو، یەکێکیان خۆی بۆ نەگیرا و هەڵیدایە و وتی:

– دۆم بێ کلاش بۆ خۆی بکا.

پێشتر منیش ئەم قسەیەم بەخەیاڵدا هاتبوو... گرژییەوە... باوکم ڕووی تێ کرد و وتی:

– هەر ساڵێکی تەمەن ڕۆژێکی بۆ دابنێ تا یەکدی دەگرتەوە.

ئەم قسەشیانم زۆر لە وەستای خۆ بیستبوو.

گەلێ جار بەردەستیت دەکرد وەلێ هەتا باوکت ئامادە بوایە تۆ کاری بەیتاڵیت نەدەکرد، تا وەستا حازر بیت شاگرد جێگەی نییە.

بەچەقۆکە پارچە دارەکەت تلیش تلیش کرد نەتهێشت نووکی پارچە دارەکان بەتیژی بمێننەوە، سەری دۆخینەکەت لەناو شەرواڵەکە دەرهێنا و چەند داوێکت لێ ڕاکێشایە دەرێ و لەلای پارچە دارەکانت دانا، بەزانایی بەچەقۆکە هەندێ مووت لەسەر پشتی بڕی و ئەویشت لەکن دار و بەنەکە دانا، وەکو بەیتاڵەکان پێویستییەکانت لە بن دەستی خۆ نزیک کردەوە بۆ





تۆش کە هەر خۆتی و کەسێ نییە یارمەتیت بدات دەبێ هەر وا بێ: بزنەکە تێت ڕادەما و گوێیەکانی دەلەقاند پێدەچوو ڕەزامەندی خۆیت پیشان بدات.

دەرکی تەوورەگەکەت والا کرد و نانێکت لێ دەرهێنا بەبۆچوونی خۆت داتنابوو کە ئێستا نوێژی نیوەڕۆ بێت، برسێتیشت لە بیر نەبوو یان نەپرژابوویتە سەر ئەوەی بیر لە برسێتی و خواردن بکەیتەوە.

– ئا... دوایی بەشیری بزنەشامی نانەکە دەخۆم.

نانەکەت کردە دوو کەرت نیوەت خستەوە ناو تەوورەگەکە و نیوەکەی تریشت ورد کرد و لە پێش بزنەکەت ڕوو کرد.

دەستە شکاوەکەت گرت، کاریلەکەش بەدەورتانەوە لە خۆی هەڵدەدا و جارجارەش خۆی لە گوانی دایکی نزیک دەکردەوە، وا پێدەچوو بیر لە ژەمی نیوەڕۆکەی بکاتەوە.

دەستێکت لە خوار ئەژنۆی و سەرووی شکاوییەکە گرت بەدەستەکەی تریش خوار شکاوییەکەت گرت، دەستەکانت پێچەوانەی یەکتر ڕاکێشا دەتویست بەم ڕاکێشانە ئێسکە شکاوەکە بگەڕێنیتەوە دەم یەکتری و ترازانەکە نەهێڵیت، کەیفت بەخۆت دەهات و وتت:

– بریا باوکم چاوی لێم دەبوو! چۆن بەیتاڵێکم!؟

دەستی سەرەوەیانت بەردا بەشوێن شکاوەکەت داهێنا لەبن دەست و پەنجەکانت زانیت نەچۆتەوە جێگەی خۆی، پێویستی بەڕاکێشانی زیاتر هەیە، بە لە خۆ ڕازی بوونێکەوە لە پێشە خۆت وتت:

– دەتوانم شکستی ئادەمیزادیش بگرمەوە و نەیەڵم سەقەت بێ!

پێش ئەوەی دەستت لە شوێنەکەی جاران توند کەیت، دەستت بەنێو هەر دوو چاویدا هێنا، وەکو بتەوێ دڵنیای بکەیتەوە و نیشانەی لەخۆ ڕازیبوونیش بوو. قاچیت ڕاکێشایەوە خۆت بەخۆتت وت:

«کەمێکی کەش... کەمێکی کەش» ئەمەت بەدەنگێکی ئاشکراوە وت.

سەیری ناو چاوی بزنەکەت کرد، دەستت بەشوێنی شکاوەکەدا هێنایەوە

لێی ڕازی بوویت.

– بەیتاڵ بۆ ئەوەی شکستەکەی لە دەست سەقەت نەبێ، نابێ بەزەیی بەبەردەستەکەی بێتەوە.

بەدەستی ڕاست هەردوو جەمسەری شکاوەکەت توند گرت، خۆت بۆ گوانی بزنەکە درێژ کرد، گوانی سەرەوەیت پڕ بەدەم گرت و مژیت، ناو دەمت پڕ لە شیر کرد، ئەتەمەکانی تامکردن تامی شیرێکی چەور و خۆشی گەیشتێ، لەو دەماندا بیرت بۆ ئەو سەردەمانە گەڕایەوە کە یەکەم جار گۆی مەمکی یارەکەت مژیبوو.

دەستم برد مەمکی ڕاستەییم لە یەخەی کراسەکەی دەرهێنا، گۆیەکی بچکۆلەی مەیلە و سوور... بازنەیەکی مەیلە و قاوەیی خەرمانەی بەدەوری گۆی مەمکیدا بوو کونیلەی ورد پێیەوە دیار بوو تووکە حەرامەیەکی مەیلەو زەرد لە دەوری خەرمانەکە دیار بوو.

– دەڵێی منداڵی مەمکم دەمژی.

لەزەتێکی ئەوەندە خۆشم لێ کرد دەمم پڕ بوو لە ئاو، بۆنی سنگ و بەرۆکی... بۆنی لەشی، بۆنی خەناوکەی مێخەک و سمڵ و مەڵحەم هێندەی تر مژینەکەی بەتام و خۆش کردبوو. تێرم مژی خستمەوە ژووری دەستم برد مەمکی چەپەیم گرت و گوشیم ویستم بیهێنمەوە دەرێ و نازدار بەنەرمییەکەوە وتی:

– بەتەماح مەبە، ئەمەیان بۆ ژوانی جارێکی کە.

دەمت هێنایە سەر شکستەکە و شوێنی پێستە دڕاوەکەت پێ جوان چەور کرد و دەستت بۆ پێدا دەهێنا.

مووەکەت ڕێک بەدەوری شوێنی شکاوەکە لوول کرد، پاشان تلیشە دارەکانت دابەش کردە سەر مووەکە و دەوری شوێنە شکاوەکەت پێ گرت... ئینجا داوەکەت چەند جار بەدەور تلیشەدارەکان و مووەکەدا سووڕاندنەوە لە سەرەوە بۆ بنەوە لە خوارەوەش بۆ سەرەوە، بەشێوەیەکی وات بەستا کە ڕێگە لە هاتوچوونی خوێن نەگرێت، کە لێبوویتەوە بۆ دڵنیاکردنەوەی





دەستت بەنێوچەوانیدا هێنا و وتت:

– تەواو بووین، پاش کەمێکی تر خۆش کاتەوە لە قیلمقاسێت دەکەم و دەتبەمەوە گوندی، دەتدەمەوە دەست خاوەنەکەت.

کاتی خۆی باوکت چەند جار دەربارەی ئەو بزنە شامییانە قسەی بۆ کردبووی:

بزنە شامی ماوەیەکی دوور و درێژە بەهۆی ماڵە چەلەبییەکانەوە لە ڕێگەی سعوودییەوە گەیشتۆتە لای ئێمە، لە پاشاندا مەڕدارەکان خدوویان دەکەوێتە سەرێ و کەم کەمە دەکەوێتە بازاڕ و وەچەی زۆر دەبێت و بەوڵاتدا تەشەنە دەکات. لە دەڤەرەکەدا دوو جۆریان لە هەموویان بەهەرمێنترە، شامی و سووریایی، شامییەکەیان پتر ناسراو و بڵاوە، لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا هەرمێنی لە بزنەکانی خۆماڵی چاکترە، شیریان زۆرترە، ڕۆژانە شیری لە دوو کیلۆ تا سێ کیلۆی دەبێ، قورسایی کەلەشیشی خۆی لە (٤٠-٥٠) کیلۆ دەدات. ڕەنگیان سوور و دبسیشیان پێ دەڵێن... بەڵەک و... سپیشیان هەیە.

سەری خڕە و چاوەکانی شینە، گوێیەکانی کورت و بەل و باریکە، بەزۆری مووی لەشی کورتە، تەنیا سەر پشتی و دامێنی مووی کەمێ درێژ دەبێتەوە، قەپۆزی خڕە لچ و بەرغەبابەی کورتە، کەپوو کووڕ کلکیشی کورتە.

نێرییەکەی کەلەش و سەر و کەللەی لە بزنەکە گەورەترە، گەر ساڵی خۆش بێ ئالیک و لەوەڕی چاک بێ ساڵی دوو جار دەزێ و دوو کار و جارجارە سێیان دێنێ کەم وایە یەک کاری ببێ.

کارەکانیان جسنێ بە دوو سێ سەعات یا دانێک بەسەر پێیان دەکەون و بە دوو ڕۆژان بەگەڵ دایکی دەکەوێ بە چل ڕۆژانیش دەکەوێتە سەر لەوەڕ، زۆر بەرگەی سەرما ناگرێت، بۆیە کەمتر لە ناوچە شاخاوییەکان بەخێو دەکرێن، ئەگەر هەبوو دەبێ لە سەرمادا جلی بۆ بکرێ تا بەرگە بگرێت.

بزنە شامییەکەیان لە جۆری سووریاییەکە بازاڕی خۆشترە مێگەلدارەکان

پتر تالیبی شامییەکەن، گوانی لە بزنی خۆماڵی گەورەترە زۆر وا دەبێ لەبەر درک و دار دەخرێنە ناو کیفکێکی پەڕۆییەوە.

دەتزانی دوو ماڵ لە گوندەکەتان لەناو مێگەلەکەیاندا بزنە شامییان هەیە، یەکیان مێگەلەکەی خدە شوانە ئەوی کەشیان ماڵی حەمە بۆرە.

وات مەزندەکرد دەبێ لەبەر سەختی ڕۆژەکە و لە ئان و ساتی بەفرەکەشدا لە مێگەلەکە دابڕابێت و هەڵەتە بووە و شوانەکەش پێی نەزانیوە و هەر لێرەش زاوە.

– دایە ئیمرۆکە بۆ بێژینگ منت ناردە ماڵی گوڵێ دیتم لەسەر سەکۆی حەوشەکەیان خۆی جۆنیانی فڕێ دەدا، نەجارێک و نە دووان هەر دووبارەی دەکردەوە... دایکە بۆ وای دەکرد!؟

– کوڕم ئەوە ویستیتی سکەکەی لەبار ببات.

– ئینجا ئاوا سکی لەبار دەچێ!؟

– هەموو ساڵ خوا منداڵێکی دەداتێ خوا پێی ناخۆش نەبێ هەیە بۆی سووتاوە نایداتێ هەشە نایەوێ هەموو ساڵێک منداڵەکی دەبێ... ماشەڵڵا کۆشێ منداڵی هەیە، مێردەکەشی تەوەزەل و دژە ئیشە.

ئیشکەر و نان پەیداکەر هەر گوڵێیە، ناچار بووە بارەکەی خۆی سووک بکات.

قاڕینی بزنەکە لە ڕابردووی داپچڕی... کە دیقەتت کرد کارەکەی دایکی دەمژێ، تۆش کەرتە نانەکەت لە توورەگەکە دەرهێنا و کەوتیتە خواردنی.

دەیەها جار لەگەڵ هاوڕێکانت درێژ و پانی ئەشکەوتت هەنگاو هەنگاو پێوایە، دەرکی ئەشکەوتەکە کە ڕووی لە ڕۆژ ئاوایە بەهەنگاوی ئاسایی خۆت پێنج هەنگاو بووە، شوێنەکەی قایم و سەختە لە خوارێڕا گەر سەیر کرابوایە دەتوت کونە لووتی چیایەکەیە ڕەش دەچۆوە، درێژییەکەی خۆی لە سی هەنگاو دەدا، پانایییەکەشی لەو شوێنانەی کە سکی بەملاو بەولادا ڕۆیشتبوو دەگەیشتە هەشت هەنگاو، سابیتەکەشی سەرلەبەرخۆی لە سێ بەژنە زەلام دەدا تەنیا ئەو شوێنەی نەبێ کە کونەکەی تێ کەوتبوو لە هەموو





شوێنێکیدا نزمتر بوو کە لە سێیان کەمتر و لە دووانیش زیاتر دەبوو.

زۆر جار کە گوندەکانی دەوروپشتی هێرشیان بۆ کراوە و لێیان قەوماوە؛ پەناو پەسێویان... پشتیان... داڵدەیان هەر ئەشکەوتە مراز بووە، وەک دایکێکی بەوەفا و دڵسۆز و قارەمان لەهەناوی خۆیدا هەڵیانی گرتووە... شاردوونییەتیەوە، بوێرانە داڵدەی داون ورەی بەبەر هێخستوونەتەوە و نەیهێشتووە دوژمن زەفەریان پێ ببات.

چەند جار لەگەڵ هاوەڵە ڕاوەچییەکانت شەوتان تێدا بەسەر بردووە ئێستاش شوێنی ئاگرکردنەوەتان هەر دیارە و دەور و پشتەکەشی ڕەش دەچێتەوە، ئەو مێخ زنجیرەی کە بەدەستی خۆت لە شاخەکەت کوتا کە حەیوانە کێویتان دەکوشت بەو سنگەتان وەدەکرد و دەرتان دەهێنا و ناو سکیتان پاک دەکردەوە، لە پێش هەموو شتێکیدا سی و جگەرتان لێ دەبرژاند، ئەو سنگە هەر ماوە.

هەنگاو بەهەنگاو ناو ئەشکەوت وەکو ماڵەکەی خۆت شارەزا بوویت، ماڵی کێوی خۆت و هاوەڵەکانت بوو.

لەبیرتە کە مێرد منداڵ بوویت و لەدوای ئەویشدا، بۆ کابرای شاری بەکرێگرتە لەگەڵ کەسانی وەکو خۆت و گەورەتری گوندەکەتان دەهاتن لۆکس پێدەکرا چەند ڕۆژان جیقنەی شەمشەمە کوێرە و باڵندەکانی ترتان دەماڵی و کۆدەکردەوە، وەکو جۆخین هەڵتان دەدایەوە، چونکە هەزارەها بگرە پتریش لەشەمشەمە کوێرە و کۆتر و کێشکە و خەرتەل و باڵندەی تری تێدا حەوابۆوە و هێلانە و هەواریان تێدا خستبوو، پاشان لە فەردانتان دەکرد و بەپشتی وڵاخ دەتانبردە خوارێ و لە لۆریان بار دەکرا و بۆ شاریان دەبرد، گوایە بۆ ڕەز و باخی کابرای شارییە.

وەختی خۆی چەند سیخوڕتان تێدا ڕاوکردووە، دەرکی ئەشکەوتەکەتان تەڵەڕیز دەکرد و بەخۆڵەپۆک داتان دەپۆشی و هەندێ تەڵەی تریشتان لە ژوورەوە بۆ حەشاردەدا، ئەگەر لەوانی دەرکێ قورتار بن تووشیان بەتەڵەکانی ناو ئەشکەوت بێت، خۆشتان لە بۆسە دەنا و هەست و

خوستتان لەخۆ دەبڕی.

سیخوڕتان لێ گرتووە هەشت کیلۆ گۆشت تا دوازدە کیلۆی بووە، پەڕی سیخوڕەکانتان ئێستاش لە ماڵێدا لە کونی دیواری خانووەکەتان بۆ جوانی هەڵگرتووە، کاتێ خزمانی شاریتان دەهاتن زۆریان پێ سەیر بوو، چونکە هەندێکیان نەیاندیبوو تەنیا ناوی سیخوڕیشیان نەبیستبوو، جارێکیان یەکێکیان لێی پرسی:

دڵگەش دەڵێن سیخوڕ پەڕ دەهاوێت.

تۆش پێکەنی و تێت گەیاند کە شتی وا نییە، وەلێ چونکە سەری پەڕەکان وەکو شووژن تیژن، کە یەکێک بیەوێ ڕاوی بکات، سیخوڕیش وەکو هەموو گیانلەبەرێک بەرگری دەکات و خۆی بەدەستەوە نادات، ئینجا ئەگەر خۆی بەیەکێک دادا ئەوە پەڕە تیژەکەی لە شەرواڵی یا گۆشتەکەی دەچەقێ و بەجێ دەمینێ خەڵکەکە وا دەزانن هاوێشتیتی، لە ڕاستیدا لە کاتی خۆپێدادان لە لەشیان دەچەقێ.

– ئێستا زانیم کە ڕۆیشتمەوە هەندێ لە پەڕەکانی سیخوڕ بۆ هاوڕێیەکانم دەبەمەوە، پێشیان دەڵێم لەگەڵ هاوڕێیە گوندییەکان چوومەتە ڕاوە سیخوڕ و کوشتوومانە.

لە پڕ قولاغ بوویت و چاوت بۆ ئاستی کونەکە بەرز کردەوە هەستت بەلرمەلرم... ترپ و هۆڕ... خوڕەخوڕ... ورشەورش... هاژەهاژ کرد، یا عاردە خۆی لە چیا و شاخ و زوورگ دەکاتەوە و جەڕ و مەنگەنەکانیشی ساڵەهایە ویشک و بریشک بۆتەوە و ژەنگ لێی داوە زریکە لە نێوانیان هەڵساوە. ئاوڕت لەدەرکی ئەشکەوتەکە دایەوە، شەمشەمەکوێرە و کۆتر و کێشکە و کلک مەقری و باڵندەکانی تریش سەریان لێ شێوابوو دەستیان بەفڕەفڕ کرد، وات دەزانی ڕەوە بەرازە یا ڕەوە ورچ یا گاڕانی دەڤەرەکەیە بەسەر ئەشکەوتەکە و بەناو بەفرەکەدا ڕاوەدووی یەکتریان ناوە، یان ڕاویان دەنێن، یاخود شەمەندەفەرە و زرمەی بەعارد هێخستووە یان فڕۆکەیە و دیسان قڵیشاوەتەوە و ئەشکەوتەکە و دەوروبەرەکەی بۆمباباران... ناپاڵم





باران دەکات.

بیر و هۆشتی بۆ ئەو ساڵە بردەوە کە لە ترسی هێرشی فڕۆکە و جاش و جەیش خەڵکی گوندەکەتان و ئەو دەوروبەرەی کە ڕووی هێرشەکەی لێ بوو زۆربەی ژن و پیاوە جاحێڵەکان و منداڵەکان لەو ئەشکەوتە خۆیان حەشار دابوو، لەوەپێشیش لەبەر پێشهاتەی ئەم کارەساتانە هەندێ لە زەخیرە و تفاق و نوێن و پێویستی تر لەوێ داندرابوو.

ئەشکەوتەکە هەناوی خۆی بەش کردبۆوە وەکو دایکێکی خۆشەویست کە باوەشی بۆ جەرگی خۆی دەکاتەوە ئەو خەڵکەی لە هەناوی خۆیدا حەشار دابوو باڵی ئارامی بەسەردا هێنابوون، ڕۆژی حەشر چۆنە ناو ئەشکەوتەکە ئاوابوو، نەخۆش... ترس... زاقوزیقی منداڵ... بۆیری تێدا دەبینرا و دەست دەکەوت، ئەو کاتانەی بۆمبابارانیش دەکرا ئەوە مەپرسە لە ژوورێدا چ دەقەوما، دەتوت سکی پاکردووە و جینگە و فینگەی لێوە دێت، هەندێ تینوویان دەبوو هەندێ میزیان بەخۆدا دەکرد... ژنیش هەبوو لەگەڵ ڕمبەی قونبەلە و ناپاڵم و ترس بەری دەهاویشت.

هەر چەند لە دەرەوە هاژە... ورشە... زرمە... خڕە... خشپە دەهات لەدڵی تۆشدا خرپە... ترپە... شڵپە هەڵدەستا، ڕووەو تفەنگەکەت چوویت دەستت لێ گیر کرد خۆت بۆ هەموو ڕووداوێکی کتوپڕ ئامادەکرد... کارەکەش هەستی بەمەترسی کردبوو لە دەوروپشتی دایکیدا خپ ببوو، بزنەکەش قوتەقوتی بوو گوێیەکانی دەجووڵاندەوە، هەستت بەجووڵانەوەی بای دەوروپشتت کرد، دەتوت عارد لە بن پێیەکانت دەلەرزی، غەڵبە... خشپە... لرمە... زرمە... قرچە... خشە... هاژە... ورشە دەهات، لە ناوەوەش شەمشەمەکوێرەکان و تەیر و تواڵەکانی دی سەکەنات و حەجمان و ئۆقرەیان بڕابوو، هەندێکیان لە فڕینی ئەو ڕووبەرە تەسکەدا بەیەک دەکەوتن یا لە حەژمەتاندا خۆیان پێت دادەدا یا بەیەک دەکەوتن، دەتوت ڕاداری هەستیان خاڵێکی ترسناکی پیشان داوە هەر ئەوەندەت زانی سەدای خشپە و لرمە و زرمە و خشە و هاژە و قرچە و ورشە ورش و غەڵب غەڵبە بەرەو دەرکی

ئەشکەوتێ دەهات وات زانی نغرۆ بوونە یا تۆفانێکی کەیە لە شێوەی تۆفانەکەی حەزرەتی نوح پێغەمبەر، مەلاکەتان گەلێ جار باسی لەوە کردبوو کە هەندێ لە نیشانەکانی دنیا خراپ بوون هاتیتە دی دیارە دنیا خرابوونە، قیامەت داهاتنە دنیا تێکچوونە و ئەها!؟

لە ترسان و لە خەفەتان کەوتیتە خۆ دواندن:

– ئەوجا دەبێتە ڕۆژی حەشر و حیساب، کاتی خۆشی لە کتێبەکانی حوجرەی مزگەوتێ خوێندبووم ئێستاکەش دەبێ باش خۆ ئامادە بکەم بۆ ئەو پرسانەی کە دوو فریشتە بەشان و شەوکەتەکە لێمی دەکەن و دەبێ بەزمانێکی ڕاست و ڕەوان و بێ گرێ وەلامیان دەمەوە... دنیام چوو با قیامەتەکەم نەدۆڕێنم. هەروەکو لەسەر دنیایێ لە کاتی ناشتنی مردوو و تەلقینی گوێم لێ بووە و لێم دەپرسن و پێم دەڵێن:

خواکەت کێیە و ئایینت چییە و پێغەمبەرت کێ بوو و لەسەر چ بیروباوەڕێک مردی.

بەزمانێکی ڕاست و ڕەوان و بێ وەستان و گرێکردن دەڵێم:

– ئەڵڵا خوامە و ئایینم ئیسلامە و محەمەد پێغەمبەرمە و قورئان ئیمام و کتێبمە و کابە قیبلەمە و نوێژ فەرزمە و برای موسڵمان برامن و خوشکی موسڵمان خوشکمن ئیبراهیم باوکمە و من ژیام و مردم لەسەر گوفتی «لا إله إلا اللّه محمد رسولُ اللّه».

یا چیاکانن لە عاردی بوونەتەوە و غلۆر دەبنەوە یا ئەشکەوتەکە ڕووچووە و بەقوولایی ناخی عاردی چووەتە خوارێ و دەبتە قەبرت، یا ترازانی شتە ئاساییەکانە، پێشەوەی ڕۆژئاوابێ شەوت لێ داهات، شەوی دەیجوور... تاریکییەک قەت لەوەپێش خۆر و ئەلەکتریکی نەدیتبێ. وەک یەکێکی پاڵەپەستۆی خوێنی دابەزیبێ یەکسەر لە شوێنەکەی خۆت دانیشتی، خۆ نەکردی و بێ ئاگا لە خۆت دەستت خستە سەر پشتی بزنەکە، نەتدەزانی لاواندنەوەی ئەوە یا ترس لەخۆ دوور هێخستنەوەیە، دەست دانانە سەر پشتی بزنەکە نەیهێشت بڕەویتەوە و ڕانەپەڕی...





ترسی ڕووداوەکە هەستی لەبەر بڕیبووی، شەمشەمەکوێرەکان... باڵندەکان خۆیان پێت دادەدا، بەیەک دەکەوتن و تەپەیان دەهات، سەریان لێ شێوابوو بەئاسمانی ئەشکەوتەکە داسەکنان و حەوانەوەیان نەمابوو... سەرەدەرت لە هیچ دەرنەدەکرد، بەمەبەستی پاراستنی دەموچاوت بەجەمەدانیەکەت سەرت داپۆشت.

غەڵبە غەڵب و ورشە ورش و هاژە و هێرشەکەی سەرەوە کپ بۆوە فرە فڕی ژوورێش وردە وردە هێور و هێمن دەبۆوە، خرپە و ترپەی لێدانی دڵت هێشتا ئاسایی نەببۆوە، چونکە نەتزانی چ ڕۆژێکە تووشت بووە چ ڕۆژێکە تێی کەوتی چ ڕۆژێکیش چاوەڕێتە. سەرت لێ دەرنەدەچوو چونکی لەوەتەی هەی تا ئیمڕۆی حازری شتی وات بەدوو چاوی خۆت نەدیتبوو نەشت بیستبوو.

نەتزانی چیت لێ قەوماوە و چت بەسەرهاتووە دەوروبەرت بۆتە تاریکستان چاوەکانت هیچ نابینی، تۆزێک پێش ئێستا چاوەکانت جوان جوان دەیبینی ڕەش و سپیت لێک جودا دەکردەوە، کەوتیتە گومان لەخۆ کردن و لەبەر خۆتەوە وتت:

– تۆ بڵێی چاوەکانم ڕۆشنایییان نەمابێ، یا شەمشەمەکوێرەکان چاویان دەرهێنابم و پێم نەزانیبێ، خواردبیان و هەستم پێ نەکردبێ بڵێی گازیان لێ گرتبێ جنجڕۆکیان لێ گیر کردبێ... بردبیان.

نەتدەزانی چاوەکانت کراوەتەوە یا قەپاتن، چووقاون یا کراونەتەوە دیارە برووسکێکی خوایی بووە تیشکێک بووە هێزێکی نهێنی و شاراوە بووە لە پڕ هات و لێرە و لە دەرێ ئەوی هاتۆتە پێشێ و کەوتۆتە بەرێ ڕاپماڵیوە داپماڵیوە و ماشتوویەتی، دار و بەرد و چاو و هەموو شتێکی لەگەڵ خۆدا بردووە.

پێت ساغ نەبۆوە دەستت بۆ چاوی ڕاستەت برد، دەستت لێدا هەڵت پشافت برژانگی پێڵووەکانت گرت، گواستەوە بۆ چاوی چەپەت دەستت لە برژانگی دا پێڵووت گرت هەڵت پشافت.

– ماون و ساغ و سەلیمن، ئەی باشە بۆ پێیان نابینم؟

ملت بەمــلاو بەولادا ســووڕاند هەر تاریکییـــە و تاریکی... ڕەشــە و ڕەشایەتی، عەجەب تاریکە شەوێکە و ئەستێرەی تێدا نییە... لە جێگەی خۆت قـیت بوویتـەوە وەکـو مـزراح لە کـاتی خـاوبوونەوە بەدەوری خـۆتدا سـووڕایتـەوە یان بێ هەست پێکردن لەبەر بارە دەروونییـەکـەت بەدەوری خـۆتدا خـولایتـەوە... لەمــلایان بۆ لاکـەی تر، لەولایانەوە بۆ لایەکـەی تریانەوە.

– تۆ بلێی خەون بێ... یا دنیا خرابوونە و ڕۆژی حەشرە و پێم نەزانیوە، ئەی ئەوە نییە دەستم دەجوولێنم... نەخەونە و نەخەیاڵ.

لە پێشەخۆت ئەمەیانت وت.

وەختی خۆی چەند جاران بەهەنگاوەکانت دەرکی ئەشکەوتێت پیوابوو کە پێنج هەنگاوی ڕەبەق بوو... نەدەرکە ماوە و نە ڕووناکیشی ماوە.

– باشە دەبێ تێکچووبم! دەبێ ئەجندە دەستیان لێ وەشاندبم، ئەدی من لەناو ئەشکەوتە مراز نەبووم، ئەدی ئەوە هەناسە و پرمەی بزنە شامییەکە نییـە، قاچی نەشکابوو بۆیم گرتەوە، ئەوە قارینی کارەکە نییـە؟ بلێی هەموویان ئەجندە بن! ئەی نەخزام و نەکەوتمە نێو ئەشکەوتەکەوە باشە کوا دەرکەی؟!

یەک دوو جــاری تریش بەدەوری خــۆتدا ســووڕایتــەوە، نە دەرکــە... نە ڕووناکی!... ڕاست و چەپی خـۆشت لێ تێکچـوو... پاش و پێشت لێ بزر بوو ئەم تەنیشـتە و ئەو تەنیشتت نەناسییەوە، لێت ئاڵۆز بوو باراشێکت لێدەکرد ورد و درشتی دیار نەبوو لەم تێکەولێکەیە دابوویت باڵندەیەکی لە خۆت سـەرلێشـێواوتر خۆی بەسینگی دادای و لەخۆت هەڵدا و دەنگی دەنکەکـانی شقارتەکـەی گیرفـانت بیست، خێرا دەرت هێنا و دەنکێکت بەکبریتی شقارتەکەدا خشاند تریسکەیەکی مردووی کرد و هیچ، جارێکی کەش لە پێشوونەیان مردووتر دەرچوو... دەنکێکی کەت لێدایەوە، ئاگر تا توورە نەبێت گڕ و بلێسەی خۆش نابێت شقارتەکەی تۆش شێی هەڵێنابووە درەنگ گرتی کە گرتیشی توانای لە چاو بچووکییەی بەهێزبوو بۆ چەند چرکەیەک تاریکییەکەی قاو دا و دری پێ دا، چەند دەنکێکی کەشت لێدا





تەواو تێگەیشــتی و چاک حــاڵی بووی کــە هەرەسی بەفــرەکــە دەرکی ئەشکەوتی لێ قەپات کردووی.

ئێستا زانیت ئەو گرمەوهۆڕ و هەرایەی دەرەوە چی بووە، ئێستاش هۆی ئەو دڵە ڕاوکێیـەت بۆ ئاشکرا دەبێت توومەز هەستی شەشەمت پەی پێ بردبوو بۆیە چێشـتـەنگاو کـە لە مـاڵێ دەرچوویت حەزت دەکرد یەکێک بتگێڕێتەوە و ڕێی دەرچوونت لێ بگرێت، وەلێ نەشت دەزانی مەسەلەکە چییە و چ ڕوو دەدا لە کوێ و لە چ ئان و ساتێکدا لێت دەقەومێ.

جیـاوازییـەکت نە دەدیت لە قـەپات کـردن و کـردنەوەی چاوت، هەر تاریکی و هەر ڕەش و ڕەشـایەتی هەتا دووربشت دەڕوانی تـاریکییـەکـە ڕەشتر و خەستتر و پەیتتر دەبوو... هەر شەو و هەر شەو ناشزانی کەی و چ وەخت ڕۆژت لێ هەڵدێتەوە. لێت بووەتە شەوەکەی (حەمدی)[(٢)] کە هەر جار لە حوجرە لەگەڵ هاوڕێیە فەقێیەکانت کە زۆر جار باستان دەکرد و مشتومڕتان لەسەری بوو کە دەڵێ:

«بێ سـەر و سـامـان عـەجـەب دەریایەکی شـەو
ڕۆژی ڕەش بێ دۆزەخێکی مـوددەتی هیـجرانە شەو
کـردەوەی دنیـاکـە هەر عـەیبـە دەبێ داپۆشـرێ
پەردەیەکی موختـەصـەر خاصی بەشەردا دانە شەو
ڕۆژی کـردە پەردەوە باقڵ لە باخـان مـانگی کـرد
بۆیە وا وەقتی زەفافی ئەکتەری بووکانە شەو»

لە ڕۆژە ڕەشی ئێستـات هەر ئەوەندەت بۆ جەم کرا و پێت وترا و هاتەوە بیرت چونکی بەبیر هاتنەوەیان لەم شوێنە تاریکەدا دڵی پڕ کردی.

لەناو تاریکییـەکەدا خاڵی سەیر سەیر و نەخشی (کامەلایی)[(٣)] و شتی عـاجبـاتی نەخشکاری سێگۆشە و چوارگۆشە و درێژۆکانی دەهاتن و

(٢) حەمدی شاعیر دیوانی حەمدی لاپەڕە ٧٧

(٣) (کامەلایی) مەبەست (محەمەد عەلی کامەلا)ی نەجارە کە (صندوق)ی دروست دەکـرد نەخش و نیگاری سـەیر و ڕێک و جـوانی بەبۆیاخ دەنەخـشـاند باوکی هونەرمەند (دارا)یە.

دەڕەوینەوە و یەکتریان دەخواردەوە. لە هەناویشتدا بیرۆکەی سەیر و نادیار... ملۆزمێک لەو تاریکییە ڕەشتر و بزر خۆی تێ ئاڵاندبوویت، وەکو نەخۆشێک لەرز و تای لێ هاتبێ لە قووڵایی هەناوتەوە لەبنی دڵتەوە هەستت بەتەزوویەکی سارد کرد نەتزانی لەرزی گرانەتایە تیفۆیە چییە تووشت هاتووە!؟

لەناو ئەو تاریکییەدا کە دەتوت تاریکی بەرمیلێکی ڕەشی قەترانی تەسک و تریسکە هەستت لەخۆ ڕاگرت بەخۆتت وت:

– هەی لەمنت نەکەوێ، پیاو یەک جار دەمرێ! کوڕ ئەو کوڕەیە لە تەنگانەدا دەرچێ!؛ پیاو ئەو پیاوەیە بزانی لەشەوی تاریکدا چۆن هەنگاو بنێ؟ ئەدی قەدیمان نەیانگوتووە «ئەگەر کوڕ هەبێت شەوی تاریک زۆرە» دیارە «شەو قەڵای مێردانە» تفەنگە پێمە، چەند نانێکم پێیە، شیری بزنە شامیم بەسە نانەکەشم تەواوبێت بەشی کارەکە و منیش دەکات تا ئەو حەلەی خودا دەرکەیەکمان هەر لێ دەکاتەوە، خودا ئەگەر دەرکەیەک لەسەر بەندەی خۆی دابخات چەندەها دەرکەی تری بۆ دەکاتەوە، خوا کڵاوی بۆ بەڕووش کردووە.

لە تەنیشت بزنەکە دانیشتی دەستت بەپشتیدا دەهێنا و دەبرد وەکو ئەوەی بتەوێ پێی بڵێی لەگەڵتم... لەگەڵتم، کارەکەش ئەو دەمە یەک دوو جار قاڕی وەکو ئەوەی ئەویش پێتان بڵێ منیش لێرەم و لەگەڵتاندام.

نەتدەزانی چەند بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیبوو بۆت خورد نەدەکرایەوە، ئەوەی چاک دەتزانی ئەوەبوو کە لە ماڵ دەرچوویت چێشتەنگاوبوو، بەتەمای ئەوەندە دوورکەوتنەوە و دواکەوتن نەبوویت. نەشت دەزانی ئێستا چ وەختە، ڕۆژئاوابووبێ یا ئاوا نەبووبێ لەکنە تۆ دەمێکە ڕۆژ ئاوابووە، دەبێ وەکو کوێران هەڵسوکەوت بکەیت... کوێرانە هەنگاو بنێیت... پێویستە دەست بەشقارتەکەوە بگریت، چونکە سەر سەدەت لێ دیار نییە، دەڵێن ئەگەر خراپ هەیە خراپتریشی بەدوادا هەیە، تا ڕزگار دەبیت یان ڕزگارت دەکەن دەبێ دەست بەشقارتەکەوە بگریت، چووزانی چەنێک





دەمێنیتەوە کێ دەڵێ تووشی شەوانی تاریکتر... ڕەشتتر نابیت. ئەوەت بەبیردا هات هەوڵدەیت بزنەکە تێرکەیت، تێرکردنەکەی بەخێروبێر بۆت دەگەڕێتەوە، تا ئەو تێربێت تۆ و کارەکە لە برسان نامرن. ئەوەندەی شیر دەبێت کە پشکی هەردووکتان بکات، ئێستا سووتەکە تاژییەکەت لەگەڵ خۆدا نەهێناوە، هیچ نەبوایە کە بەتەنیا دەگەڕایەوە گوندی شتێکی لێ حاڵی دەبوون، یا ئەوەتا لە دواتدا دەکەوتە خوارێ و فەرامۆشیت پێ دەهات یا بەدیار زیندانەکە وەردەکەوت هەر هەڵێکیشی بۆ بڕەخسایە بەهانات دەگەیشت... گەلێکت خزمەت کردووە، ڕۆژانی سارد و سەرما جلت دەکرد و نەتدەهێشت سەرمای بێت، ئێسقانە مریشک و پەلەوەرت بەخەسار نەدەدا، دەروجیرانیشت بۆی ڕاسپاردبوو.

قەرێتەکەی ملی بەقایشی قاوەیی و قۆچپەی زەرد نەخشێنرابوو لە شار لای قایشدروو بەتایبەتی بۆت بەڕادان دابوو، ئەلقەی ڕستەکەی تەکە تەکی دەکرد، شەوانی ساردی زستان کات بۆ فەرش دەکرد، لە دوای ڕاوکردن پشتت چەور دەکرد، هەر چوار پەلیشیت لە خەنە دەگرت تا بن پێیەکانی تورت و قایم بن.

لەپێشەخۆت کە چاوت حەشتەبای نەدەدەیت و لەناو تاریکییەک پەستrابووی مەگەر لە خەوناندا ئەو تاریکییەت دیتبێ و لە حەژمەتان دەستت بەخۆ دواندن کرد:

– ئەگەر نازدارەکەم لەگەڵدا دەبوو خەمی هیچم نەدەخوارد، تاریکستانی ئێرەم لێ دەبووە بەهەشت و نازداریش دەبووە حۆری و بێ ترس و لەرز هەر دەست لەملانی دەبووم. خۆ ئێمە کە دەگەیشتینە یەکتر تێر قسە نەدەبووین و لێک تێر نەدەبووین! لێرە تێر قسە و تێر... دەبووین تامەزرۆمان لە زۆر شت دەشکا تۆڵەی کەم بەیەکگەیشتنمان دەکردەوە.

– مەمکی چەپەم بۆ ژوانی جارێکی کە.

گەر ئێستا لەکنم دەبوویت لێرە نۆرە گرتن نەدەما و تێر بۆنم دەکردی هەر دەمخوارد و دەمخوارد، پیاو وەختێ تامەزرۆی لە خۆشەیستەکەی دەشکێ

کە لەماڵەکەی بێت. لە ژوان و پەناو پەسیوان هێشتا گڕو کڵپەی دڵ و دەروون دانامرکێ... بەجێی دەهێڵییەوە، ئاهو حەسرەت بۆ ژوانێکی کە هەڵدەکێشی تا پێی دەگەیتەوە... ئای نازدار خۆزییە لێرە دەبوویت ئەو حەلە مردن حەق بوو... ڕزگار دەبووین نەدەبووین، جەهەننەم... مردن مردنە لاق کوتانی بۆ چییە، وەلێ مردنێ گەر لەباوەشی نازدار حەیرانێ بێ و دەست لەگەردن و هەناسە تێکەڵی بۆنی مێخەک و سمڵ و مەلحەم و بۆنی لەش بێت ئەو مردنە تامێکی کەی دەبوو مردنێکی بەتام و خۆش و پەشیمانی تێدا نەدەبوو. ویستت خۆ نەدەیتە دەست بیری هەڵبزڕکاو و هێندەی تر سەرت لێ بشێوێ و زەینت کوێرکات، وەلێ بەدەستەخۆشت نەبوو وات لێ قەومابوو هەرچەندە دەکۆشای سەرە داوێک ببینیتەوە ڕزگارت کات تاریکییەکە دەبووە کەلەپچە و دەست و قاچی گرێ دەدایت و جڵەوی بیرکردنەوەت لێ تێک دەچوو، خەم لە دڵت لە دەروونت هەورێکی ڕەشی وەکو تاریکییەکەی نێو ئەشکەوتەکەی پەیدا دەکرد، بارانە خەمی بەسەرت دادەباراند و پەڵەی خەم لە جەستەتدا سەری دەکرد، غەریبیت هەستا، سکت بەخۆ سووتا لەبەرخۆتەوە کەوتیتە منگە منگ و خۆ دواندن وەکو بتەوێ لەو منگە منگە خەمەکەت بتەکێنی و کەمی کەیتەوە:

گەلی برادەرینە ئەگەر ئەنگۆ گوێتان لە من بوو، یا کزەبایەک هەڵی گرت،
ئاهو نووزەی منی بەنگۆ گەیاند نەکەن لۆمەم بکەن،
ئەمن بەچێشتەنگاوێ شەوم لێ داهاتیە زەینانم کۆرە بووە لە تاریکییا گیرم خواردییە،
نەرێن کوڕی گوندێ مە ترسنۆکە، هاواری من لە خەمی دەردی خۆمە،
ئای لە من ئای لە من ئای لە خۆم وای لە تاریکی ناو دری خۆم
هاواری خۆ دەخەمە سەر پشتی بایێ سەر پەڕی باڵدارێ
هەڵگری لۆ من بباتەکن برادەران و ئازیزان... نازدارە غەریبەکەی خۆم لەوێ بیبا لۆ حوجرەی فەقێیان... دیوەخانان... ماڵە خار و ماڵە بابان بگەنە هاوارم
لەگە خۆ بێنن گوریس و کەمەندان
بشکێنن کونبەدەرکەن لۆ من بەفر و شاخان
ئای لە من ئای لە من لە دری پڕ خەمی من





ئەمن نازانم برادەرینە بەوێ وەختان بەکێندەرێ دا هەربڕێم
بەجوانی گوندی خۆ یا لۆ ئەو بۆنانەی ئەمن کردیمە لە نازدارێ
وەرنە کن دارێ ببینن شەڕی من و گورگی هار
ئای لە من وای لە خۆم وای لە تاریکی ناو دری خۆم
هاواری درە غەریبەکەی خۆ دەنێرم بەڕەشەبایێ بەزریانێ
بەتاریکە شەوێ
بگەنە هاوارم لەگە خۆ بینن گوریس و کەمەندان
بشکێنن کونبەدەرکەن لۆ من بەفر و شاخان
ئای لە خۆم... وای لە خۆم وای لە غەریبی و بێکەسی خۆم.

لە دوا بەندی گەرووت نووسا هەر خەم بوو قوڕگی گرێ دای و هەوکی گرتی، بێ ئەوەی هیچ ببینی تەماشات گرتە دەورت کەوتیتە قسەکردن بۆ بزن و کارەکە بێ ئەوەی چاوت لە چاویان بێت، تەنیا گوێت لە کاوێژکردنی بزنەکەبوو، لە ڕاستیدا خۆت دەدواند وەلێ مەبەستت بوو گوێیان لە قسەکەت بێ و وتت:

– هەر دەرکەیەک کە داخرا کرانەوەشی هەیە، کلیلی دەرکە گەر سێ پشکە و چوار پشکەش بێت یەک دووانیشی بشکێت لە تەنگانەدا بەبەن بۆی دروست دەکرێت و پشکەکانی دەرکەکە هەڵدەگرێ... بزریش بێت بۆی پەیدا دەکرێتەوە، هەر نەبوو یا دەست نەکەوت لەڕێسمە دەبرێت، ئەگەر زریان و بەفر مەغروور بوون و دەرکەشیان لێ گرتووین بەهارمان لەپێشە و نەورۆزی پێیە مۆژدەی بەفرتوانەوە و هەرەسی بەفری لەگەڵدایە، هەر زاڵمێک زەواڵێکی هەیە؛ شەختە و بەستەڵەک هەتاو پێی دەوێرێ و سوجدەی پێ دەبات، فەرهاد لەبەر خاتری شیرین شەڕی لەگەڵ کێوان کرد، ئاو بەردی کون کردووە، گەر کەسیش فریامان نەکەوێ و بەهاوارمانەوە نەیەن خوا مێرووولەشی لەبیر نەچووە و ناچێتەوە.

قسەکانت وا دەکردن کە دەتوت بۆ ئادەمیان دەدوێیت و گوێیان لێ گرتوویت، زریان ئەوەی کردی کردی لەوەندە زیاتر زەفەری ترت پێ نابات.

ورەت بەبەرخۆ دەدا، ئێرە وەکو ماڵی خۆت وایە... بست بەبستی، پێ

بەپێ، هەنگاو بەهەنگاوی شارەزای و پیواوتە وەکو خۆت ئەندازیاری دروستکردنی ئەشکەوتەکە بیت ئاوایە. بەخۆت دەگوت «کوێری زکماک نانی پێ پەیدا دەکرێ و کۆڵی نەداوە... بەجادە و کوچان دێ و دەڕوات، دەڵێن لە شاران هەیانە بەسواری پایسکل شت دەفرۆشێت لەگەڵ سووڕان و پێچ و لۆفەی شەقام هەڵە ناکات و دەسووڕێتەوە، باوکم دەیوت کوێرەکان بڕوانامەی بەرزیان وەرگرتووە، هانی دەدام بخوێنم و بچمە حوجرە و ببمە فەقێ، منێک کوێر نەبم... ئیفلیج نەبم هەر تەنیا تاریکییە و پێی دەوێرم».

تاریکی دەورەی لێت داوە لە هەناوی ئەو تاریکستانەدا مەلە دەکەی، مەلەوانی وەلێ سەرسەدە و مەوداکەت لێ بزرە... بزرە وەلێ گۆشتی شەمشەمەکوێرەکانت خواردبێ دەگەیتە بوار... هەموو زێیەک و ڕووبارێکیش با توندوتیژ و هار و بەخوڕبێت... تووڕە و فێدار بێت... قەڵبەزە... گێژەنەی هەبێت... بواریشی هەر دەبێت.

ئەم خورکردنەوانە کەڵکت هاتن، تانت بەخۆ دا. هەڵسایتەوە، یەک... دوو... سێ... چوار... پێنج... شەش دەستت کوتا... گێڕا سنگەکە بەردەستت کەوت... مەلاکوێرەی گوندەکەی خۆتان کەوتەوە بیرت کە بەکوێرێتی قورئانی هەموو ئەزبەر کردبوو، دیواریشی دەکرد، چەرخی چاک دەکردەوە، دەرکە و پەنجەرەی دەکرد... باڵتەی جەنجەڕی تیژ دەکردەوە، لە شاریش دایەرەی حکومەتی دەکرد و ئیشی خەڵکی جێبەجێ دەکرد.

بەپان و بەرینی ئەشکەوتەکە بەهەنگاوی چاوساغێکی کوێرانە هێور و لەسەرخۆ هەنگاو بەهەنگاو یەک... دوو... سێ... حەوت، شاخ، یەک... دوو... سێ... پێنج...، ...، دە، ...، چواردە، ...، بیست و شەش قاچت هەندێ لقەداری دیتەوە، کە پێت لێدان خشە و قرچەیانت بیست، دانەویتەوە دەستت لێدان.

– «خولە، لەتیف بچن دوو باوشە دار بکەنەوە، تا من حەیوانەکە دەردێنم ئێوەش دێنەوە، ئەوسا دەستت بەبرژاندنی سیی و جگەرەکەی





دەکەین، گونەکەتان دەخۆم با دارەکە زۆر بێت، خۆ ئێرە هەر کۆگەمانە، با بەشی جارێکی کەشمان بکات.

ئەمەت بەسایەی دارەکان هاتەوە بیر و لە پێشە خۆت وتت:

– بریا ئێستا لەگەڵمدا دەبوون، دەمانکردە ڕۆژی خۆمان.

دەستت کوێرانە گێڕا، هەندێ گەڵات خڕکردەوە، وەکو گەڵا مێو خستتە سەریەک... بەدەست کەوتێکی چاکت زانی لە کەیفان لە پێشە خۆتەوە وتت:

– ژەمێکی چاکە بۆ بزنە شامی... هی تریش دەبێت.

– لەتیف... خولە ئیشی چاک ئاوایە، دارێکی چاکتان هێناوە، دەی ئاگر بکەنەوە و دەست بەبرژاندن بکەن.

وەکو دەنگدانەوەی ئاونی دیوەخان ئەم قسانەت لە گوێدا زرنگایەوە.

گوێت لە داکرماندنی بزنەکە بوو کە گەڵاکانی دەخوارد، کەیفت سازبوو، ئەگەر حەیران و لاوکت بۆ بهاتایە دەستت بۆی دەخستە پەناگوێت، یاشمشاڵت پێ بووایە وەکو شاگردێکی خراپی خدە شوان لەو زەوقە فووت پێدا دەکرد.

فڕەفڕی باڵی شەمشەمەکوێرەکان بەسەر سەرت و لە ئاسمانی ئەشکەوتەکە گیزەیان دەهات، وردە وردە گیزە و ورشەیان پتر دەبوو، لەگەڵ فڕینەکەشیاندا جووکە جووکیان لێوە دەهات، لەبیرتە کە منداڵ بوویت ڕۆژ گیرا شەمشەمەکوێرەکان لە کون و کەلەبەرەکان هاتنە دەرێ و بەئاسمانەوە فڕکان فڕکانیان بوو وایان دەزانی شەویان لێ داهاتووە لەو کاتەوە زانیت ئەو باڵندانە تەنیا لە تاریکی و شەواندا دەفڕن، دیارە شەوان لە ئاسمانەوە ڕاوە مێروولە دەکەن و ڕزقی خۆیان پەیدا دەکەن. کە بەچڕی ورشە ورشی باڵیانت بیست لەلایەکی کەشەوە بەچاکی هەستت بەجووڵانەوەی بای ناو ئەشکەوتەکە کرد بۆت ئاشکرا بوو سەلمێنرا کە بەئەندازەی ژمارەی سەدەها... هەزارەها لەو ڕووبەرە تەسکەدا دەفڕن. تەپەی بەیەک کەوتنیانت دەبیست، زیقە زیق و جووکە جووکیان حەواسیان بردبووی بۆیە پێت وابوو

دەبێ ئێستا لەدەرەوە شەو داهاتبێ، چونکە پێشی ئێستا بەو شێوەیە نەدەفڕین و هەستیشت بەجووڵانەوەی با نەدەکرد، یان لە حەژمەتی بەزیندانی بوونی ئیجبارییان سەریان لێ شێواوە، بەڵا شاخی ئەشکەوتەکە و بەتۆ دەکەوتن، شان و پیل و سەریان جیقنەباران کردی. دەتوت کاریلەکە بەهەستیاری بۆن تۆی دیتەوە، خۆی بەلاف و لەتەرتەوە نووساند، لە باوەشت کرد، هەستت بەبایە سارده جووڵاوەکە کرد ورده ورده گیانت دەتەزی تەنیا ئەوەندەت نەبێ کە کاریلەکە دایپۆشیبوو گەرم داهاتبوو، لەوەیان بیرۆکەیەکت دەستەبەرکرد، لە حەژمەت ساردی و شێی نێو ئەشکەوتەکە وەکو قسە هەڵبزرکاندن وتت:

- ئای! چەند خۆش بوو ئێستا لەنێو نوێنێکی گەرموگوڕ بیت و گڕی سۆپایەکی داریش لە پێنیگانت نێڵە و قرچە قرچی بێت.

دەم نا دەم وەکو یەکێک نەخۆشی دەروونی هەبێت و تووشی دڵەڕاوکێ دەبوویت، بەدەست خۆت نەبوو دڵت توند دەبوو، خەم ڕەشماڵی نائومێدی پێ هەڵدەدایت... گەلێ هێنان و بردنی بێ سەروبەر خۆی لە قەرەی دەدای و مایە پووچ و بێ کەڵک دەردەچوو، لەو تاریکییەدا هەموو شتێکت لەبەر چاو بزر و ونە هەر تاریکییە و تاریکی هەموو گیانت بەرەشی بەتاریکی سواق دراوە و بوویتە تەقەڵێکی تاریکییەکە و وای لێ کردووی گومان لە بوونی خۆت لە زیندوویەتیت بکەیتەوە، هەندێ جار وەکو یەکێک هەر بوونی نەبێت خۆت لەبیر دەچۆوە، کە وەختێ هەستت بەخۆ دەکردەوە نەتدەزانی چەنێک بەم دەردە خۆ لەبیرکردنە مابوویتەوە... وەکو یەکێک لەناو کەندووی خەم و قووڵینەی خم و تاریکی هەڵکێشرابێت تاریکیت لێ دەتکایەوە، ڕەشبینی دایدەگرتی و لە عاردی وەردەدای... تووشی بێ ئومێدی دەکردی هەموو ڕێگە چارەیەک بۆ ڕزگاربوون کە بەهزرت داهاتبوو وەکو دەرکی ئەشکەوتەکە چۆن لەسەرت قەپات بووە بەقەپاتی و داخراوەیی دەمایەوە.

هەر بەقەدەرایی یەک دوو جگەرە خواردن ئەم دڵەڕاوکێیە دەمایەوە لە





پاشدا وەکو تەمی سەرلەبەیانی زستانێ کە خۆر لێی دەدا دەڕەوییەوە لە جێیدا گەشبین دەبوویت و نەکورەکەی ماوەیەک بەر لە ئێستای، دەروونت وەکو بەفری سەر سەفین و قەندیل و مەگروونی لێ دەهات و دەتوت:

- دەمبیننەوە، عەلی شوون هەڵگرێک پەیدا دەکەن و شوونم هەڵدەگرن؛ خۆ هەموویان وەکو من دەرکەیان لەسەر دانەخراوە.

گەشبینییەکە ئەو ڕاوەی هێنایەوە یادت کە ئەوسا منداڵێکی تەمەن هەشت نۆ ساڵان دەبووی لەگەڵ باوکت و دوو هاوڕێی ڕووتان لە مێرگێ کرد کە چرگی زۆر بوو لەوە بەدواش ناوی ئەو شوێنەت بهێنابوایە بە(مێرگی چرگان)ت ناو دەبرد.

هەر سێکیان لە پێشەوە ورده ورده دەڕۆیشتن منیش لە دواوە هەنگاوەکانیانم هەڵدەگرتەوە، وەختێ سەنگرانەوە و وەستان منیش لە شوێنەکەی خۆم وەستام، پاشان خۆم گەیاندە ئەوان، دیاربوو هێمایان بۆ پێشە خۆیان دەکرد، چاوم تیژبوو سێ چرگ لەناو مێرگەکە دەلەوەڕان... بەدزە دزە لێیان نزیک دەبووینەوە، وەختێ حاجی حوسەین (کاو)یەکەی لەبەر پژدێنی دەرهێنا و لە عاردی چەقاند، دیار بوو هەر بۆ ئەو مەبەستەشی هێنابوو لەسەر سک لێی ڕاکشا و لوولەی برنۆکەی لەسەر کاویەکە دانا ئێمەش وەکو وی هەستمان لە خۆ بڕیبوو سێرەشمان گرتبوو، من لەبەر زرمەی برنۆکە هەر گوێم بەدەستی قەپات کردبوو، کاتێ ترپەی لێ هەستاند، دووانیان لە شەقەی باڵیان دا و فڕین، سێیەمیان باڵەکانی بەقەستی فڕین جووڵاند و کەوتەوە، حاجی حوسەین بەدەنگێکی بەرز و نیوە هاوارێک وتی:

- لێم دا...!

بەغاردان چووین و سەریان بڕی، چرگێک بوو لەبەر قورسی بەزەحمەت هەتا گوندی هەڵدەگیرا، منیان ڕەوانە کردەوە چووم کەرێکم هێنا و خستیانە سەر پشتی هەر دوو باڵی لە ملاو لەولا لە عاردی دەخشا.

ڕاوەکە دوو تامی پێ دایەوە یەکیان خۆشی ئەو سەردەمان و

ڕاوکردنەکەی، دووەمیان تام و لەزەتی گۆشتی چرگەکە، هەر بەو خۆشییەوە کاریلەکە کە بەباوەشتەوە بوو وەکو منداڵی ساوا لاواندتەوە. بەباوەشتەوە بوو ڕاکشایت و پشتت بەپشتی بزنەکە دا، لەبەرخۆت و بەدەم شەپۆڵەکانی تاریکییەوە دەتوت:

– بەتەمای خوای گەورە، دەمبیننەوە... دەمبیننەوە، بەتەمای خوا! دەمـ... بیـ... ننە... وە، دەمـ... بـ... ی... ن... ە... و... ە.

***

خدە شوان لەوەتەی دەستی ڕاستەوچەپەی لێک کردۆتەوە پیشەی شوانی بووە، نازناوی شوان جێگەی ناوی باوکی گرتبۆوە ناوی باوکی لەسەر زاری خەڵکی سڕاندبۆوە، کە ناوی خدە بهاتایە نەگوترابا خدە شوان کەس بەوی نەدەزانی، ئەوەی خەڵکی دەڤەرەکە نەبوایە وای دەزانی شوان ناوی باوکێتی.

لەوەتەی دەستی گۆچانی گرتووە و توانیویەتی ئەملا و ئەولای خۆشی پێ پاس بکات شوانی ماڵێک بووە و گۆزە گۆزی نەکردووە، پێی وا بوو گۆزەگۆزکردن لە قەدر و حورمەتی شوان کەم دەکاتەوە، هەڵسوکەوتیان لەگەڵیدا وەکو کوڕی ماڵەکە بووە.

مێگەلەکەی ئەگەر کەم بووبێ لە سەد سەر کەمتر نەبووە، بەزۆریش سەد سەری تێپەڕاندووە، چەندە مێگەلەکەی زۆر بووبێ ئەو پتر لە خۆی ڕازی بووە و شانازی کردووە. لە دەڤەرەکەیدا و لە زۆربەی شوێندا حەقی شوانانەی ساڵیان بەدوو شەرت کردبوو. شەرتی هەشت مانگی کە شەرتی زستانێ بوو کەلوپەلی شوانی لە غەرگە و قاپووت و پێڵاوێک بنەکەی لاستیکی تایە و سەرەکەشی بەنە یا مووە بەدەست چنراوە و گۆچانێک بۆ شوانەکە ئامادە دەکرا، حەقی پارەش بۆ ئەو هەشت مانگە لە چوار دینارەوە تا هەشت دینار دەڕۆیشت، یا لە جیاتی مزاشی دەدرایێ، شەرتی هاوینەشیان چوار مانگ بووە حەقەکەی کەمتر بووە لەشەرتی هەشت مانگی، پارە یا مزاشی بۆ دیار دەکرا.





جار وا دەبوو شوان شەرتەکەی تەواو دەبوو یان پێش تەواوبوون جێی دەهێشت یا دەردەکرا ئەوە غەرگە و قاپووت و گۆچان و پێڵاوەکەی لێ دەستێنرایەوە، شوان بووە بەپێخواسی چۆتەوە ماڵەکەی.

وەلێ شەرتە شوانی خدە سەرلەبەر بووە، جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ هەموو شەرتی شوانەکانی دەوروبەرەکە هەبووە، هەردەم تای تەرازوو بەلای خدە شواندا لاربووە، چونکە خاوەن مێگەلەکە چاک دەیزانی کە بەخەسار ناچێ و بۆی تێ دێنێتەوە.

ماڵە بابی خدە هەر لە منداڵییەوە بۆ ئەوەی ڕابێ و چاوی بکرێتەوە ناردبوویانە بەر قازان پاشان بەبەرخەوان و کارەوان بووە، کارامەیی و کارمەندیی هەر لە منداڵییەوە پێیەوە دیار بووە لەگەڵ هەراشبوونیدا گەشەی کردووە و شارەزاتر بووە، ئەو پەلەوەر و بەرخانەی خدە دەیلەوەڕاندن گۆشتن و خرپنتر دەبوون لە هی ئەوانی کە.

شارەزایی و پسپۆرییەکی تەواوی لە کاری شوانیدا پەیدا کردبوو، سەر دەستەی هەموو شوانان بوو، گەر باس بهاتایەتە سەر پیشەی شوانی دەبوایە لە پێشدا ناوی خدە شوان بێتە گۆڕێ، چونکە کەس نەبوو خۆی لە قەرەی ئەو بدات.

گەلێ جار بۆ تاقیکردنەوە مەڕ و بزنیان لێ شاردبۆوە، کە چاوی بەسەر مێگەلەکەدا گێڕاوە یەکسەر پێی زانیوە چەندی لە ڕەشان و چەندییان لە سپییان لەناو مێگەلەکەدا نەماوە و دیار نییە. کاتی زانی زۆربەیانی دەزانی، کە چاوی بەبەرخێک یا کارێک بکەوتایە ڕەچەڵەک و دایکی بۆ ئاشکرا دەکردی.

دەموچاو و کەللەسەر و ئاکارێکی ڕێکی هەبوو، ئەوە تەبەشی سینگی بوو، خوێن شیرین و لە قسان دانەدەما، ئازا و گورج و گۆڵ، گۆشتی باسک و بەڵەکی توند... توند دەتوت کاری زۆرخانەی کردووە.

کە خۆی هەڵدەدایە سەر پشتی کەرەکەی ئەوەندەی نەدەما یخی بکات.

شوانی هەر لە خۆی دەهات و دەوەشایەوە، هەر لە هەوەڵێن ساڵی

شوانیدا خدووی دابووە سەردەرکردن و فێربوون و شارەزابوون لە حیساباتی زستان و چلە، سەردەرکردن لە حیساباتی ڕۆژ و سێبەرەکەی... کە لەکنە ویدا ئەمە مەرجێکە شوان دەبێت سەری لێ دەرکات تا بتوانێ خۆی و مێگەلەکەی لە چنگ سەرمای توورە و گەرما و گڕە بپارێزێ.

بەمەبەستی فێربوون و شارەزابوون و وەچەنگ هێنانی ئەم زانیارییانە هەردەم لە پرس و ڕادابوو لەو کەسانەی کە شارەزاییان لە حیساب ڕاگرتنی چلەی زستان و هاویندا هەبووە.

خاوەن مێگەلەکەی شانازی بەخدە شوانەوە دەکرد، چونکە زۆر جار بەجووتە ناویان لە کۆڕ و دیوەخانان دەهات، پێشی شەرم نەبووە، لەبەر ئەو خووڕەوشتە چاکانەی دەستی لێ بەرنەدەبوو، هەر چ هەنجەت بیانووی هەبوایە هەر چەندە ئەو خووڕەوشتەشی زۆر کەم و دەگمەن بووە، ئەوە هەنجەتەکەی بڕیوە.

ئەو شمشاڵەی خدە شوان لێی دەدا لەدوورڕا نزمەکەی دەناسرایەوە، هەواکەی دەناسرا، ئەگەر لە کۆڕ و مەجلیس و دیوەخانان بوایە کەس حەددی نەبوو دەست بۆ شمشاڵی ببات، هەر لەو داوا دەکرا کە بەشمشاڵەکەی ماندووبوونیان بحەسێنێتەوە و گڕ لە حەز و ئارەزووشیان بەردات.

کە نزمی (هاوار بەلۆ)ی بۆ مێگەلەکەی لێدەدا هەموو لێی خڕ دەبوونەوە و دەورەیان لێ دەدا.

کە دیقەتی مێگەلەکەی دا خڕبوونەتەوە ناو یەکدی و پاڵیان پێک داداوە سەرێکی بۆ چیاکان هەڵبڕی... تەماشایەکی سەری لقە دارەکانیشی کرد. وەکو یەکێک خەوتبێ و خەبەر کرابێتەوە وابوو، مەزەندەی لە هەورەکە کرد، دیقەتێکی تری لە هەوری سەر چیاکان کردەوە، قاپووتەکەی ڕاکێشایە سەرشانی و هەیپەی لێ کرد.

بەهڕەڕەڕە دەنگی مێگەلەکەی دا، دەی دەی لە سەگەکەش کرد یەک دوو گۆچانی خێواندە مەڕ و بزنەکانی نزیکی... ڕای دان... تەماشای





ئاسمانی کردەوە هەورێکی سپی و لووس سینگی خۆی هاویشتبووە سەر چیاکان و دەتوت بەسەدان فریشتە ماڵنجیان کردووە، دەیزانی کە هەوری سپی و لووس بەفری بەدواوەیە، بای پێش بەفریشی پێ لەباکانی تر جیا دەکرایەوە، دڵی ختوورەی کرد زانیشی بەهڕەڕەڕە هڕڕ و ڕادان و ڕۆیشتنی مێگەلەکە، کە هەر چەندە پەلەشیان لێ دەکات لەگەڵ هێز و کاری خواکەی و تێژ بەتێژی دەرناچێت، ڕێگەی گوندەکەی خۆیانی بەمێگەلەکەی گۆڕی و ویستی پێش ئەوەی ڕێی لێ بگیرێ بەگوندەکەی خوار ئەشکەوتەکەیان بگەیەنێ، هەر ئەوەندەی لە ڕووبارەکە پەڕینەوە ترسەکە نامینێ.

سەگەکەش لە مەرامی شوانی گەیشتبوو وەکو یاریدەدەرێکی بەوەفا ڕای دەدان و بەکلکی لێی دەدان.

خدەی شوان لە خەمی مێگەلەکە و لەبەر هەڕەشە و ترسی هەورەکە ڕووی قسەی لە سەگەکەی کرد و وتی:

– ناگەینەوە گوندی خۆمان و مێگەلەکە بەفەلاکەت نادەین چاکترە خۆ بگەیەنینە گوندەکەی خوار ئەشکەوتێ، ئەوەندەمان زەحمەتە هەتا لە تەنکاوێ دەیان پەڕێنینەوە؛ بزانین چۆنیشمان وەردەگرنەوە.

نێری بەرایی وەکو سەرکردەیەکی بوێر و چاو نەترس... سەرکردەیەک کە چێژی دۆڕاندنی نەکردبێ پەڵەی شەرمەزاری بەنێوچەوانی خۆیەوە نەدیتبێ و چاوی نەشکابێ لە پێش مێگەلەکەی دەڕۆیی، لەبەر بارانەکەی ڕۆژی پێشتر و تەڕاتی عاردەکە زەنگوڵە تووجە زەردەکە کە دەستکردی وەستا ڕەشەی چەخماچییە، قورساییەکەی دوو پاکەتە فیشەکی ئینگلیزی دەبوو خڕەی زەنگوڵەکەشی لە کەلا شووشەیەک گەورەتر دەبوو، لەڕۆژانی وشکەتی زەنگێکی چاکی لێوە دەهات و لەدوورڕا دەبیسترا و سەدای هەواکەشی ڕۆیشتنی مێگەلی خۆش دەکرد، ملی نێری پێش بەرایی مێگەلەکەی خدەی ڕازاندبۆوە کە لەوە پێشتریش مل و گەردنی چەندەها نێری تری کردبوو، پەڵە پەڵەی سەوزیش وەکو کەڕو لە هەندێ شوێنیدا لێی دابوو... دەنگی زەنگوڵەکە بەتەپی وەکو هاوارێکی نووساوی کەسێک

که دەستی لە هەوکی نرابێ ئاوا دەهات.

ساردی بایەکە مێگەلەکەی خڕکردبۆوە و پاڵیان بەیەکدا بوو، سەریان لە عاردی نابوو بەهەوای زەنگوڵەکە ڕێیان دەبڕی. سەگەکەش شتێکی ئەوتۆی لەخدە شوان کەمتر نەبوو... وریا... بزێو دەوری مێگەلەگەی دەکرد و پاش مێگەلیشی تەنگاو دەکردن و پاڵی دەدان... ڕای دەدان، چونکە سەگەکەش هەستی بەدژایەتی... توندی... تووڕەیی ڕۆژەکە کردبوو.

زستانی پار کە ڕووبارەکە لە گەواڵە بارانێکی بەهاری کە چەند ساڵ بوو شتی وا ڕووی نەدابوو ئەم مل و ئەو مل هاتبوو، سەرڕێژی بۆ حاوییەکانی ئەوبەر و ئەمبەری کردبوو، یەک دوو مێگەلی گوندەکەی خوار ئەشکەوتی پێ ڕانەگەیشتبوون بپەڕنەوە و گیریان خواردبوو، لە گوندی خدە شوان تێکەڵی مێگەلەکەی کرابوو تا ڕووبار نیشتەوە ئینجا پەڕینەوە.

لە زووەکەوە ئەو هاریکارییە لەناو گوندییەکان و ئاژەڵدار و شوانەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕووبارەکە هەیە.

مێگەلەکە بەکەیفی خدە شوان نەدەڕۆیشت، دنیایەک مەترسی لە دەوروبەرەکەی لە چیا... لە نشێوان... لەبن تاوێر و بەردان... لە ڕووبارەکەوە خۆیان بۆ لە بۆسە نابوو، لە هەموو لە با لە جوولانی لقەدارەکان لە دژە ڕۆژەکە لە ڕێگەی هەستیارەکانی لەشیەوە دەرکی پێ کردبوو بەنێو دەمارەکان گەیشتە مێشکی، ئەوانیش لە دنیای خۆیاندابوون کە هەردوو لا تێکی نەدەکردەوە. مەڕ و بزنە ئاوسەکانیش نەرم و ورد خانمانە لە دواوە ڕێیان دەبڕی دەتوت ژنن ناز بەسەر مێردەکانیانەوە دەکەن، لە هەمووشیان خانمتر و سەنگینتر بزنە شامییەکی ئاوس بوو دەتوت دەیزانی شوانەکەی نازی ڕادەگرێ، بۆیە گرانی پێ دەفرۆشت. ئەمانە بەجەمعەواری ببوونە مایەی خەمی و دواکەوتنی مێگەلەکەشی بوو.

سەگەکە جار جارە بۆیان دەگەڕایەوە دواوە بەکلکی ڕای دەدان، کە مێگەلەکە گەیییە خاکە چەگڵاوی و بەردانییەکەی خوار دەرکی ئەشکەوتێ دەنگی تەقە تەق و خڕە و خشەی سمەکانیان کە لە بەرد و چەگڵەکان





دەخشان دەهات. لەو بەردەڵانە سمی دەستی بزنە شامییەکە لەناو دوو بەرد گیربوو، تەکانی دا... بەپێشدا ڕما، قاپووتەکەی دانا پڕی دایە دەستی شکابوو تەکەتەکی بوو... خێرا و بێ دواکەوتن کەرەکەی بردە پێشەوە و لەسەر ڕێچکەکە ڕووە و ڕووبارێ یەک دوو داری خێواندێ و وتی:

– هێندەم پێ ناچێ پێتان دەگەمەوە.

باوەشی بەبزنەکەدا کرد و ڕووەو ئەشکەوتەکە تەکانی دا، هەر دوو هەنگاوی بەیەک هەنگاو دەبڕی، بۆ خۆی دەیزانی لە چ دایە و چ دەکات، لەکن پاوانەکە داینا خێرا... خێرا... دوو سێ باوەش پووشی کردەوە و پڕی دایەوە بزنەکە و هەر بەخێرا گەیاندییە ناو ئەشکەوتەکە و وتی:

– ئەشکەوتە مراز بزنە شامیم بەخوا و بەتۆ سپارد، بەو دایکەی دەسپێرم کە ڕۆژانێک لێرە نوێژ و نزا و پاڕانەوەی دەکرد، ئاوسیشە ئەمانەتیش گرانە کە گەڕامەوە لە تۆم دەوێتەوە.

بەشێوەیەکی ئەوتۆ قسەکەی دەکرد وای دەزانی ئەشکەوتەکە هەموو گیانی گوێ و هەستە.

لچکێکی پژدێنەکەی دەرینا و پارچەیەکی لێکردەوە و قاچە شکاوەکەی پێ بەست. لەوە زیاتر نەیتوانی دوا بکەوێ. لەبەر مێگەلەکە و لە حەژمەتی بەجێهێشتنی بزنەکە دەستی بەسەری داهێنا و وتی:

– مێگەلەکە چاوەڕێمە دەیانگەیەنم و وەکو باشووکە دێمەوە لات، دەتبەمەوە و قاچیشت دەگرمەوە.

لە دەرکی ئەشکەوتێ ئاوڕی لێدایەوە و تێی تەقاند، هەر غلۆر دەبوویەوە بەنێو هێندەی سەرکەوتنەکە گەیشتییە قاپووتەکە و تێی وەرهاتی... هەندێ جار وەکو لەدووخۆ ڕاکێشان ڕایدەکێشا جار جاریش لەسەر شانی دادەنا.

خدە شوان ئازایانە مێگەلی پەڕاندەوە... دەتوت فریشتەکانی باران دەرکی کوندەکانیان لە ئاسمانی لە دەست بەربوو، باران تۆزی لە عارد هەڵدەستاند بارانی سەر بەکڵاوە دەهاتە خوارێ گوند خۆت بگرە مێگەلی

خدە شوان هات، لایەکی دڵی وا بەلای بزنە شامییەکەی ئەشکەوتێیە لە بیری ناکات چونکە گوانی لەسەر زان بوو.

لەپشتیری خانەخوێیەکەی دەرکی بۆ والا کرا، تەنیشتێکی گەییە عاردی، ئەو وەرگرتنەوەیە خەمی مێگەلی لە کۆڵ کردییەوە، ئەوسا خەمی بزنە شامی زیاتر پێراگەیی خێرا بۆی دەرچووی.

کرێوە و باران ڕێی لە ڕێبوار گرێ دەدا و کردبوویە ڕۆژی خۆی، گوێی بەکەس نەدەدا، لە کن کرێوە و باران هەموو خەم بەتاڵ بوو... کاری ئەوان جێبەجێکردنی فرمانی کردگار بوو؛ ئەمیان خنکا... ئەویان ڕووخا ئەویان بابردی... ئەوێ هێیان لەوبەر ئاوەکە ماوەتەوە، لەکنیان قسەی منداڵانە بوو.

ڕووبار تووڕە بوو شەپۆلی فیدار و شێت و هار و شێل و لە بەراییدا هەرچییەکی دەستی پێدەگەیشت ڕایدەماڵی... گسکی دەدا، دار و بەردی بەپێشەخۆی دەدا چەند کەلەشە ئاژەڵ و کۆتەرە و لاشەی ئادەمی لەگەڵ خۆدا ڕاماڵیبوو و پێشە خۆیدابوو، کەندری قووڵترکرد لێوارەکانی دری و بەرینترکرد، هارە و هاشەی دەهات، شەپۆلەکان لە خۆیان هەڵدەدا ترسی دەهێخستە چاو و دڵان... منەتی کەسی بەهینەکەی خۆی نەدەزانی بەبێ پێچ و پەناو جیاوازی هەر چییەکی پێ هەڵگیرا بوایە جێی نەدەهێشت.

ڕووبارەکە لە ڕووباری ترازا بوو شانی لە زێیە گەورەکان دەدا شانازی بەخۆ دەکرد کە خەڵک سڵیان لێ دەکردەوە و لێی دەترسان، کەسێک نییە بوێری خۆی لە شەپۆڵە تووڕەکان بدات، بەقەرز لە کەس نەدەترسا بەقسەی یەکێکی وا هەڵساوە منەتی خدە و مەدەی نەدەزانی. لە هەر دوو لا شانییەوە وردە جۆگەلەی شێل و بەئازایی بەدرێژایی ڕووبارەکە خۆیان تێکەڵاوی شەپۆلەکانی هار و هاج دەکرد و پتر شەپۆلیان بلند و بەقۆنگرەتر و تووڕە و هارتر دەکرد، لە دوورەوەڕا دەنگی هاوار و هارە هاڕی شەپۆلەکان دەهاتە بەرگوێ، بێ ئەوەی ڕەچاوی دڵی گوندییەکانی ئەمبەر و ئەوبەری بکات گرێ کوێرەیەکی لە پەڕینەوەی خەڵکی ئەمبەر و





ئەوبەر دا.

خدەشوان لەو باران و تۆفە بەرامبەر شەپۆلەهارەکان بێ دەسەڵات ڕاوەستاوە، نە باڵندەیە بفرێت نە عەفریت و دێویشە بەهەنگاوێک بەبەڕێتەوە، بێ دەسەڵات بوو بەرامبەر ئەو ڕووبارەی کە سەعاتێک پێش ئێستا بەخۆی و مێگەلەکەی لێی پەڕینەوە... بەدرێژایی عومری ئەوەی ئەمجارەیان دیویەتی بەدووچاوی خۆی نەدیوە، ئەوەی پار بەهارێ لە چاو ئەمەیان جۆگەلەبووە، بۆیان گێڕابۆوە کە جارێکی تر پێش ئەوەی دایکی مێرد بکات لەبەهارە بارانێک دیسان ئەو مل و ئەم مل هاتبوو. لە زۆربەی هاویناندا ڕووبارەکە ئەوەندە قرچۆک و ڕەزیل بووە مێگەلی پێ تێر ئاو نەکراوە، ئیمرۆش لێی بووە بەحەزیاو ناوێرێ خۆی لێدا.

وشکییەک چییە لە جلی خدەشوان بۆ دەرمانیش نەدەدیتراوە، ئاو لەسەر گۆشت و لەبن جلەکانی وەکو ڕووت و قووتبێ ئاوها شۆڕ دەبۆوە، خەمی ئەو گفتەی بوو کە بەبزنە شامییەکەی دابوو نەیتوانی بیگەیەنێتە جێ.

– مێگەلەکە چاوەڕێمە دەیانگەیەنم و وەکو باشووکە دێمەوە لات و دەتبەمەوە و قاچیشت دەگرمەوە.

بەکزی و مەلوولی گەڕایەوە، بارانەکەش وا دەهاتە خوارێ دەیویست خدەشوان بتراشێ و قەبارەی بچووک بکاتەوە.

***

سێ ساڵ بوو بەفر و باران کەم دەباری خەڵکەکە هەندێکیان خەریک بوو بیروباوەڕیان بگۆڕی، کەچی تەنیا ئەم زستانەیان دەیهەوێ قەرەبووی ساڵەکانی پێشتریش بکاتەوە و بیگێڕێتەوە بۆ زەمانەکەی جاران، بەفر کە دای دەکرد خەڵک دەستیان لە باری تەعالا بلند دەکرد و دەکەوتنە نزا و پاڕانەوە، بەڵکو هێندەی تێنەکات پێی بکەونە هەلاکەت و سەختییەوە، بەتایبەتی خاوەن مێگەل و ئاژەڵدارەکان هەناسەیان کورت دەبۆوە و چیقڵدانۆچکەیان وێکدەهاتەوە، چونکە حیسابی ئەم جۆرە ساڵەیان نەکردبوو و لە بیریان چوو بۆوە هەر بەپێوانەی ساڵانی پێشوویان

لەبەرنابوو، لەوەدەکانیان ئەوەندەی کا تێدا نەبوو بەشیان بکات نە جۆ نە گزرە و چرۆیان ئەوەندە هەڵگرتبوو بەشی زستانەکەیان بکات، بۆیەکە هەناسەیان سوار و بەری چاویان تەنگ ببوو.

زستانەکەی زستان بوو هەموو تەخمین و تەگبیری پێشوونەی خەڵکی دەڤەرەکەی ڕەت کردبۆوە وەکو لافاوەکەی حەزرەتی نوح وا دەزانرا ئاو لە عاردیش هەڵدەقوڵێ، ئاوی دەریاکان گەیشتبووە ئاسمان و لەوێوە سەرەو خوار ببۆوە، باران کە دای دەکرد لەسەر یەک تا چوار پێنج ڕۆژان لێی نەدەکردەوە، بەفر وەکو پەڕۆ دەهاتە خوارێ چیاکان لۆچی تێ برابوو چاڵە بەفر پڕ ببوونەوە، ساڵەکەی ئەوەندە بەبەفر بوو ناودێراکراو بوو بەساڵی بەفرەکە هەر شتێ دەقەوما دەوترا ئەوەندە ساڵە پێش بەفرە گەورەکە بوو یا ئەوەندە ساڵە دوای بەفرەکە بووە، وەکو سەرکردە ناودێرەکانی جەنگی جیهانییەکان چۆن هەندێکیان تا ئێستا ناویان ماوە و ناوە ناوەش ناویان بەسەر زاری بەساڵداچووەکان دێتەوە ئاوهاش بەفرەکە مێژوویەکی بۆ خۆی تۆمار کرد. ئەوانەی لەنێوچەوانی بەفرەکە زەرەرمەند بوون حەزیان بەبیستن و چارەی نەدەکرد و نەدەویست.

ڕێگاوبان هەمووی گیران لەو حەلەدا ئەوانەی بەڕێگاوەبوون زۆریان بەبن بەفرەکە کەوتن یا سەرماکە ڕەقی کردبوونەوە و بوونە قوربانی بەفر و سەرماکە... ئەوانەیش کە بەتەمای سەفەرکردن یا گەڕانەوە بوون بەفر و سەرما ڕێی لێ قفڵ دان و ڕێی لێ گرتن و پاشگەزی کردنەوە.

ئاو لە ڕووبار و زێیەکان هەستابوو هاروهاج ببوو شەپۆڵەکان هەڕەشەیان لە خەڵکی دەکرد... پردەکان ڕمان... گوندەکانی ڕۆخ زێی و ڕووبارەکان لافاو بەبنە خۆیدابوو لەترسان چۆڵ کرابوو، خەڵک لە شوێنە بەرزەکان دەیانڕوانییە قۆنگرەی شەپۆڵە قاوەییەکان و کەفیان بەلالغاوەیەوە دەدیت، وای لێ هات خەڵکی دەڤەرەکە دەستیان پان دەکردەوە و سەریان بەرەو ئاسمان بەرز کردبۆوە و لە خوایان دەپاڕانەوە کە بەفر و بارانەکە بوەستێنێ. کانی و سەرچاوە و بیر چاوگەکانیان تەقینەوە، شەختە و





بەستەڵەک نەیدەکردەوە لە شوێنە سێبەرەکان شەختە ڕۆژ بەڕۆژ شەو بەشەو بارستاییەکەی ئەستوورتر و قایمتر دەبوو، گۆم و گۆمیلکە وەستاوەکان وەکو پردی لێ هاتبوو خەڵک بۆ ڕێ کورتکردنەوە بەسەریدا دەڕۆیشتن و دەپەڕینەوە چلوورە وەکو چلەمی منداڵ بەسواندووکە و گورگان هاتبووە خوارێ وات دەزانی لەتە شووشەنە شۆڕبوونەتەوە دەبریقانەوە.

حەیوانە کێوی خۆیان دەخاڵەتی گوندییەکان کرد... حەیوانە دڕندەکانیشی لە برساندا خۆیان نزیکی ئاوەدانیان دەکردەوە تا دزییەک بکەن و هێندەی تریش نێوانیان لەگەڵ ئادەمییان ناخۆشتر بێت...

ئاژەڵدارەکان لەبەر نەبوونی ئالیک کەر و هێستر و وڵاخێ کە بەزیادەیان دانابوو تۆڕییان کردن، بەخۆراکی گورگ و کەمتیار و دڕندەکانی تر بوون.

***

ساڵەکەی سەخت بوو ئاسمان لە ئادەمییان توورە ببوو، باری خەمی شەوێی خدە شوان وەکو خەمی ئەو کەسە بوو کە بێ خەتا زیندانی کرابێ و یەکەم شەوی گیرانیشی بێ ئاوها و زیاتریش بوو.

خەوێکی ناخۆش و پچڕپچڕ... وای دەزانی گۆڕەشاریان داوە، نە خەوەکەی خەوبوو نە بەئاگاییەکەشی بەئاگایی بوو. لە خەویا لەگەڵ بزنە شامییەکەدا بوو، لە بەخەبەر بوونیشیدا بیر و هۆشی هەر لەلای بزنەکە بوو لە فیکران ڕووچوو...

بڵێی دڕندەیەک لێی نەچووبێتە ژوورێ و نەیخواردبێ، ئێمشەو یا بەیانییەکەی دەزێ گەر دایکی نەبان بێت دەبێ کارەکەی لە برسان نەمرێ؟... بڵێی شکاوییەکەی تەشەنەی کردبێ و بزنەکە بکوژێ!؟

زەردەی خۆری دی و ڕووناکی پەیدابوو وای زانی مژدەی کرانەوەی دەرکی زیندانی پێ درا. خێرا ئالیکی بەمەڕ و بزنەکان دا، ئاوی لە کوڵان کرد چاوی سۆراخکردنیانی بەسەردا گێڕا، لەبەر خاتری دڵی خانەخوێیەکەی بەرچاییێکی کرد، نەیزانی بەپشتیدا چۆتە خوارێ یان بەسکی، مێگەلەکەی ئەمانەتی خوا و خانەخوێی دا و بۆی دەرچوو.

دەوروبەر، دنیای وی لە بەفر چەقیبوو... سپی هەڵگەڕابوو، نیازی ئەوەی هەبوو ئەگەر بەباڵی مێشیش بێ هەواڵێک بۆ گوندی بنێری. قەرەبەقەرەی ڕووبارە هەڵچووەکە دەڕۆیی و چاوی دەگێڕا، چاکیش دەیزانی ئیمڕۆ ڕۆژی بوار و تەنکاوان نییە وەلێ بەدەستەخۆشی نەبوو، حەوانەوەشی نەمابوو لە دەروون و هەناویدا بەشێک لێی جیابۆوە لۆمە و سەرزەنشتی ئەوەی دەکرد کە بۆچی بزنە شامییەکەی لە ئەشکەوتێ دایە دەست هات و نەهات؛ وەڵامێک لە بەشەکەی تری جەستە و مێشکیدا بۆی هاتەوە:

«- من وام دانابوو ئەو پەڕەکەی پاش سێ سەعات بزنەکەش بگەیەنمەوە ناو مێگەلەکە، نەم دەزانی بەفر و باران لێم لە ڕکداچوونە، دەسەڵاتی ئەوان لە کوێ و دەسەڵاتی من لە کوێ! هێزی دووان و کاری خوا... هێزی یەکێ خوایان یەکە. باران باران نەبوو، ئاوی بیرەکان... زێییەکان... ڕووبارە شێتەکانیان گەیاندبووە ئاسمان و ڕوویان کردبۆوە، ئاویش جێیی بەخۆ ناگرێ سووکەلە، خۆشبەز ئەوەندە بەلەز لە چیاکانڕا خۆی دەگەیەنێتە ناو ڕووبارەکە و هێندەی بلێیی یەک و دوو گەیشتە خوار ئەشکەوتێ، دەڵێیی دەستی ئەنقەستە و بەگژم دادێن، لافاوی لێم هەستاندووە ڕێیی پەڕینەوەی لێ بەستاوم، لەگەڵ شەپۆڵەکانیدا هەڕەشەم لێ دەکات، پەندم پێ دەکات... تووڕەیە و لە منی دەردەکات، تا شەرمەزاری خوا و خەڵک ببم و تووشی سزای ویژدانی خۆشم بکات، تەنیا خوا لێی تێک ناچێ و هەڵە ناکات، ئەگینا منیش تەخمینی خۆم کردبوو، مەرج بێ...

نەیویست بیلێ و لە مەرامی بگەن نەوەکو بەفر و باران پیلانێکی کەی بۆ بنێتەوە... نەیدرکان و لە هەناوی خۆی هێشتیەوە بەرەو مەرامی هەنگاوی نا.

***

لە ترسی سەرماکە خۆیان چاک پێچابۆوە بەگورجی لە نەورایییەکەی گوندییەوە بەرەو هەوراز تەکانیان دەدا، کە هەورازەکەیان تەواو کرد یەکێکیان لەوێوە ئاوڕێکی بەرەو گوندی دایەوە، ئەولا دیوارانەی کە





کەوتبووە بەرنیگای سۆر دەچۆوە.

قوڕ و بەفر و لیتاو هێشتا زەفەری پێ نەبردبوون هەنگاوی چاکیان بەرەو (دەراوی[٤] سەر ڕەق)ی دەهاوێشت. خرچەی بەفر و زرچەی قوڕ لەبن پێڵاوەکانیان دەهات، بەنیازی سۆراخکردن و بەدەستکەوتنی سەرە داوێک... شوێنەوارێک... لەسەر قسەکەی مەلای گوندی بەرەو دەراوەکە خۆیان هەڵدەکوتا، چاوەکان وەکو ڕادار... دووربین بەئاقاریدا دەگەڕان، ڕەشاتی... بۆرایی... پنچک... قووچەک... تارمایی... کەندەڵان... تاوێر... شیو... نەورایی... قۆرت نەما لەسەر ڕێگەکەیان سەری پێدا نەکەن.

کە لەسەر کەندەڵانی (دەراوی سەر ڕەق)ی ڕاوەستان، هێشتا خدە شوان چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە بەرامبەریان، ڕووبارەکە هاشەی دەهات دەراو و مەراوی نەهێشتبوو بێ منەت بوو لە خەڵکی ئەمبەر و ئەوبەر. کەوتنە هاوار و تێگەیاندنی یەکتر لەمبەرەوە بۆ ئەوبەریانەوە، لەوبەریانەوە بۆ ئەمبەرەیان.

***

کارەکە دایکی دەمژی مڵچە مڵچی دەهات، هەر لەگەڵ یەک دوو مژین کارەکە پاڵێکی بەگوانی دایکییەوە دەنا، پاڵنانەکە بزنەکەی دەجووڵاندەوە، جووڵاندنەوەکە کە دڵگەش پشتی بەپشتی بزنەکەوە نووساندبوو خەبەری کردەوە، چاوەکانی هەڵپشافتن وای زانی نووقاون، لەبیری چووبۆوە کە لە ئەشکەوتە تاریکەکە دایە، دانیشت، لەو تاریکستانەدا بێ ئەوەی هیچ ببینێ چاوت بەدەوروپشتی خۆتدا گێڕا، هەموو ڕووداو و کارەساتەکەت هاتەوە پێش چاو... شەڕی گەلەگورگ و تەماحکردنیان لێت و چوونە سەر دار و خزینت بۆ ناو ئەشکەوت... هەراو هوریای بەفر... زریان... دەرکە قەپات بوون، بەدەست خۆت نەبوو لێدانەوەی ئەم کارەساتە لەسەر شاشەی مێشکت تامێکی گوژاڵکانەبوو ناو دەم و قوڕگی وەک زەهری مار

(٤) (دەراوی سەر ڕەق) تەنکاوێکە لەسەر ڕووباری کۆدەرە کە دەکەوێتە نێوان گوندی عەوێنە و حەساری میل... شوێنی پەڕینەوەیە.

لێکردیت، چەند خیزێکی پێ قووت دایەوە... بوویتە قوتابییەکی تەمبەڵ نەتوانی وەڵامی هەستیاری مێشکت لە مەڕ ئان و ساتی ئێستات بدەیتەوە، زەلیلی و بێ دەسەڵاتیت پێوە دیار بوو.

بۆت ساغ نەدەکرایەوە ئێستا لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە شەوە یا ڕۆژە، تروسکاییەک ڕووناکی چییە لێتەوە دیار نەبوو تا مەتەڵەکەت بۆ حەل بکات... هەر ئەوەندەت لە دەست مایەوە لەبەرخۆتەوە بڵێی:

– سەعاتەکەی مەلاکوێرە بۆ ئێرە چاک بوو، ئەگەر شەو و ڕۆژیشم لێ تێکچووە خۆ دەمزانی سەعات چەندی تاریکییە!؟

هەر چەند سەرت دەهێنا و دەبرد بێ فایدە بوو دەستت لە ڕێگە چارەیەک گیر نەدەبوو تەنیا بنکۆڵکردنی بەفرەکەی دەرکی ئەشکەوتێ نەبێ کە هەر زوو بیرت لێ کردبۆوە، وەلێ لەکنت ئاسان نەبوو لە خراپتر دەترسای، لە بێ دەسەڵاتیت غەریبیت هەڵسا، لە ناوەوەتدا کەوتیتە دواندنی خۆت:

«دەبێ ئێستا دایک و باوکم چ بکەن، چۆن بەبێ من حەواینەوە، هاوڕێیەکانم چ دەکەن، خەڵکی گوندی ڕوویان لە کوێ کردووە، لەکێندەرێ بەدوومدا دەگەڕێن، ئێستا یەک دەڵێ خنکاوە... یەکیان دەڵێ خوراوە... سەری خۆی هەڵگرتووە و ڕووی لەلایێ کردووە، دووریش نییە بەسەرمدا هاتبن تێپەڕیبن، چ بزانن لێرە گیرم خواردییە و زیندانی بووم، ئێستا وا دەزانن گورگ... کەمتیار دەعبایەک خواردوومی... کێ دەڵێ لەبەر بەفر و زریان دەتوانن لە ماڵێ سەر دەرێنن، ناهەقیان نییە من هەڵەم کرد ئەوان بۆ بیکەن؟ گەڕان و سووڕان لە ڕۆژی تۆف و دژواردا ناکرێ... دەشزانم دایک و باوکم تێریان بەسکی خۆیان نەخواردووە.

ئۆقرەیان لەبەر بڕاوە، دەزانم ئێستا هانایان بۆ هەموو کەس بردییە، تا یارمەتییان بدەن، سەریان بەهەموو پنچک و ڕەشاتییەک داگرتووە، بن کەندەڵان و قۆرت، سەر بەهەموو بیرێک دادەگرن، ناهەقیان نییە خەڵک مریشکێک بزر دەکات ئەو ماڵ ئەم ماڵی بۆ دەکات... نەعلەت بۆ ڕێوی و تورگ و گورگانیش دەنێرن.





داخوا نازدار کە هەواڵەکەی گەیشتیتێ چی کردووە؟! کێ ناڵێ لە پەنایان خۆڵ و مشکی بەسەری خۆدا نەکردووە، دەزانم نە نانی پێ دەخورێ نەخەوی ماوە... دەزانم بەفێڵێک خۆی گەیاندۆتە دایکم تا هەواڵێکم بزانێ... ئێستا خەناوکەی مێخەک و سمڵ مەلحەم و بازنەکانی داناوە».

ئەشکەوتت لێ بووە شاری واق واق شاری نەدیتە و کەس نەناس، تاقە حەساری میل[٥]، غەریبیت بۆ گەورە و گچکەی گوندەکەت، باوەشی نازدار حەیران بۆنی لەشی... قسە خۆشەکانی... جیێ ژوانان... کۆڵان و خانووەکان... مزگەوت و حوجرەی فەقێیان و بەزمی شەوانەیان، ڕاتبە و ماڵ بەماڵ کردنیان، ئەسپی سەگلاوی و تاژی و ڕاو، مریشک و جووجەڵان... عەلەشیش و قازان... تاژی و سەگەکان... مەڕ و بزن و شمشاڵی خدەی شوان، حەوشە و بان و سەکۆی هاوینان کە دەڕشێنرا و بۆنی خۆڵی لێ هەڵدەستا، بەلور بەلوری کچان، کۆڕ و مەجلیسی شەوان، سوحبەت و کەڵەمستانێی دیوەخان و هارەهار و دەنگی خەجەڕۆی منداڵان، زاق و زیقی ساوایان... لایلایەی دایکان... دوقە دوقی مریشک، حەپە حەپی سەگان، زەڕینی کەر هەڵدەستا.

یادکردنەوەیان ئەو دەمان تۆزێ فەرامۆشی هێخستە بەرت و دیسان هەر خۆت دڵی خۆتت دایەوە وتت:

– دەمبیننەوە، هەر دەمبیننەوە، سۆراغی بزنەکەش بکەن دەمبیننەوە.

دەستت خێواندە دەستە شکاوەکەی بزنە شامی و بەستانەکەت سەح کردەوە. بۆنی بزن و کارەکە و قاڕەقاڕیانت زۆر پێ خوش بوو وەکو کابرای ئاشەوان زەنگوڵی بەبەرداشی ئاش وەکردبوو زەنگەکەی دەهات و دڵی پێ خۆش دەبوو ئاوا سەبووریت پێیان دەهات، هۆگری یەکتر ببوون، هاوڕێیەتییان شنگ و تاقەتی پێ دەدایت.

هەر دوو تاکە پێڵاوە لاستیکەکەت پڕ لە بەفر کرد و لەپێش قەپۆزی

[٥] میل: تاقە یەک حەسار بوو لە نزیک ڕووباری کۆدەرە. نووسەر لە منداڵی ساڵێکی لێ ژیاوە ئێستا وێرانە.

بزنەکەت دانا، لەولاشەوە دەستێکت بەناو لقە دارەکاندا هێنا، هەندێکی کەش لە گەڵای شێدارەکەت هەڵگرت... لەگەڵ پارچەیەک نانی نێو توورەگەکەت وردکرد، ئەمیشیانت لە کن قەپۆزی بزنەکە دانا... خۆشت گەیاندە بەر گوانی بزنەکە و وردە... وردە بوویتەوە ئەو مناڵەی مەمکی دایکی دەمژی، کەوتیتە مژینی، پێدەچوو بزنەکە لە بۆنت ڕاهاتبێ، هیچ نارەزاییەکی پێشان نەدا یان ویستوویەتی پیاوەتییەکت بداتەوە.

بایی ئەوەندەی بەری دڵت بگرێ منالکاریت کرد، پاشان بزنەکەت ڕاست کردەوە سەر چوار پەلی دەستێکی نەرمت بەشوێنی دەستە شکاوەکەدا هێنا، گەیاندتە عاردی ویستت ترسی بشکێنی، سەری پەنجەکانت بەقەستی لاواندنەوە بەنێوچەوانیدا هێنا، باوەشت تێ وەرینا هەرچەندە جەرگی خۆت نەدیتبوو وەلێ وەکو جەرگی خۆت سەریت بەسینەتەوە نووساند، دەستت بۆ پیلاوەکەت گێڕا یەکە یەکە هێناتە پێش دەمی.

گەدەت لە شیرە چەورەکەی بزنە شامییەکە پڕ کردبوو، هەستت بەوە کرد کە تەزووی ساردی نێو ئەشکەوتەکە لە جەستەت کەمتر بۆتەوە.

یەکسەر بەم شێوەیە لەگەڵ خۆتدا دەستت بەقسان کرد:

– کە خودا لێرە ڕزگارمی کرد، داوا لە دایکم دەکەم نانی بەیانییەکەی بەڕۆنی خۆماڵی هەرمیشکم بۆ بکات، دووەم بەیانی ناسکەنان سێیەمینەیان تەواو دەکەم بەنان و سەرتوو، ژەمەکانی تر بۆ دایکم لێ دەگەڕێم چاکیش دەزانم تۆڵەی ئەو چەند ژەمانەم بۆ دەکاتەوە و پێم دەڵێت دایکت کوێر بێت بەخوا نانێکم بێ فرمێسک نەخواردووە، ئەو نانەی دایکت خواردوویەتی بەقوزەلقورتی بێت.

بەئومێدێکەوە دەستت خستە ناو توورەگەکەوە، مەبەستت بوو بزانی نانت کو پێچاوە، هەر چەند لێواری نانێکت وەک پەڕە دەفتەر ئاودیو دەکرد، دەستت لە ئومێدێکی تازە تر گیردەبوو، نان ئومێد پەیداکردنە، ئومێد پەیدابوون لەتێرکردنی بزنەکەدایە، بزن تێربوون شیر پەڕینە گوانی بزنەکەیە، شیرەکەش پشک و تێرکردن و خۆڕاگرتنی هەردووکتانە، بەدەستهێنانی هەلی ڕزگاربوون و هەرەس بەبەفر هێنانە و چنگ گیربوونە لە هیوا... نزیکبوونەوەیە لەسەرکەوتن... سەرکەوتنیش ڕزگاری بەدواوەیە.





لە نێو بوخچەی ئومێد و گرێ کردنەوەیدا ئەو ڕۆژەت بەبیر هاتەوە کە گفتت بەهاوڕێیەکانت دابوو پێکەوە ڕاوێک لە بناری شاخیدا بکەن.

ئەسپە (گلاوی)یت لە تەویلە جوان قەشاویش کردبوو بژی بەلاملێکیدا شۆڕببوەوە کلکی بەملاو بەولادا بادەدا و مێشی لە خۆ پاس دەکرد، زینی حەسیب[٦]یت لێ بەستابوو سەرزینت بەسەردا دابوو، ئاوزەنگ و لغاوی عەوێزەت لێ قایم کردبوو، سەرکەڵە و بەربەسەر و پێش سینگیدا هاتبوونە خوارێ لە ڕۆیشتندا دەلەرینەوە، توورەگەت بەپشتی زینەکەوە کردبوو پێت لەئاوزەنگی دا، کە چوویتە دەرەوەی حەوشە هاوڕێیەکانت بەتاژی ڕست کراوەوە لە چاوەڕوانیتدا بوون، کەسێک نەیناسیبای و بیدیتبای وای دەزانی پێش کەژاوەی بووکێی. ڕستی تاژییەکەت لە پەنجە هەڵکێشابوو. هەر چوارتان لەسەر پشتی وڵاخەکانتان دەلەقینەوە، ناڵی وڵاخەکان خۆڵی هەڵدەگرت و نیمچە تۆزێکیان لەبن پێیان بەدوای خۆیاندا بەجێ دەهێشت و دەنیشتنەوە، هەورازی گوندەکەتان ئاوها بڕی... لە تەختاییەکەدا ڕەوهانیتان هاژوان، ناڵی سمەکانیان تۆزیان پتر دەبوو و درەنگتر دەنیشتەوە، تاژییەکان بەتامەزرۆییەوە بەڕستەکانی پەنجەتانەوە لە تەنیشتانەوە لە غاردا بوون، لەو لاتەوە سۆسەی نێرییەکت کرد، لەگەڵ ترپەی ناڵەکانی وڵاخەکەت دەرپەڕی و وتت:

– خوڵامی سەری ڕاوکەرانم پێ دەڵێن، دیاردی.

هاوڕێیەکانت لە دەمیان وەرگرتیەوە و هاواریان کرد:

– خوڵامی سەرت بین لێی دوورکەوە.

پەنجەکانی ڕستتان شل کردن و تاژییەکانتان بۆ بەردا، ڕستەکان لە حەلقەی قەرەوێتیان داکەلا. ڕستەکانتان هەڵکردەوە و پێتان لە ئاوزەنگی وڵاخەکان توند کرد و لە بن سکیانتان دەکوتا، عارد لەبن پێی وڵاخەکان دەتەزی و توند و تاوی دانانی ناڵە ناڵەکانیان قۆرت قۆرتی لە خۆی گەورەتر بەسەر عاردەکەوە دەنەخشاند و تۆز لە دووررا بەچەشنی نیمچە

(٦) حەسیب: مەبەست (وەستا حەسیبی کەرکووکی)یە کە یەکێ بوو لەو قایشدرووانەی لە ئیشی قایشدا زین و قایشە جگەرە بەناوبانگ بوو.

گەردەلوولێک لە پای چوار ناڵەی وڵاخەکاندا بەرز دەبۆوە و تا ماوەیەک هەر دیاربوو لە پاشاندا بزر دەبوو، تەپوتۆز لەدوای وڵاخەکان نەدەبۆوە.

نێرییەکە لە حەژمەت ڕۆحی خۆی وا بەتاو غاری دەدا ماسوولکەکانی هەموو گیانی دەرپەڕیبوون و دەجووڵانەوە، بەتایبەتی ماسوولکەی هەر دوو دەستی و هەر دوو قاچی لە گرژبوونەوە و خاوبوونەوەدا بوون، هەر چەندە تاوی غاری خێراتر دەبوو قۆرتی سمەکانی لەسەر عاردی قوڵتر دەبوو، هەموو گیانی بەسەر ئاو و ئارەقە کەوتبوو و دەبریسکایەوە، گۆڕەپانی ڕاوت کەمێ بۆ چۆڵ کردن خۆت وەکو دزینەوە دوورتر گرت کە ئەسپە سەگلاویت تاو دا ماسوولکەکانی ڕانی یەک یەک دەهاتە ژماردن، گوڵینگەکانی بەرو سەرکەڵەی بەگیانییەوە نووسابوو... خێراتر... زووتر... توندتر ئاوزەنگت لە بن سکیەوە دەدا و جارجارەش قامچییەکت دەخێواندە پاشووی، تۆز بەری ئاسمانی گرتبوو، جار وا بوو نێرییەکە لە حەولە ڕۆحی خۆی لە پێش تاژییەکاندا بەتاو دەسووڕایەوە، جاریش وا بوو تاژییەکان لە پێشی نێرییەکە پێچیان دەکردەوە و ڕووی هەڵاتن و غاریان لێ دەگۆڕی.

دەنگی تانلێدان لە تاژییەکان بەبێ ئاگاییتان لە دەمتان دەردەپەڕی:

– قوربانتم (زرە)[٧] نەیەڵی دەرچێ.

– چاوەکانت دەخۆم (قوتە)[٨] ڕۆژتە.

– ئەها... ئەها.

– دەی... دەی.

کەستان ئاگاتان لە دەمی خۆتان نەمابوو، ئەها ئەها و دەی دەی لە ژمارە دەرچوو بوو. مەیدانی غار و تاوتان وا گەرم کردبوو تۆز بەسەر سەرتانەوە دیار بوو، غاردان ئارەقی بەوڵاخەکان و تاژییان و نێرییەکە دەرکردبوو.

وڵاخ بەشەوقی خۆدەرکێشان و خۆدەرخستن و پیشاندنی خۆی و ڕازیبوونی سوارەکەی سەر پشتی... تاژی بەتەمای ئافەرینی خاوەنەکەی و مەدح و ستایشی هەر دووکیشیان و پێهەڵگۆتنیان لە کۆڕ و دیوەخانان،

[٧ و ٨] زرە، قوتە: دوو ناون ڕاوچی لە تاژییەکانیان دەنێن.





نێریش لە ترسی مردن و کەڵبی تاژییەکان و چەقۆ.

هەر چوار وڵاخ کلکیان قیت کردبۆوە، وەلێ کلکی ئەسپە سەگلاوی لە هەرسێکیان قیتتر بوو، ڕەسەنایەتی خۆی دەرخستبوو.

تاژییەکەت پێی دواوەی دەگەیشتە پێش دەستەکانی دەتوت ئێسکی لە جەستەیدا نەماوە، لە کاتی تەکانیدا توند و گورج و گۆڵ بوو پاشووی دەگەیشتە کن گوێیەکانی و لێک دەترازان و دوور دەکەوتنەوە، نێرییەکە بەو کەلەشە گرانەی هەندێ جار وەکو مار چۆن جلیت دەکات تەکانی لە خۆ دەدا و ڕمبازێکی دەکرد و وەکو فڕین لەولاوە لەسەر دەست و قاچەکانیدا دەکەوتەوە.

بەرەبەرە تاژییەکان مەودای هەڵاتنیان پێ چووکە و چووکەتر دەکردەوە... جارجارەش پتر سەرپان پێ شۆڕ دەکرد و هەنگاوەکان و ڕمباز و خۆهەڵدانیان پێ کەمتر و کورتر دەکردەوە.

ئەها ئەها... دەی دەی... لە تاژییەکان تان و تەکانیش لە ئەسپەکان... هەر یەکەتان بەپێی دەنگ و ئاواز و سەلیقەی خۆی هاوارتان دەکرد...

جار جارە وەکو خۆ سووککردن دەهاتنە سەر ئاوزەنگ و خۆتان لەسەر زینەکە و پشتی ئەسپەکان بەرز دەکردەوە.

نێرییەکە خۆی سووڕاند تاژییەکەت خۆی لە قوڵی ڕووکرد پاشووی کەمی پێ خشاند، یەکێکی کەیان لە خۆی هەڵدا و قەپی لێ توند کرد، لە حەژمەتان ملی سووڕاند، بووە مەیدانی زۆرانبازی خۆیان لەناو تۆزێ وەردا تاژییەکان دەستیان بەحەوحەو کرد و لەناو خۆیاندا گەوزاندیان، بەتاو لغاوی ئەسپە سەگلاویت ڕاکێشایەوە و شەویلاکیت پێ بەش کردەوە و کەللەی سووڕاند و هەر دوو دەستی لە عاردەکە چەقاند و گیرکرد پاشووی لەگەڵدا بەرز بۆوە و هەر دوو ئەژنۆی قاچەکانی بۆ پێشەوە چوون، خۆت هەڵدایە خوارێ و نێریت لە دەم دەرهێنان و هاوڕێیەکانیشت گەیشتن... بیسمیللات کرد چەقۆت بەملە ئەستوور و ماسوولکەدار و ئارەقاوییەکەدا هێنا و خوێنێکی سوور و گەش بەناو خۆڵەکەدا فیشقە و ڕێچکەی بەست و

لە دواییدا مەیی و قەمتاغەی بەسەر خۆڵەکەدا بەستا.

یادکـردنەوەی ڕاوەکـە گـوڕاحی خـۆش کـردبیــەوە، چوویتــە بنەبانی ئەشکەوتەکە وەکو کوێران دەستت کوتا چەند لقە دارێک کەوتە بەر دەست.

هەنگاوەکانی ئەم جارەت چاتر لە تاریکییـەکەدا داهاتبوو، لە کن بزنەکە دانیشـتیت و کەوتیتە پاککردنی لقەدارەکان بەمەزەندەت چەقۆکە تەنیا توێژەکەی هەڵدەگرت، لەگەڵ کەمێک ناندا تێکەڵاوت کرد و خستتە پێش دەمی، کـارەکـەشت ڕاکێـشـایە باوەشت و بەخـۆتەوە نووسـاند، گـوێت لە داکرماندنی بزنەکە دەبوو دەتگوت کوڕی جاحێڵە و بنکڕ دەخوات، کەیفت پێی ساز بوو دەستت بەسەرپشتی کارەکەدا دێنا، پاشان دەستت شل کرد، پێـڵاوەکـانت پڕ لە بەفـر کـردەوە و بۆت دانا، باریکایی لقـە دارەکـانت شکاند، شقارتەکەت دەرهێنا و قلێکت بە کبریتی جادەڕێژکراوی قەپێلکی شقـارتەکە داهێنا، بریسکەیەکی کـرد و هەر لە ڕێگادا مـردەوە... یەکێکی تریانت پێوەنا... دەی خـوا... پێـغەمبـەر بیگرێ... چوارەمین هەڵیـان، دڕی بەتاریکییەوە نا، خێر خێرا لقە باریکەکانی دارەکانیشت عەمر کورت کردن.

ئاگرەکەت خۆش کرد وەلێ نەدەگەیشتە ئاگری گۆشت برژانەکەی ئەوسا.

دوای دەرکە لێ گـیران یـەکەم جـارت بوو چاوت بەڕەنگی کـار و بزنەکە بکەوێتەوە، هەر دوو تاکە پیڵاوە پڕ بەفرەکەت لە ئاگرەکە نزیک کردەوە، ئەمـلاو ئەولای لاشاخی ئەشکەوتەکەت دەبینی، گاشە بەردێکت لە ئاستی سنگەکـە و لە ناوەڕاسـتی ئەشکەوت بەمـەرامـێک بەرامـبـەر دەرکـەی قەپاتکراو دانا، ڕووناکی و سێبەر لەسەر دەموچاوت و ئەمـلاو ئەولا پەیدا دەبوون، میـلی تفەنگەکـەت یەک دوو جار هێنا و برد لە تەنیشت خۆتەوە داتنایەوە، هەسـتت کرد شێی جلەکانت نامینێ پتر گەرماییەکە دەگاتە لەشت. لەو حەلە کارەکە دایکی دەمژی بزنەکەش کاوێژی دەکرد، لەبەر ئەو کەمە ڕۆشنایییەی هەبوو هەوڵت دا لقەدار و چیلکە لێرە و لەوێ بماشی بۆ ئەوەی بیکەیتە خۆراکی ئاگرەکە و کەمێکی تریش تەمەنی درێژ بکەیت و





پتریش سارد و سەرماکەی دەوروپشتت بۆ بنەبانێ ڕاونێی.

چاوێکت لە ئاست دەرکی ئەشکەوتێ کرد، ڕووناکی دەرێت تێدا نەدیت، بەقەد نووکی دەرزی لە دەرکی ئەشکەوتێ ئومێد شک نابەیت وات هەست دەکرد چیایەک بەفر لە پێشی داندرابێ، هیچ سۆز و بەزەیییەکت لێ ڕەچاو نەدەکـرد. ئەو ئاوەی کـە لە توانەوەی بەفـرەکـە پەیدا دەبوو لە ژوورێدا ڕێچکەی لە خۆڵەکە دیاربوو... تخووبێکی خواروخێچ و بێ سەروبەر و شێوە داری لە نێوان تەڕ و وشکەکەدا دروست کردبوو دەتوت تخووبەکەی (لاین)ە کـە بەهەوەسی خۆی و داوا و بوێری جـوتیـاران کـێـشـابووی لە هەندێ شـوێندا وشکایی تەجـاوزی ناو تەڕاتیـیـەکـەی کـردبوو، لەولاوە تەڕاتییـەکـەی هیچ حیـسـابێکی وشکاییـیـەکەی نەکردبوو هەر لەتخووب بەزاندنیش بوو، تخووب بەزاندنەکەش لەهەردوو بەرەی تەڕاتی و وشکایی چووبووە سەر شێوەی چیا... دۆڵ، لەشوێنێ کەیدا وەک ئاژەڵ و کەللەسەری ئادەمـییـان بوو، هەر چ بیر و بۆچوونێکیشت لە بەفرەکە دەکردەوە ڕاسب دەردەچووی، بارسـتـایی و درێژی و پانیت لێ ببـووە عـیلمی (نحـو) سەرەدەرت لێ دەرنەدەکرد هەر وەکو لە حوجرەش لێی ئیکمال بوویت.

بەڕەزیلی ئاگرەکەت خۆش دەکرد لەوەندە زیاتریش خۆت بۆ نەگیرا وەکو ئەوەی تا ئێستا ئارەزووت بەنداوێک بێ و بەری لێ گیرابێت، بەناچاری و پەللاری کـۆرە و قـیرسـیا لەپڕ هزری خۆ ڕزگارکردن سوپایەک بوو دیواری بەنداوی ترس لەخۆدەرکـردنی تەقاند و دەسـتت کردە بنکۆڵکردنی بەفری دەرکی ئەشکەوتێ... خێـرا خێـرا... شێـتانە بەفـرت لێ دەهێنایە خوارێ کونەکەت گەورەتر و فراوانتر دەکرد، دەتویست هەرچی زووە کارەکە ئەنجام بدەیت ئێستا تا پژدێنت خزاندۆتە ناو توونێلی بەفرەکە، خێـرا خێـرا... شێتانە کونەکە قوولتر دەکەیت و بەفرەکە بۆ ناوەوە تێهەڵدەدەیت و وەکو جرج و مشک بەقاچەکانیشت بۆ دواوەی دەبەیت، دەسـتـەکانت تەزیون هاتیـتـە دەرێ هەردوو دەسـتت خـسـتـە ناو گـەڵت و ڕانەکانت وێک هێنایەوە... کەڵکی ئەوەی نەبوو زۆر بمێنیتەوە پەلەت تێدا دەکرد، دووبارە

دەستت بەبنکۆڵکردنی بەفرەکە کرد... ئێستا تونێلێکی یەک بەبەژنی خۆت کۆڵیوە لەوەوە دەیزانی کە قاچ دەکوتی بەلێواری بەفرەکە دەکەوێت... دەستەکانت هەر دێ پتر دەتەزێت جارجارەش تەماشای پێشە خۆت دەکەیت ڕووناکی تێدا نابینیت، تەزووی ساردییەکە بەرەو هەموو جەستەت تەشەنە دەکات، گورگەکان لێت گڕ دەبنەوە کەڵبە تیژەکان و زمانە سوورەکەی لێت نزیک دەبنەوە، دارەکەی دەستت دەچەقێنیتە ناو دەمیان خۆ پاس دەکەیت، بەردەوامی لە فرەوانکردنی تونێلە بەفرەکە... ئیشکردنت بەرەو هێواشبوونەوە و خاوبوونەوە دەچێت،

– مەمکی چەپەم بۆ ژوانێکی کە...

خەریکە ساردییەکە دەستت لێ بوەشێنێ، گەلەگورگ هەڕەشت لێ دەکەن، گورگێکیان بەدارەکەوە هەڵدەگەڕێ لەخڕە و خشەی نینۆکەکانی ئەترەشت دەچێ؛ تونێلە بەفرەکە لەکن قاچت هەرەس دەکات هەر دوو قاچت لەناو بەفرە...

– ئەڵڵاورمان لە جێی نەرمان

لە کونێکەوە بەناو بەفردا ڕوو دەچیت... گورگەکان بەرەوڕووت غاردەدەن، مڕ دەبنەوە زمانیان دەڵێی باڵتەی جەنجەڕە... ئێستا ترسی ئەوەت هەیە لەناو کونەکەدا بخنکێی. خێرا خێرا... شێتانە بەجووتە قاچەکانت بۆ دواوە تێهەڵدەدەیت، پێیەکانت لە دواوەڕا جێت بۆ خۆش دەکەن، بەدەستە سڕبووەکانیشت پاڵ بەلەشتەوە دەنێی، لووسی عاردەکە بەکەڵکت دێت و خۆت لەسەر سینگ و سکت دەخشێنی... بەرەو دواوە دەخزی، چەقە چەق بەددانەکانت کەوتیتە مردن لێتەوە نزیک دەبێتەوە، شێتانە پاڵ دەدەیت، پاڵ دە... خزین... خزین دوابەشی لەشت کە سەرت بوو هێناتە دەرێ... ئێستا لەشت هەردوو ئاقاری وشکی و تەڕایی گرتۆتەوە تخووبی لێ تێکداون بەناویاندا دەگەوزی خۆت بەرەو ئاگرەکە غلۆر دەکەیتەوە تەپەیەک هەڵدەستێ بەفرەکە لەسەرڕا دەخزێ و بۆشاییە دەستکردەکە پڕ دەکاتەوە.





پشتت بەبزنەکەوە دا... سینگت دایە پۆلیە ئاگرەکان زمانت لەگۆ کەوتییە و پەنجەکانت جووڵەیان کەمە، بەپاڵدان یەک دوو لقە دارت لە ئاگرەکە نزیک کردەوە... گەیاندتە ئاگرەکە... گەرمای لەشی بزنەکە لەلای پشتتەوە و گەرمی ئاگرەکەش لە پێش سینگ و سکتەوە خەریکن پاڵ بەساردییەکەوە دەنێن. کەم... کەم گەرمایی جێیان پڕ دەکاتەوە، هەردوو چۆکت هێناوەتە پێش سینگت، خۆت گرمۆڵە کردووە... چاوت کەوتنە سەر یەکتری، گورگەکان سەریان بردە ناو یەکتری، یەکیان دەتوت بۆنێکی کردووە و پێچەوانەی هاتنەکەیان ڕۆیشتنەوە...

کە پێڵووەکانت کردنەوە ئاگرەکە خامۆش ببوو لەسایەی هیلاکییەکە و گەرمبوونەوەکە سەرخەوێکت کردبوو هیلاکیشت دەرچووبوو.

دوکەڵ و بۆنەکەی سوپایەک بوون ناو ئەشکەوتیان خڕ داگیر کردبوو تەشەنەی بۆ کون و کەلەبەر و تلیشە دەم بەشەکاندا کردبوو، کۆترە کێویلکەکانی لە هێلانان تار کرد یان چیقلدانۆچکەیان زەنگی برسێتی و بەتاڵبوونی لێدابوو لە شەقەی باڵیان دا و بەتاریک و نیمچە ڕووندا فڕین و بەسەر سەرتەوە شەقەی باڵیانت دەبیست، شوانانی دارێکت تێ گرتن نیشانت شکاند یەکیانت خستە خوارەوە و لەبەر خۆتەوە وتت:

– دەڵێن خودا ڕۆژی سێ کێشکان بۆ کوندەبۆ دەنێرێ، مەلاکەشمان زۆر جار دەیگوت خودا ڕازیقە و کەس لە برسان نامرێ، ئەو کەسە ڕزقی نییە کە لەبن گڵییە، ئافەرین مەلا.

ئاگرەکە سەرمای لە شتی ڕامالیبوو گەرمایی شوێنی گرتبۆوە، گۆشت کۆترەکەش هێندەی تر ناو هەناوتی گەرم کردەوە، نەشتدەزانی ناوی چ ژەمێکی لێ بنێی، چونکە شەو و ڕۆژ و دەم و ژەمت لێ تێک چووبوو، بەمەزەندەی خۆت ئەگەر تاریکییەکە سەری لە شەمشەمەکوێران نەشێواندبێ ئەوە دەبێ شەو بێ.

تێربوون و گەرمبوونەوە کاریگەری بەنجیان بەسەرتەوە هەبوو لەشیان خاو کردییەوە خەویان تێ زاندەوە چاوەکانت پێڵووت بەرەو گرانبوون دەچوو،

پشتت خێوانده دیواری ئەشکەوت و ئاگرەکەت گەش کردەوە، تفەنگەکەت لەسەر کۆشت دانا و پەنجەکانت لێ گیر کرد... هۆلاکۆی خەو هەر دەهات... دەهات... دەهات.

بەگورگەلۆقە لەنێوان سەفا و مەروەدا بەسەرکوتی و بەپێخواسی هاتووچوونت دەکرد، لەناو حەشاماتێکدا بوویت لە ڕۆژی حەشری دەکرد کەس ئاگای لە کەس نەبوو نەسەری دیار بوو نەبنی، هەمووشی هەر سپی دەچۆوە، هیلاک ببوویت ئارەقت دەردابوو، هەریەکە و لەبەر ئەحواڵی خۆی لە دەوروبەری بێ ئاگا بوو، نێر و مێ خرابوونە پاڵ یەک و نە نێرەکە هەستی نێرایەتی مابوو نە مێیەکەش هەستی مێیاتی لەکن هەبوو، هەر یەکە و ئالآبووە کاری خۆی و لە خودا دەپاڕایەوە، تۆش ئارەقت دەردابوو هیلاک ببووی... پێخواس... سەرکوت... زەلیل لە خوداکەت دەپاڕایتەوە، لە پڕ دەنگێک لە دواتەوە بەزمانە شیرنە کوردییەکەی خۆت پێی وتی «دەی کوڕی خۆم ئازا تەکان بدە هێندەت نەماوە» دەنگی دایکت بوو ناسیتەوە ئاوڕت لێی دایەوە و وتت:

– دایکە ئەمە تۆش لێرەیت؟!

مووچڕکێک تەزوویەکی لەبنی پێتەوە هێنا و لە تەوقی سەرتەوە دەرچوو؛...

ورشە ورشی باڵی شەمشەمەکوێرەکان و قاڕەقاڕی بزنەکەش خەبەریان کردییەوە و لەبەرخۆتەوە وتت:

– خودایە بەخێری بگێڕی... دیارە دڵی دایک خەبەرداره، خودا خۆی سوێندی بەدایک و باوک خواردووە، نزا و پاڕانەوەی دایک بۆ منداڵی پردی ڕزگاربوونە... مەولوودێکی پێغەمبەر (د.خ) قەرار بێت، لەم شوێنە ڕزگارم بێت.

بای باڵیان دەگەیشتە لەشی ئارەقاویت، حەزت لە باکەیان نەدەکرد، تەزووی ساردییەکە و موچڕکی خەونەکەت تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتر دەبوون، ئاگرەکە نەمابوو خۆڵەمێشەکەشت نەبینی، خۆت وێک هێنایەوە و بیرت





لە خەونەکە دەکردەوە، هەستت کرد ورشە ورشی باڵیان بێ هێزترە تەوژمی بای باڵیشیان وەکو جاران ناگاتە لەشت.

پێڵاوەکەت تەکاند، لە پێت کردن، پشتت بەبزنەکە دا و چۆکت هەڵکێشا و بەسینگت وەنووساند، خۆت گرمۆڵە کرد... تفەنگەکەشت لەگەڵ خۆت درێژ کرد و لەبەرخۆتەوە هەر دەتوت:

خودایە بەخێری بگێڕی... خودایە دەرکەمان لێ بکەیتەوە، خودایە دایکم بەر ئەو سۆز و بەزەییە بکەوێ کە تۆ بۆ دایکی حەزرەتی (موسا)ت کرد.

دوای خەونەکە خەوێکی پچڕ پچڕت کرد، وەلێ ئەو نوستنەی کە ئاگرەکە و گۆشت کۆترەکە بۆیان دابین کردی لە هەموو خەوەکانی پێشتری ناو ئەشکەوتەکە خۆشتر بوو، نەشتدەزانی خەوی شەوە یان ڕۆژە.

ئەو کاتانەی کە فەقێ بووی لە حوجرە دەتخوێند نانی ڕاتبەشت دەخوارد، زۆر گوند و حوجرەی مزگەوتانت کردبوو، لەناو فەقێیان بە(فەقێ گەش) ناوت دەرکردبوو... ئەگەر ڕۆژێ لە گوندی مەولوودی پێغەمبەر یان شایی بوایە لە حوجرەکەی ئێوەش شایی لۆغان بوو. جار وا دەبوو لەگەڵ نانی ڕاتبەکەدا خواردنێکی کەم و خۆشتان بۆ دەهات بەشی هەمووشتانی نەدەکرد، ناچار (دە)تان لێ دەکرد کامەتان (دە)تان بەر کەوتایە ئەویان نۆشی دەکرد، ڕاهاتبووی لەسەر کەم خۆری و کەم خەوی... گەلێ جار لە کۆڕی فەقێیان و لە حوجرە شڕ و پەڕپووتەکان دڵی خۆتان بەو قسەیە دەدایەوە کە دەڵێن «ئەگەر خەوت هات پێخەفی ناوێ، گەر برسیشت بوو پێخۆرت ناوێ» لە فەقێیاتی بەسکێ تێر و بەدووان برسی بوویت، ئەو ڕۆژەی نۆرە ڕاتبە خڕکردنەوەت بوایە بەختت لە هەموو فەقێیەکانی تری مزگەوت چاکتر دەبوو، بۆیە هاوڕێیە فەقێیەکانی حوجرە کە زۆریان برسی بوایە نۆرەشت نەبوایە هاواریان بۆت دەهێنا و بەهەر جۆرێک بوایە دەیانناردی.

لە پێش دەرکێ دەنگی ماڵەکەت بە«ڕاتبە ڕەحمەتت لێ بێ» دەدا کابانی ماڵەکەش بە«خێر و بەرەکەتی خوات لەگەڵ بێ» وەڵامیان دەدایەوە، لە زۆر

ماڵان قاپی ڕاتبە هەبوو بەقاپی فەقێیان ناونرابوو، جار وا بوو سێ قاپانت لەسەر باڵت ڕیز دەکرد جگە لە نانی گەنم و جۆ، بەحەیزەرانەکەی دەستیشت سەگت لەخۆ پاس دەکرد.

راهاتنی ئەوسات لەسەر کەم خۆری و گەدە بەتاڵبوون و خەوی ئەم حوجرەی مزگەوت و ئەو حوجرەی مزگەوتێ و نوستن لەناو فەقێیان کە هەندێکیان هەبوو لەیەک سەر دەیپڕخاند هەشیان بوو دوو سەرە لە هەناسە وەرگرتن و هەناسە دانەوە پڕخەیان دەهات، لێت ببووە مانگی ڕەمەزان و بەهانای گوزەراندنی ئیمڕۆی ناو ئەشکەوت دەهات، سەردەمی ژیانی جارانی ئادەمیزادی ناو ئەشکەوتت هێنایەوە گۆڕێ.

لە شەوێکی دوور و درێژ تاریک و بێ ئەستێرە و مانگدا بوویت، زیندانییەکی تاکە کەسی بۆت چێ ببوو، ئەو زیندانییانەی کە فرمانی خنکانیان بۆ دەرچووە لە شەواندا ڕووناکییەکی ئەلەکتریکیان هەیە، مەودای ژیان و خنکانەکەشی دیارە، وەلێ تۆ زیندانیت و زیندانیش نیت.

ژیانت دیارە و ئەو سەریت وەکو تاریکایی ئەم ئەشکەوتە لێ بزرە، زیندانی ڕۆژانی سەردان و چاوپێکەوتنیان هەیە لەمەشیان بێبەری کراوی، ئاسمانێکی چکۆلەی مەرزداری بێ مانگ و بێ ئەستێرە و بێ هەور و باران لە هەناوی ڕەشی خۆی ناویت، لێت بۆتە یەک لەو حەوت ئاسمانانەی کە لە فەقێیاتی خوێندبووت، دەمت بۆگەنی کردبوو جار جارە نەبێ لەگەڵ بزن و کارەکەدا ورتە ورتت لێوە دەهات یا لە تەنیاییدا غەریبیت هەڵدەستا و لەبەرخۆتەوە منگە منگت دەکرد، تەنها بیر و هۆشت ئازادانە دوور لە ڕاوکەر باڵندەیەکی تامەزرۆی فڕین بوو بۆ هەر کوێیەک بتویستبا بەبلندان بەنەوییان دەتفڕاند و دەتهاژوا... بەرەو ماڵێ بۆ باوەشی گەرمی دایک و باوکت بۆ باوەشی نازدارێ... بۆ کووچە و کۆڵانان... بۆ حوجرە و مزگەوتان بۆ پێدەشت و کەژ و کێوان، ناو جۆگە و کانییان و کادینان، بۆ سەر پشتی ئەسپی سەگلاوی و غارغارێ وراوێ، بۆ باوەشی هاوڕێ و دڵسۆزان، بەرەو کۆڕیتی مریشکان و بۆ دانیشتنی دیوەخان و





کۆڕ و مەجلیسان، بۆ شێخ و حەلقە و زیکری دەروێشان، ناو گەمەی قاشوانێ و تۆپانێی فەقێیان و سوحبەتیان، بۆ ژوانی شەوانی پڕ پارێز و باوەشی یار، بۆ سەربان و ڕامانی دوور، بۆ لە خەنەنانی قاچی تاژی (زرە) و چەورکردنی و جلکردنی پاش ڕاو و شکار... بۆ کاتی چەورکردنی هاوڕێی تەنگانە و لێقەومان قوتە بڕنۆی دارشووشەیی شانت.

وەکو یەکێک لە خەو و ڕاکشانەکەیدا تەلیسمێکی سیحراوی بۆ کرابێ، یا خدری زیندە لێت وەژوور کەوتبێ و لەبن گوێیانت شتێکی خوێندبێ... یا دوعای دایکە... یا مەولوودەکەی پێغەمبەر، یاخود ئەقڵی ناوەوە و هەستی شەشەم شتێکی پێ گوتبی، یان لە حەلا وەلا و حەولە ڕۆحیت... یان کردەوە و کارێکی ئەجندانە و شێتانە لە مێشکت کرابێت، قیت بوویتەوە دەستت بەسەرپشتی بزنەکەدا هێنا، دەستت بۆ کاریلەکەش گێڕا نەتزانی لە کوێیە و نەکەوتە بەردەستیشت، تا بیلاوێنیتەوە دەستت لە بۆشایی و تاریکی دا بێ ئەوەی بەر شتێک بکەوێت گێڕات... دەستت لە قوتە بڕنۆکە گیرکرد، دەتوت بەپیر شەڕەوە دەچیت وا بەحوججەت دەستت لێ توند کرد، بەمەزندە هەنگاوێک و دووانت هاوێشت، کوچکە بەردەکە شار و قزگەت بوو دەستت بەبەردەکەدا هێنا، ڕەچاوی لایە درێژ و کانییەکەت کرد کە لە دەرکی ئەشکەوتێت کردبوو، بەو گوێرەیە ڕووەو دەرکی ئەشکەوت و شاخی بەفر لێی دانیشتی میلی تفەنگەکەت هێنایەوە، وەکو لە شایی و داوەتی پیاو ماقووڵان یا بەزمی نیشان شکاندن، کە چەندەها جار بەپێی جۆری نیشانەکە و دوور و نزیکی مەوداکە جەڕەت شکاندبوو، جغارەت هەڵگرتبوو... چۆکێکت خێواندە عاردی سێرەت لە دێوە بەفری دەرک قەپاتکەر... کەتنکەر گرت، وەکو ئەوەی چەندەها چاو و سەیرکەر لە دەوروپشتت ڕاوەستابن سەیری دەست و تفەنگ و نیشانەکە بکەن و هەست و نەستیان ڕاگرتبێ، تۆش هەناسەت لەخۆ بڕی، دەتویست نیشان بشکێنی و زەفەر بەدێوی بەفر و هەرەسی پێ بێنی و تۆڵەی خۆت لێی وەسێنی و بیترسێنی و بیرەوێنیتەوە لە پێشە

خۆت وتت:

– جێگەی مست پێڵەقەیە.

بیسمیللات کرد و پلت بەپەلەپیتکەی بزنۆکە وەنا دەنگ و شریقە... تریسکەی گوللە لەسەری لوولە هەڵسا، وەکو بتەوێ نێچیرەکە لە جێگەی خۆی خپ کەیت یان بەفرەکە بکەیتە قەترە ئاو، میلی تفەنگت ڕاکێشایەوە فیشەکێکی کەت لێخوڕییە بەرێ و سێرەت گرتەوە تەقەت لێوە هێنا، هەرچەند شەمشەمەکوێرە و کۆترە کێویلکەی نێو کون و تلیشە شاخەکان هەبوو لە شەقەی باڵیان دا و بووە ورشە ورش و فڕین فڕینێک بەسەر سەرتەوە مەگەر هەر خۆت بتوانی باسی بکەیت لە دنیای جوولانەوەی سەدەها باڵ جوولانەوەی با... لە جوولانی بیر و هۆشدا بوویت کە لە پڕ شەپەیەک لە نزیکتەوە هات و باوەشێک ڕووناکی لەسەرەوەڕا دڕی بەتاریکی وەنا و لە خۆت هەڵدا... نیشانت لەکوێندەرێ گرتووە و کوێندەرێ کون بوو، سەرت بەرز کردەوە ڕووناکییەکی لوولەیی خۆی خزاندبووە ژووری، سەرت هەر لەبەرزی هێشتەوە سوپاسی خودات کرد کە ئەو باوشە خۆرەی بۆ ڕەوانە کردووی، خۆشییەکەشی لەوەدابوو خۆر بەدەرەوە بوو کاتێ دەرکی کونەکەی ساپیتەکە کرایەوە خێرا مزگێنی بۆ هێنای. بزنەکە لەسەر چوار پەلی ڕاوەستابوو سینگ و سکی بڵند و نەوی دەبوو، کارەکە قوتە قوتی بەگوێییەکانی دەکرد.

باڵندەکان لە هەوەڵەوە سەریان لێ شێوابوو هەندێکیشیان هەر زوو ڕێگەی ئازادییان لەبەر نا و بێ ترس و سێو دوو زیندانی باستیلیان بۆ کرایەوە و بۆی دەرچوون... «موژدەیان بۆ گەلی دوور و نزیک دەبرد»، چاوت دایەوە دەرکی ئەشکەوتێ دێوی بەفر لە جێگەی خۆی وەلا نەچووبوو دەتوت هەر لەگەڵ ئەویشت نەبووە درزیشی تێ نەکەوتبوو.

دیار بوو خۆر بەسەر ئەشکەوتەکەوە سوپای تیشکی بەردەوام بۆ پشکنین دەهەنارده ژوورێ و تەپوتۆز لەناو تیشکە لوولەیییەکەدا وەک سۆفی و مرید و دەروێشی خواناس کە موژدەی بەهەشت یا دەرکەیەکی بەهەشتی





پیشان بدرێ لە خۆشیاندا چ ئەحواڵێ دەیگرێ... کەوتیتە خۆشی ئەو ئەحواڵە... دەروێش لەناو حەلقەی زیکرا لە پێش شێخ و خەلیفەیدا چۆن وەکو مریشکی لەرزەک دەکەوێتە مەدەد مەدەد ئەوها فێی حاڵت لێ هات... هاتیتە بەر قەڵبەزەی تیشکی خۆر، چۆن عارەب تامەزرۆی تاڤگەی گەلی و سیپەنە خۆ دەخەنە بەر ئاوی سەر بەرەو ژێری تاڤگەکە ئاوات کرد و خۆت لەناویدا شوشت. قەدەرێ لەبەری وەستایت هەستت بەگەرمییەکەی دەکرد خۆشی خۆشیت بوو خودا دەرکەیەکی لێ کردبییەوە، مەلاکەت زۆر جار دەیگوت هەموو ناخۆشییەک خۆشی و فەرەحییەکی بەدواوە هەیە.

قسەکەیت لە گوێدا زرنگایەوە، باوەشت لە بزن و کارەکەوە وەرینا، شەوی بەزۆر بەسەردا چەسپاوت ڕەوییەوە تاریکی هەمیشەیی وەلاچوو... وەل بوو، لە دەست خۆرگیران ڕزگارت بوو فرمانی خنکانت لەسەر لادرا.

کۆترە کێویلکەکان... کێشکەکان... سۆفی قیتەکان... هەندێ لە شەمشەمەکوێرەکان... مێشوولە و کێچ... داپیرۆچکە... جاڵجاڵۆکە لە هەلەکە سەمای خۆیاندا بوون، جرتوفرتیان بەکونەکەدا دەکرد، دوورنییە لەگەڵ فڕینیان هەواڵ نەبەن و هەواڵ نەهێننەوە، موژدە، ئاواز و سروودی سەرکەوتن و ڕزگاربوون بەملاو بەولادا لە سەرووی دەنووکیانەوە دەبارێننە سەر عارد، هەواڵی بەرەڵلابوونیان بۆ باڵندەکانی دوور و نزیک دەبەن.

کە لە کونەکەوە سەیری ئاسمانت دەکرد بەقەد ساجێک لێتەوە دیار بوو کە هەورەکە دەرکی کونەکەی لێ قەپات دەکردی ڕەنگە شینەکەی ئاسمانت لێ بزر دەبوو مەیلە و تاریکییەکی لەناو ئەشکەوتەکە پەیدا دەکردەوە، نیمچە دڵتووندییەکیش خۆی لە قەرەی دەدایەوە. هەندێ جار هەورەکە لەو دوورەوە وەکو پەمۆیەکی سپی لێتەوە دیار دەبوو یا بۆر و تاریک دەرکی کونەکەی لێ دەگرتی و لەوێوە بارانیشی بۆ دەناردی و ئەشکەوتی لێ تاریک هەڵدەگەڕاندییەوە.

باڵندەکان وەستانیان نەبوو دەیانویست قەرەبووی ڕۆژانی زیندانییان بکەنەوە، کە لە شەقەی باڵیان دەدا هەتا لە کونەکە دەردەچوون سەیرت

دەکەن. پڕ بەگەرووت و پڕ بەهەموو تینێکی هەتبوو چەند جارێک قیژاندت و هاوارت کرد:

– وا لێرەمە... هۆۆۆی وا لێرەمە... لێرەمە.

هەر دوو دەستت لە پێش دەمت وەکو ئەو بۆڕییەی دەخرێتە سەر سەماوەر لێ کرد و سەرت بەرەو کونەکە هەڵبڕی و دیسان قیژان و هاتوهاوارەکەت کردەوە:

– خەڵکی گوندی هۆ... هۆ خولە لەتیف لێرەمە لێرە... لێرەمە لێرە.

دەنگت بزن و کاریلەکەی ڕەواندەوە چەند باڵندەیەکیشی بەفرەفڕ هێخست وەلێ لە کونەکەوە کەس نەبوو بەهاوارتەوە بێت و نەسەریشت لێ بکێشێ، هەناسە سارد بووی ئاهت بەرامبەر بێ توانایی خۆت بۆ بڵندایی نزیکەی سێ بەژنە زەلام هەڵدەکێشا. حەزت دەکرد تەنیا بۆ چرکەیەکیش بوایە دوو باڵت لێ شین بوایە و پێیانەوە بفڕیتایە دەرێ و بتزانیایە لەسەر ئەشکەوتێ چ باسە و چ هەرایە!؟ مەرەق لە بێ دەسەڵاتیت دەخۆی، سمۆرە نیت پێیدا هەڵگەڕێی، خۆ هەڵدان دەستت لە کونەکە گیر ناکات... بەدیاریەوە دوور بەدووری خەم دەخۆیت، خەم بۆ ئەو کۆترەش دەخۆیت کە کوشتت و گۆشتەکەت خوارد، پەشیمانی دایگرتوویت چونکە گەر زیندوو بوایە وەکو کۆترەکانی هاوەڵی بەرەو ئازادی لە شەقەی باڵی دەدا، پەشیمانی دادت نادات دڵی خۆت بەوە دایەوە کە وەختی خۆی خوێندووتە پێویستی حەرام حەڵاڵ دەکات.

بڵندی کونەکەت لەلایێ لێ دەبووە بەرزی چیای سەفین، لەلایەکی کەشەوە داماوی و بێ دەسەڵاتیت بەرامبەر کونەکە وەک ئەو ئادەمییە بێ باوەڕ و خوا نەناسەیە کە پردی سیراتی لەبۆ لە مووس تیژتر و لە موو باریکتر لێ دێت.

کەوتیتە تێفکرین و وردبوونەوە و دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک، دۆم بەدانیشتن ماڵوێرانە، سەیرێکی بزنە شامییەکەت کرد بەشەلە شەل دەهات و دەچوو کاریلەکەش بەدوایەوە جار جار هەڵدەبەزییەوە و لە خۆی





هەڵدەدا... لەپێشەخۆت وتت:

– ئای دنیای ڕووناک چەندە خۆشی! ئای ڕۆژ...! ڕۆشنکەرەوە و لابەری خەم و تاریکی و ڕەشبینی، چۆن فەرەحی بەدڵ و دەروونی ئادەمییان دەدەیت... ئای ڕۆژ...!؟

تەماشایەکی مێخ زنجیرەکەت کرد کە کاتی خۆی بەدەستی خۆت کوتابووت... دەتوت تازەت دیتووە هەر تەماشات دەکرد چاوت لە سەری لانەدا، نە بەردە ڕەشی کابەیە ئەوەندە پیرۆز بێت کە دڵت نەیێ چاوت لەسەری لادەی، سەیرکردنێکی ئەوتۆ وەکو تیشکی چاوت بیەوێ دەریکێشیتە دەرێ، حاڵی کردیت، سەیرێکی لقەدارەکانی ئەو ناوەت کرد، لەمێشکتدا بیرۆکەکەت تاوتۆکرد، وردت کردەوە: «دەبێ... دەبێ، ڕەنگە ببێ» ئەمەت بەدەنگێکی ئاشکراوە گوت، لەپێشە خۆتەوە وەکو شێت بووبی و ئەجندە دەستیان لێ وەشاندبێ دووبارە و سێبارەت دەکردەوە.

هێندەی تر کاری شێتانەت کرد، شەرواڵەکەت داکەند، دەرپێیە سپییەکەی ژێرەوەشت داکەند، شەرواڵەکەت لە پێ هەڵکێشایەوە... دانیشتیت... بەچەقۆکە کەوتیتە هەڵبڕینی دەرپێیەکە ڕایەڵی وەکو دۆخینت لێ هەڵدەبڕی، تیلمێکت بەخەسار نەدا، پارچە کورتیلەکانیشت بەیەکەوە گرێ دان کۆمەڵێک ڕایەڵ وەکو ماری تێک ئالاو لە پێشت خڕبۆوە.

لقە دارەکانت ڕاکێشایە بن دەستی خۆت لە جێوە وەکو ئەندازیار تەخمینت بۆ دەکرد و ئەندازەت بۆ دەکێشا، کورتە دارەکان لەگەڵ کورتەکان و درێژەکانیش لەگەڵ درێژەکان جووت کرد، ئەوەی بتزانیایە باریکە لەگەڵ بیرۆکەکەت دەرناچێت لقێکت بۆ زیاد دەکرد، جار جارە لە قەبارە و قەوارەی کارەکەش دادەمای و لە کێشی ورد دەبوویتەوە. لە عاردییەوە بەچاو هەڵدەگژایتە شاخەکە تا کونەکە دەچوویت، لەوێوە بۆ عاردەکە دەگەڕایتەوە، چەند جار لە خوارێڕا بۆ سەرەوە لە سەرەوەڕا هاتیتەوە عاردەکە، دووبارە و چوار بارەت کردەوە خۆت دەتزانی چ دەکەیت.

باڵندەکان بێ وچان و بەردەوام هەندێ لە کونەکەوە دەچوونە دەرێ و

هەندێکیشان لەوێوە دەهاتنە ژووریٚ.

لەگەڵ بیرکردنەوە و ئەندازە گرتنت بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە تاوتێت کردبوو لەگەڵ خۆتدا وتت:

– بڵێی کە من نغرۆی ئێرە بوومە!؟ گوند و قەومەکەشم وەک قەومەکەی حەزرەتی (لوت) خودا غەزەبی لێ گرتبێ و نغرۆ بووبن، ئەی ئەوە باڵندەکان نییە بەهاوار یەکترییەوە هاتوون، ئەی بۆ یەکێک سەر لە من ناکێشێ!؟ پێم وایە خودا ئەگەر میللەتی چاک و خواناسی بەدەستەوە مابێ هەر ئێمەین! کەس لە ئێمە خواناستر نییە!؟ ئەی کوا؟! ئەگەر مابێتن دەبوایە خۆ ناشزانم لە کەیەکەوە لێرەم یەکێک هەر دیارکەوتایە و سەرێکی لێ کێشابوام.

ئەو باوشە خۆرەی کە خزابووە نێو ئەشکەوت و بەگورزی خۆی تاریکی ڕاونابوو مەتەڵی شەو و ڕۆژیشی بۆ هەڵهێنایت و دەرکەیەکی ئومێدیشی لێ کردبوویتەوە سات بۆ سات شوێنەکەی لەسەر عاردی ئەشکەوتێ وەکو شتێکی تێدا بزر کردبێ و بۆی بگەڕێ پێ بەپێ تیشکەکەی دەگوازتەوە.

جێگە جێگە لەگەڵیدا سەیری شوێنی ڕووناکییەکەت دەکرد. لە پێش ڕۆشناییەکەدا کەوتیتە دەست بەکاربوون و وەستاییکردنی، لقەدارەکان دوو دوو و سێ سێ لەگەڵ یەکتر جووتت کردن بەپەڕۆکەکەی وەک قەنناب و دۆخینت لێ کردبوو وەک بەڵەکی پۆلیسی سوارەی جاران کەوتیتە بەستنەوەیان، پاشان هەر دوو بەشە دارە پێچراوەکەت نزیکەی پێیەک تێک پەڕاند و چاک بەگوێرەی دڵت قایمت کردن کە بەهیچ شێوەیەک نەجووڵێن و لەیەکتر نەترازێن، ئینجا بڕنۆبە شووشەییەکەت هێنا و بەقەدەرایی پێیەک لوولەکەیت لەگەڵ دارەکەدا تێک پەڕاند و ئەم دووانەشت بەمەرام و خواستی خۆت لە یەکترت بەستان، هەر سێ پارچەت وا قایم کردبوو دەتوت یەک پارچەنە، وەک شەقڵەیەکی درێژ و ئەستوور و قایمی لێ هات. قۆنداغەی بڕنەوەکەت گرت و هاتیتە ژێر ساپیتەی ئەشکەوتەکە و بەرزت کردەوە و مەزەندە و تەخمینی خۆت لێ دەکرد.





کەیفت ساز بوو بەو کارەی ئەنجامت دابوو، گرژیتەوە

ئینجا بەرەو بەشێکی کەی پلانەکە چوویت، کەوتیتە شلکردنەوە و دەرهێنانی مێخ زنجیرەکە.

– دڵگەش ئەو مێخ زنجیرە چییە ئەمجارەیان لەگەڵ خۆتدا هێناوتە.

– خولە کە گەیشتینە ئەشکەوتێ بۆت دەردەکەوێ.

– ئەوجا ئەو مەراقە هەر لە دڵم بێ هەتا دەگەینە ئەوێ... دەتوخوا پێم بڵێ.

– ناوی خوات بۆ هێنا، ئەمە لەناو ئەشکەوتێ دەیچەقێنم کە حەیوانە کێوییان کوشت وەکو قەنارە...

– تێگەیشتم... تێگەیشتم، ئەرێ تۆ بیر لە هەموو شتێ دەکەیەوە.

کاتی خۆی چۆن بەزانایی کوتابووت ئێستاکەش بەهەمان سەلیقەی وەستایەتی جێگەی پێ لەق دەکەیت.

ژیانت لەناو ئەشکەوتەکەدا بەر دوو پشک کەوتبوو، پشکی یەکەمیان تاریکی و ڕەشبینی... تاریک و نادیار... چاو ساغێکی کوێرانە... هەمیشە بیرکردنەوە و تێفکرین، گرێ کوێرە و تاریکستانییەک نە سەری دیار بێت نە بنی، شەوێکی دوور و درێژ و بێ سەروبەر، بێ مانگ و بێ ئەستێرە... هەر شەو و هەر شەو... هەر تاریکی و تاریکایی... شەوێک ڕۆژی بەدوادا نەبێ... بێ ڕۆژ و بێ دەمەکانی ڕۆژ، شەو و شەو نە سەر لە ئێوارەی دیاربوو نە نیوەشەو نە ڕۆژئاوابوونی هەبوو نە ڕۆژهەڵات؛ هەر شەوووو هەر تاریکی ی ی ی... بێ ئومێدی ی ی ی... ڕەشبینی ی ی ی... بنی بیر بێ دەولکی ڕزگاربووووون... بێ شوێن پێی چوونە خوارووو بەسەرکەوتن ن ن ن.

پشکی دووەمیان ڕوون و نیمچە ڕوون... گەشبینی... باوشێک خۆر... باوشێک هیوا... باوشێک ئومێد، بەدیارکەوتنی تاقە ڕێگەیەکی هەتیو و دووره دەست، نیمچە ڕووناکییەک تاریک بەزێن خەم ڕەوێن هەم هەوێن بەرەو ڕزگاربوون و لەشکری شەوشکێن، تێفکرین و بیرکردنەوە بۆ وەدەست

هێنانی توانایەک... تەکانێک... قەڵەمبازێک... فیڵێک، زۆر جار لە حوجرەدا دەتان وت ئاوبردی دەست بۆ هەموو پنچکێک درێژ دەکات، هانات دەبردە بەر نینۆک... ڕنۆک... پێدا هەڵگەڕان... فڕین... لە خۆهەڵدان... خۆزگەی باڵ... بیر و هەوڵی منداڵانە... هاوار و قیژە قیژ.

مەتەڵی شەو و ڕۆژت بۆ هەڵات... ڕۆژ و دەمەکانی ڕۆژت بۆ بەدیارکەوت و هاتەوە سەر خەت... بەیانی... چێشتەنگاو... نیوەڕۆ... عەسر.

... ئێوارێ... شەو... شەو و... دیسان تاریکستان... تاریکی ی ی ی و تاریکستان ن ن ن...!

ئیشکردن و بەگژداچوونت لەگەڵ شاخەکە بۆ تۆ جەنگی جیهانی و جەنگی مەغلووبێ بوو جەنگ بوو لەپێناو ژیان و سەردەمێکی نوێوە... عومرێکی تازە لە دایکبوونێکی دی.

تاق و تریقی بەگژداچوونت بەپیرە شاخدا لە بنەبانی ئەشكەوتە مراز لەسەر ڕۆخی کونە ڕووخاوەکەی سەر پشتی ئەشكەوتەکە دەبیسترا، جێگەت بەکێشکە و کۆتر و شەمشەمەکوێران و کەو و سوێسکە و پۆڕ و... خەرتەل و... مار و مێرووی ناو ئەشكەوت چۆل کردبوو، پرووشکی ئاگر لەبن نووکی سنگەکە و شاخەکە، لەسەر پشتی سنگەکە و بنی بەردەکەی دەستت دەردەپەڕی، نیشانەی لێدانی بەحوجەت و توند و ڕکەکردنی شاخەکەی دەگەیاند.

دەتویست لە شاخەکە لێوارێک لە بلّندی پژدێنت بتاشیت جێگەی پێیەکی لێ بکەیتەوە و لەوێشەوە دەست بەیەکەم ڕکەت بکەیت.

– تا مردن کردن... ڕکە کردنە لەگەڵ ژیان تا مردن.

یەکەم هەنگاویشت بێ بەرەو هەوراز... بەرەو ڕزگاری لە زیندان بەرەو ئازادبوون و ئازادی.

ڕۆشناییەکە هاندەری کۆڵینەکە بوو، چونکە شوێنەکە و پشتی مێخ زنجیرەکەت جوان دەدیت و بەزەبر لێت دەدا و شاخت وردە وردە دەڕووشاند و کەم کەمە جێگەکەت فراوان دەکرد، لەگەڵ لێدانی بەردەکەی دەستت





بەپشتی سنگەکە ئحمێک لە دەمت دەردەپەڕی، لە پێشە خۆت و لە بەردەوامبوونی شەڕت لەگەڵ شاخەکەدا دەتوت:

– ئاو توانیتی شاخ کون کات... بەرد کونبەدەر بکات.

هێندەی تر بەزەبر و قایم لێت دەدا، بزن و کاریلەکەش کە شەڕەکەتیانی دەدیت دەڕەوینەوە و لێت دوور دەکەوتنەوە، چونکە هۆگریشت ببوون جار جارە لێت نزیک دەبوونەوە... دەبوونەوە.

نەقارییەکەت دامەزراندبوو تا ئەو حەلەی وەکو ڕکێبی ئەسپەکەت خۆش دەبێ گفتت بەخۆت دابوو دەست لەو کارە هەڵنەگری، تا ئامانجت وەکو ئەم باوەشە خۆرە لێ بەدیار دەکەوێت.

شان و پیلت پەنجەکانت ماندوو ببوون، چاوەکانیشت ئەوەندە بەزەقی دەهێشتنەوە و سەیری پشتی سنگەکەت دەکرد نەوەک هەڵە کەیت و لە پشتی دەستت بدەیت لەناو قۆرتەکەیاندا هەستت بەهیلاکی ماسوولکەکانی نێو چاوەکانت دەکرد. گورزە خۆرەکەش بەرەو دواوە لە پاشەکشەدا بوو، ڕۆشناییەکە بەرەو کزی و خۆکێشانەوە دەچوو، پێدەچوو ئەویش کاری ئیمڕۆی تەواو دەبێ بۆیە کە تۆش وتت:

– بۆ ئیمڕۆکەیان با بەس بێت

ڕووناکییەکە بەرە بەرە بەرەو بنەبانێی ئەشكەوتێ دەخزا، خۆریش بەرەو دۆڵی ئاوابوون دەچوو. ویستت ئەو قیچە ڕووناکییەی بەدەستتەوە ماوە وەکو باوک کە ڕۆژانە بەشێک لە کاتی خۆی بۆ خێزانی تەرخان دەکات کار و بزنەکە بلاوێنیتەوە و ببنە مایەی هیلاکی دەرکردنیش.

هەندێ گەڵای پەرگەندەت کۆکردەوە و لەگەڵ نیو نان ئەنجنیت و داتنا، بیرت لە بەشە شیری خۆت و کاریلەکە کردەوە، نۆرەتان بۆ دەگرت.

چیلکە دار قوتە دار بەقەدەرایی دوو بست... چوار بست کورتر یان درێژتر کەرستەی ئیشی بەیانیت بوو کەڵەکەت کردن... ڕایەڵە هەڵبڕاوەکانی دەرپێکەشت بەتەنیشتیەوە دانا، کاریلەکەت لە باوەشی گرت و وەکو منداڵی ساوا دەتهەژاندەوە... دەتلاواندەوە و دەتگوت:

– کاریلەکەم کاریلەکەم جەرگ و دڵەکەم، هیوا و ئاواتەکەم مەبەست و ئامانجەکەم... کاریلەکەم چەندە جوانی چەند ئێسک سووک و نازداری، کاریلە بچکۆلە

دەنگ سووری قوتیلە... کاریلەکەم... کاریلەکەم جەرگ و دڵەکەم.

دەستت بەنێوچەوانی دادەهێنا... جار جارەش بەسینگی خۆتەوە دەنووساند و دەتگوشی.

بەپێی ئەو سروشتەی کە خودا بەعارد و ئاسمان و بەئەستێرە و بەئاو و هەوای دابوو بۆ بەردەوامی ژیان، لەبۆیە عارد... خۆر لە سوورانەوەی خۆیاندا بوون. خۆر لە ئەشکەوتەکە دوور دەکەوتەوە و بەرەو نیوەکەی تری دنیا دەچوو، خەریک بوو دوا قژە ڕۆشناییەکانی خۆی لە کونی ئەشکەوتێ دەردەکێشایە دەرێ، گەر بۆت کرابوایە خۆت بەتاڵە قژێکی هەڵدەواسی و دەچوویتە دەرێ.

تاریکی پێ بەپێ جێی بەڕووناکییەکە چۆڵ دەکرد و بەسەریدا زاڵ دەبوو، وردە وردە نێو ئەشکەوتە مراز تاریکتر دەبوو، باڵندەکانیش لە ترسی باڵدارە دڕەکانی شەو بەرەو هێلانەکانیان دەگەڕانەوە، شەمشەمەکوێرەکان نۆرەی فڕینیان دەستی پێکردەوە... تاریکی بەرەو جێ نەزرگەتی بردی.

***

مەئموورانی بەرەبەیانی خودا دەرخونی شەو و تاریکییان لەسەر کونی ئەشکەوتەکە لادا، یەکەم جاریشت بوو لەدوای بەربوونەوەت کاتی شەو و ڕۆژ لێک جودا بکەیتەوە، هەرچەندە شەوێ خەبەرت دەبۆوە سەیری عاستی کونەکەت دەکرد، چونکە بۆت ببووە سەعاتی (سەرکیسۆف) و هەڵبزڕکانی شەوی پێ ڕادەگەیاندی، لە هەموو ئەو کاتانەی کە لەوێ گیر ببووی هەستی پەلەکردنت زۆرتر بوو، ئەو شەوەیان لە هەموو شەوانی ژیانیشتدا ڕەزای قورستربوو.

لە شەقەدانی باڵی کۆترە کێویلکەکان و فڕندەکان لەلایێ، جریوەجریوی کێشکە و گمەگمی کۆتران لەلایەکی کە کە کون و کەلەبەرەکانی نێو





ئەشکەوتیان کردبووە ماڵی خۆیان موژدەی هاتنی ڕۆژێکی نوێیان پێ ڕاگەیاندی. لەو کونەی کە فڕەندەکان بەرەو دنیای دەرێ دنیای ئازادی سەریان هەڵدەگرت، کونە هیوا... دەرکی ئومێد... بەختی سپی، ڕێگایەک بوو بۆنی خۆشی بۆنی بەهار... بۆنی سەرکەوتن... ڕزگاریت لێوە دەکرد، کلیلێکیش بوو قفڵی ژیانێکی سەرلەنوێی بۆ دەخستیە سەرپشت... هەر لەوێوە بەرەو گوندەکەت... دایک و باوک... نازدارەکەت... منداڵانی گوند... ڕووبار... ئەسپ و تاژی... حەز و ئارەزوو... شاخ... چیا... دۆڵ و شیو... میل... دەراوی سەر ڕەق... کەندەڵان... ڕاو... حوجرەی فەقێیاتی دەبرد.

هەر ئەوەندەت چاوەڕوان کرد کە بتوانی پشتی دەستت و مێخ زنجیرەکە لێک بکەیتەوە. وا بەزەبر لە سنگەکەت دەدا لەنێوان شاخەکە و نووکی سنگەکەدا تروسکەی شەڕ گەرمتر خۆی دیار خست.

ئۆقرەت لە فڕندەکان هەڵگرتبوو شاخەکەت وەکو ئەو ڕەفکەیە لێ کرد کە لە مزگەوتەکەتان بۆ دانانی لەمپا دەتانکرد، ئینجا بەئەندازە و لەسەر شێوەی یەک پلیکان روو لە سەرێ و بەماتی بەگوێرەی نەخشەکەی لە مێشکت داتڕشتبوو سنگەکەت لەشاخی ئەشکەوتێ چەقاندەوە.

بەقەستی ئەنجامدانی بەشەکەی تری پلانەکە بۆی دانیشتیت کاتی خۆی ژنان و پیاوانی گوندەکەت دیتبوو کە دەچوونە لێواری زێ و ڕووبارەکان قامیشیان دەبڕییەوە و دەیانهێنایەوە کەڵەکەیان دەکرد.

وەختی خۆی دیبووت چیغیان لەو قامیشانە دروست کردووە، قامیشیان لە پاڵ یەکتری ڕیز دەکرد بەپێی پان و درێژی چیغەکەی پێویستیانە، بەنە موویان دەکردە ڕایەڵی قامیشی قامیش لەیەکتریان شەتەک دەدا تا وای لێ دەهات دەبووە یەک پارچە دەبوو بەچیغ، بەکارهێنانی سووک و ئاسانە بۆ بەینکردنی ژوورێک یا لە دەور و پشتی ڕەشماڵیان دەگێڕا یاخود لە سەربان و حەوشە لە جیاتی ستارە بەکاریان دەهێنا.

بەدەستووری دروستکردنی چیغەکە بنی سەبەتەیەکت دروست کرد، پاشان لێوارت بۆ دانا، لە هەر سووچێکیشیەوە قوتە دارێکت بۆ بنەوە شۆڕ

کردەوە، ئەو چوار لقە باوەشیان لەدارە ستوونییەکە کە وەکو شەقڵەیەک لە پێشدا ئامادەت کردبوو وەرینا، ئینجا بەپارچە هەڵبڕاوەکان جوان و مەحکەم بەند و قایمت کرد، چەند جارێک راتتەکان... هەژاندت... بەکەیفی دڵت چەسپ ببوو.

باوەشت لە کارەکە وەرینا و وەکو جارێکی کە نەیبینیەوە بەسنگی خۆتەوە نا، مرازت لێ خواست... نێوچەوانت ماچ کرد، وەکو ئەوەی نەبان بێت خستتە بەرگوانی دایکی تا تێرت کرد، ئینجا شقارتەکەت دەرهێنا قەپێلکەکەت پان کردەوە لەسەریت نووسی «فەقێ گەش ئەشکەوتی مرازان» لەناو توورەگەکەش شەمێ مشتەکەت دەرێنا و خوێیەکەت بەتاڵ کرد، پارچە شقارتە نووسراوەکەت بەبچووکی قەد کرد و ڕێک خستتە ناو شەمێ مشتەکە و لوولت کرد، تەزبێحەکەت دەرهێنا و وەکو لەپکەی سەری منداڵان کە بۆ چاو و زاریان بەکار دەهێنا بەداوەکەیەوە قایمت کرد و گرێت لێ دا و کردتە ملی کاریلەکەوە، کاریلەکەت خستە ناو سەبەتەکە منداڵ ئاسا چۆن بەدەسترازە لەناو لانک دەبەسترێتەوە بەپارچە هەڵبڕاوەکانی شەرواڵەکەت کە لەوەپێش ئامادەت کردبوو قایمت کرد، لچکێکی ڕایەڵەکەت گەیاندبۆوە لای پەلەپیتکەی برنۆکە، کارەکە تۆزێ خۆی هێنا و برد دەستت بەسەر پشتیدا دەهێنا و دەبرد دەتلاواندەوە «کارەکەم کارە سوور و جوانەکەم وا دەتنێرم بەخودام سپاردی خۆم بۆم ناکرێ دڵم لەگەڵ ناردووی، ئومێد و هیوام تۆیە سووریلەکەم نەکەی سەفەرکەیت و نەیەیتەوە، ئومێدی حەزرەتی ئیمساعیل پەنات بدات کە خودا لە چەقۆ ڕزگاری کرد...بەهەناسەکەی دایکم و دایکت دەسپێرم، دەمی گورگ و ڕێوی و چەقەڵ و هەموو دڕندەیەکم لێ بەستاوی لە عاستت خودا برسێتیان لەبیر بباتەوە و چاویان کوێر کات.

ئیشکردن و لێهاتوویی ڕۆحەکەم بەگەورەیی و بچووکی نییە، چەندانی بچووک کاری گەلێ لەخۆ گەورەتریان ئەنجام داوە و خەڵکیان سەرسام کردووە، کاریلەکەم وا دەتنێرم چاوی پیاوچاکانت لەسەر بێ، ئومێد و





پشت و پەنام لەپاش خوداکەم تۆیە، کاریلەکەم... کاریلەکەم...کاریلە چاو جوانەکەم... کاریلە سوور و جوانەکەم. بەبای فریشتان و هەناسەی دایکی جەرگ سووتاوت دەسپێرم بەو بەرخەت دەسپێرم کە خودا لە جیاتی حەزرەتی ئیمساعیل کردییە قوربانی... بەدڵەکەی خۆمت دەسپێرم کاریلەکەم... کاریلەکەم بەخودات دەسپێرم کاریلە جوانەکەم... کاریلە سوور و جوانەکەم».

ئایەتول کورسییەکت خوێند و فوویەکی دوور و درێژت بەسەردا گێڕا... دیسان ماچت کردەوە لە نزیکی خۆتەوە هەڵتپەسارد، دەستت لە مێخ زنجیرەکە گیر کرد و قاچێکت خستە شوێن شاخە داتاشراوەکە، بەزانایی بنی سەبەتەکەت گرت وردە وردە بڵندت کرد، ئەوسا قاچەکەی تریشت خستە سەر مێخ زنجیرەکە و تەنیشتی لای شاخیت لەگەڵ شاخەکە کردە ڕکە... لەسەرخۆ بەزانایی بێ ئەوەی بێڵی کارەکە بترسێ... بڕەوێتەوە هێواش هێواش دەستت لە بنی سەبەتەکە بۆ خوارێ و خوارتر دەگوازتەوە بەرەو کونی ساپیتەکەی ئەشکەوت بڵند و بڵندترت دەکرد و لە دەرکی کونەکەت نزیکتر دەکردەوە، زۆر وەستایانە بەماسوولکەیەکی پتەو هەناسەیەکی ئارام و دەروونێکی هێمن بەپێی نەخشەکەت کە لەوە پێشی داتڕێژتبوو کارەکەت ئەنجام دا، دەستت گەیشتە برنۆکە و بەرەو قۆنداخەکە دەستت دەبردە خوارێ، سەبەتەکە گەیشتە دەرکی کونەکە لە بنەوەدا کە سەیرت کرد وەکو قەپاغ بۆت دیاربوو، وەکو کردنەوەی دۆخینی شەرواڵ پەڕۆکەت ڕاکێشا گرێیەکەت کردەوە هەستت بەلەرینەوەی برنۆکەی دەستت کرد، قورساییەکەی لەسەر دەست و پیل و شان و ملت سووک بوو، بۆ ئەوەی ڕێگەی گەڕانەوەی لێ بگریت دارەکەت لە مێخ زنجیرەکە بەستایەوە... بەخودا و پێغەمبەران و پیاوچاکانت سپارد. کەیفت سازبوو خۆشییەک دڵ و دەروونی گرتییەوە پەنجەرەیەکی هیوات خستە سەرپشت لەوێوە دەتڕوانییە دەرێ و ڕێچکۆڵەیەک تۆڵەی ناخۆشی و دەردەسەرییەکەی دەکردییەوە، خۆشی ئەو ئەندازیارەت گرتبوو کە

سەرکەوتوانە توانیبووی باخچە هەڵواسراوەکانی بابل دروست بکات، هەستت بەو خۆشییە بەو سەرکەوتنەکرد... ئومێدێکت بەدەست و بازووی خۆت دروست کرد و بەو ئومێدەوە پاڵت لێدایەوە و کەوتیتە چاوەڕێکردنی ئەوەی لە پەنایەکەوە لەچرکەیەکەوە ئومێد سەرە دیقانێت لەگەڵدا بکات و خۆری ڕزگاریت لێ هەڵبێ.

***

یەکەمین جار بوو سمەکانی لەسەر پشتی مەفتەنی دادەنا، ملی هەڵبڕی، یەکەمین جاریشە لەو ئاقارە ڕادەمێنێ... قوتە قوتی بەگوێیەکانی کرد، جارێ گوێیەکیانی بۆ لای پێشەوە جارێ گوێیەکەی بۆ لای دواوە برد، ئینجا بەملاو بەولادا نیمچە سووڕانێک سووڕا وەکو ئیشێکی ڕاداریيانە و سەحکردنی دەوروبەری پێ بکات، سەیرێکی سەبەتەکەی کرد و یەک دوو جار قاڕی وەکو لە شتێک ڕەوبیێتەوە چەند جارێ لە خۆی هەڵدا و دەکەوتەوە سەر چوار پەلی، کلکە قوتەکەی چەند جار جووڵاند. هەستی ئاژەڵییانە و فرچکی ڕەچەڵەکییانەی هێواش هێواش جووڵاندی شوێنەواری سمەکانی بەسەر قوڕ و بەفرەکەدا بەجێ دەما، هەڵوەستەیەکی کرد ئاوڕێکی بەرەو پشت بەلای ئەشکەوتەکە دایەوە، دەلالەتی کاریلەیی و خەمی بەجێهێشتن و دوورکەوتنەوەی دایک و مەفتەنی دەگەیاند.

بەرەو خوار ملی لە عاردەکە نا و ڕۆیشت، دەتوت بەهەستکردن و بۆنکردن بەرەو شتێکەوە دەڕوات، بەترسەوە دەمی بۆ پنچک و ئەو لقە قەسەر و پووشە دەبرد کە لە بەفرەکە بەدیار کەوتبوو، تەماشایەکی ئاقارە بەڵەکەکەی دەوروبەری کرد.

وردە... وردە وەکو لەوەو پێشەوە پێیدا ڕۆیشتبێ، ڕێگەی دەبڕی... هەست بەتەنیایی کردن لە هەناویدا چەکەرەی دابوو حەزی دەکرد ڕێبوارێکی بگاتێ و بەیەکەوە ڕێگەکە ببڕن.

تەزبێحەکەی ملی وەکو بازنی زەندی ئاغاژن و کچە نەشمیلان ملی ڕازاندبۆوە، قلەکانی لە دووڕرا لەبەر تیشکی خۆرەکە کە لەژێر پەڵە





هەورەکانەوە دزەی کردبوو دەتریسکایەوە، هەستی ڕەچەڵەکییانەی ڕێی بەبەر وەنابوو دەم نا دەمیش گوێیە قوتەکانی ڕاداریيانە کاریان دەکرد، بۆنی خاکێکیش بەکونە لووتیدا گەیبووە مێشکی، بەقشپلەکانیش هەر لە کاریلەیییەوە بەشداری پەیینکردنی خاکەکەی کرد.

***

دەنگۆی بزربوونی دڵگەش مانگی ڕەمەزان چۆن بەدنیای ئیسلامەتیدا بڵاو دەبێتەوە ئاوا بەگوندەکان و ئاقار و تخووبی دەڤەرەکە و ئەولاتریش وەک برووسک و گەواڵەی بەهار بڵاوبۆوە و دەنگۆکە دەم بەدەم... ماڵ بەماڵ... گەڕەک بەگەڕەک... حوجرە بەحوجرە... دیوەخان بەدیوەخان تا لە شارە نزیکەکەشدا بڵاوبۆوە.

پەکو پەکو... ئاخ... داخ، عەمرم نەمێنێ... دایکت کوێربێ... دەستم بشکێ... خوشکت بمرێ... چاوم کوێربێ... دایکت لاڵ بێ... پوورت بمرێ، لە دەمان دەردەپەڕی و هەر کەسە و بەپێی کاریگەری خەمی بزربوونەکە و ناسین و نەناسینی هەستی خۆیان دەردەبڕی.

خەڵکی گوندی کە لە قسەی مەلا و ڕیش سپییان دەرچوونیان نەزانیوە کۆستەکەشیان بەهی خۆیان داناوە ملی شەیتانیان شکاند و کلکیان بەستا. بەپێی بەرنامە و ڕێ و تەگبیران پۆل پۆل... قۆڵ بەقۆڵ بۆی دەگەڕان، تاقیبی ئەملاو ئەولایان دەکرد شوێنەوارێک قسەیەک بەدوایدا بەجێ نەمابوو، کەسێک نەبوو بڵێ لەو شوێنە و لەو ڕێگایەوە دیومە وەک عارد قووتی دابێ یان ئاسمان هەڵیکێشابێ بێ سەروشوێن بوو.

سەریان بەناو بیران دادەگرت، سەیری کۆنە چاڵیان دەکرد، بن کەندەڵان و پنچک و ڕەشاتی و بۆراتی دەگەڕان، قۆمەتی گەورە و بڵند هەڵدەدرایەوە، بن تاوێر و گابەردەکان تەماشا دەکران، کەند و لەند و کۆندڕان بەسەر دەکرانەوە... ئەو شوێنانەی سێلاوی باران و بەفر تازە دڕیبووی ئەو بنە کفرانەی پووش و پەلاشی بەخۆوە گرتبوو گیربوو تەماشاکران، ئەمسەر و ئەوسەری چاوی ڕووبارەکە گەڕان، نە دەستیان... نەچاویان بەر

شوێنەوارێکی نەکەوت و نەبینرا. زار پیس و قوونپیس قسەوقسەلۆکیان هەڵبەستا دەنگێکی کز بوو زۆر هەڵنەستا.

هیلاک و شەکەت بەدەستی بەتاڵ بەدڵی پڕخەم بەقسەی بێ ئایدە و فایدە بەچاوی بێ ئومێد و بێ هیوا... ئێواران... نیوەڕۆیان... عەسر... پاش عەسران دەگەڕانەوە گوندی، کە ڕووبارەکە وەکو ئەحواڵی دەروێشان ساکین بوو چەند مەیتێکیان دیتەوە هیچیان بزربووەکەی ئەوان نەبوو.

بێ سەروشوێنبوونی ئەو زەلامە خەڵکی ناوچەکەی تاساندبوو، ببووە سەر باس و بنی هەموو باس و خواسێک... کەڕ و لاڵیش تێگەیشتبوون کە دنیا چ باسە و چ خواسە.

ئاووهەوای دەوروبەر تا رادەیەک بەبەفرەکە وێرابوو لێرە و لەوێ پەڵە پەڵەی ڕەشی تێ خستبوو، لەدوور لەبان چیاکان... شاخەکان... زوورگەکان وەکو خاڵ خاڵی ڕەش دەدیترا، بەفری قەد بەرۆچکەکان تیشکی خۆر دەیتاواندەوە وەکو زیو لە شوێنە ڕەشاتییەکان دەبریسکایەوە و ڕێچکەی بەرەو خوار بردبوو تێکەڵی ئاوی تر دەبۆوە، سەیری هەر شیو و کەندرێکت بکردایە ئاوی پێدا دەڕۆیشت، ئاوی گەلێ شوێن تەقیبۆوە و زیادی کردبوو.

خدە شوان مەراق و خەمی بزنە شامی لەدڵ دەرنەدەچوو، ڕق و کینە و توورەییێکی گەورەشی لە ڕووبارەکە هەڵگرتبوو کە ببووە سەرێ سەبەبان و وەکو جەندرمەی عوسمانلی ڕێی پێ گرت و نەیهێشت پێی بگاتەوە، لە داخان لە دەستی بهاتایە ڕێی پێ دەگۆڕی و بۆ بابەلبابی عاقڵی دەکرد، دەڵێن خەم دێ خەم لەبیر دەبات، لەوەتەی هەواڵی بێ سەروشوێنبوونی (دڵگەش)یان پێ داوە خەمی شامی لەبیر بردبۆوە، یان بەهەردووکیان لێی قەبەتر کردبۆوە، لەدڵی خۆیدا دەیوت:

– خودا سەبووری دایک و باوک و کەسوکارەکەی بدات، بزنە شامی لە هەناویشمەوە نییە ئەوەندەم سوو لێیەتی، ئەدی کەسوکاری دڵگەش دەبێ چەندیان خەم بێ، بزن لە کێ و! پیاو لە کوێ!؟





جار جار بەبێ دەسەڵاتی خدە هەر دوو خەم لە هەناویدا وەکو مار تێک دەئالان و ئاوێتەی یەکتری دەبوون و هێندەی تر سەریان لێ دەشێواند.

لەوەتەی بزنە شامییەکە لەناو مێگەلەکە نەماوە کە چاوی بەسەردا دەگێڕا سەرناس و پسپۆر کەلێنەکەی وەکو کەلۆسبوونی ددانی پێشەوە زەق و دیارە شوێنەکەی لەناو مێگەلەکە بۆش و چۆڵ و دیارە. لەوەتەی خەمەکەشی لێ بووە بەدووان چاوەکانی داناکەسێن دوور و نزیک هەر بەئاقاریدا دەیگێڕا.

ئالیکی بەناو ئاخوڕەکان پەرت کرد و مێگەلی بەسەر وەکرد بەدیاریانەوە وەستا و دیقەتی دانێ، کەلێنی بزنە شامییەکە دیسان کەوتە پێش چاوی، خزمەتکردنی ڕۆژانی ناو مێگەلی لەبەرچاودا زەق و دیاربوو، ڕۆژان و شەوانی سارد و جلی لەسەر پشتی قایم دەکرد، بۆ ئەوەی گوانەکانی ئەزیەت نەخۆن و درک و دار برینداری نەکات و دانەچۆڕێن گوانەکانی دەخستە ناو کیفکێک و لەسەر پشتی گرێی دەدا.

لەپکەیەکی شینی چاو و زاریشی کردبووە ملی، کێچ کەوتە کەوڵی و ئۆقرە و حەوانەوەی لێ برا بەرەو ئەشکەوتی مرازان هەیپەی لێ کرد... لە خانو و لە حەوشە و ماڵان کەوتە ترازان.

***

لەوەتەی خودا خودایە ئاسمانانی دروست کردووە بێ کۆڵەگە ڕایگرتووە و بەخۆر و مانگ و ئەستێران ڕازاندوویەتیەوە و ڕەجمی شەیتانانیشی پێ دەکات، عاردیشی ڕاخستووە و دروست کردووە، چیا... شاخ... زوورگ... دۆڵ... نەرمان... بەردەلان... هەوراز... نشێو... دەشت... بەرد... زیخ... ئاسن... زێڕ... زیو... مس... قورقوشم... خۆڵ... تۆز... با... ئاو... شەو... ڕۆژ... هەفتە... مانگ... ساڵ... وەرز... سەوزایی... وشکایی تێ خستووە.

خودا ئەمری بەحەزرەتی نوح کرد کەشتییەک دروست بکات، چونکە تۆفانێک هەڵدەستێنی ئەوەی باوەڕت پێ نەکات دەیخنکێنم و دەیفەوتێنم... ئەوەیشی کە باوەڕی بەخواکەت و بەتۆی هەیە لەگەڵ هەموو

گیانلەبەرێک نێر و مێیەکی لەسەر ڕووی عارد دێتە ناو و هەڵیگرە.

کە خودا ئەمری فەرموو ئاو نیشتەوە و کەشتی حەزرەتی نوحیش لەسەر چیای جوودێی خاکی کوردان گیرسایەوە و شەرەفی بەو خاکە دا کە ببێتە دووەم لانکی بەردەوامی ئادەمییان... ئەوسا ئادەمیزاد... گیانلەبەر... پەلەوەر... زیندەوەر... باڵندە... خشۆک... مار... ماسیی تێ داناوە، هەموویشی لەژێر دەسەڵاتی خۆی داناوە. لە ئەزەلیشەوە ئەشکەوتەکەی لەناو ئەو چیایەدا دروست کردووە و جێگەی بۆ خۆش کردووە، وەکو هەموو شتەکانی تری خەڵاتی خەڵک و ناوچەکەی کردووە. لەوەتەی خودا خودایە ئەو هەر گەورەیە و ئادەمییان بەندەنە دەرکی ئەشکەوتێی ڕوو لە دنیایە.

ئەشکەوتەکە بەدامێنی ڕیزە چیای بەرامبەر گوندەکەیان خۆی هەڵپەساردبوو، کە لە نەورایی گوند بەسەر دەکەوتی یەکسەر ئەشکەوتی مرازان دەکەوتە پێش چاوان، ئەشکەوتەکە دۆستی چاک و خراپ خەڵکی ناوچەکە و غەوارەش بووە، بەبێ جیاوازی پێکردن هاریکاری هەموویانی دەکرد، لە ڕۆژانی خۆشی و ناخۆشیدا دەرکە و هەناوی بۆ خستبوونە سەرپشت، ئەوی ئاگریشی لەسەر پشت و نێو هەناویشیدا کردبۆوە بەخۆوەی دەگرت و چاوی لێ زەق نەدەکردنەوە، خۆی لێ زوێر و نەبان و نەناس نەدەکرد.

ئەشقیا و پیاوچاک و پیاوکوژ و دز و جەردە و ڕێبوار و ڕاوچی هەناوی ئەشکەوتە مرازیان ڕەش و دوکەڵاوی کردبوو هەواریان لێ دەخست و لێی دەحەوانەوە.

هێلانە و ماڵ و کولانە و کون... کەلەبەر... تلیشی... پەنا و پەسیوی شوێنی کۆتر و کێشکە و سۆفی قیتە و سویسکە و هەوێردە و شەمشەمەکوێر و... مار و مێروو... دووپشک... بزنمشک... پیسپیسۆک... قومقمۆک... قالۆنچە... داپیرۆچکە... جاڵجاڵۆچکە... پند و کێچ و ئەسپێ... باڵندە و مێرووی تر و... مشک و مێشوولە و... سیخوڕ... گوورگ... تورگ... ڕێوی... چەقەڵ... کەمتیاری هێن بەنرخ و گران... بەراز...





کار و بزنە شامی... کەڵە کێوی و ئاژەڵی تر بووە. خێروبێری بۆ هەمووان بووە... مردوویەکی کردەوە زیندووبووە.

کابرای شاری هەر چەند ساڵێ جارێک بەسەدان فەردە جیقنەی شەمشەمەکوێر و باڵندەکانی تری لێ هەڵدەگرت و بەرەو شار دەیبرد و بەدوایدا قسەیان هەڵدەبەستی مەیل مەیلیان لێدەدا.

دەرکی ئەشکەوتێ بەرینییەکەی پێنج هەنگاو بوو پانتاییەکەی لە ژوورێدا لە زیادی دەدا و سەنتەری هەناوی پتر بەملاو بەولادا چووبوو، درێژییەکەشی سی هەنگاوێک دەبوو، سەدان... هەزاران شەمشەمەکوێرە و کۆترە شینکە و خەرتەل و کێشکە و باڵداری تر هێلانە و هەواریان لێ کردبوو، ماڵە کێوی چەندەها دڕندە حەیوانە کێوی بووە، خانەخوێ و دایکێکی دڵسۆز و دڵۆڤان بۆ ئاژەڵ و ئادەمییان و باڵندە و پەلەوەری ناوچەکە و ڕێبوارانی ڕێی هات و نەهات بوو.

خەڵکی دەڤەری ئەشکەوتە مراز نەیان دەزانی سەرسەدەی ئەو ناولێنانە لەکەیەوە پەیدا بووە، کێ بووە ئەو کەسەی یەکەمین جار ئەو ناوەی هەڵبژاردووە و ناوزەدی کردووە، وەلێ ئەوەی زانراوە ناوەکە دەم بەدەم و پشت بەپشت و وەچە بەوەچە سەدە بەسەدە هاتووە و خەڵکەکەش ناوەکەیان بەپیرۆز زانیوە و لە گۆڕین و داتاشین و لەبیرچوونەوە پاراستوویانە.

زۆر حەکایەت و چیرۆک بۆ ئەو ناولێنانە گوتراوە پشت بەپشت هاتووە و گێڕدراوەتەوە، گەلێکی زار بەزار و ماڵ بەماڵ و گوند بەگوندی پێ کراوە، ئەو حەکایەتەی کە پتر خەڵک باوەڕیان پێ بووە و زیاتریش پێ دەبەستن و لێی وەشاوەتەوە ئەوەیانە:

«گوایە لە دێر زەمانەوە لەو گوندانەی دەوروبەری ئەشکەوتەکە ژنێک لە هەوەڵی عومری لێی دەقەومێ و پیاوەکەی بەنیازی ئیشکردن و نان پەیداکردن دەڕوا، نە مانگێک و نە ساڵێک و نە دووان مێردەکەی بێ سەروشوێن دەبێ و ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیی ناگەڕێتەوە، ژنەکە کوڕێکی لێی

دەبێ و و بەسەر کوڕەوە دادەنیشێ و بێوەژن کۆشی بۆ دەکات، کە لەگەڵ ژنان و کچە جاحێڵانی گوندی بۆکەنگر... مازوو... کوارگ... کاردوو دەچنە ئاقار و دەوروبەری ئەشکەوتەکە، دیوویان لە ڕووبارەکە دەستنوێژی گرتووە؛ لە خۆیان بێ ئاگا دەبن و وەختێ ویستوویانە بگەڕێنەوە هەموو جار دیویانە لەنێو ئەشکەوتەکە خەریکی نوێژ و نزا و دەست بەرزکردنەوە و پاڕانەوە بووە:

– خودایە لە تۆ دەپاڕێمەوە تۆ گەورەیی و من بچووک و زەلیل و داماو، خۆت ساحێبی و هەموو دنیات لەبەردەست و لەبەرچاوە... من تەنیا پێشەخۆم دەبینم تۆ خودای منی گەورەی منی دەزانی مێردە غەریبەکەم لە کوێیە و لە تۆم دەوێ بۆم بگێڕەوە.

– خودایە ئاهو نووزەم بگاتە حەشر و قورشت... حەوت تەبەقەی ئاسمان بەزەییت بەبێ کەسی و تەنیاییم بێتەوە، ڕەحم بەمنداڵەکەم بکە، باوکیم لە تۆ دەوێتەوە، خۆت فەرمووتە لێم بپاڕێنەوە بەهاناتانەوە دێم... بۆ کەیە ئەی خودایە!!

– خودای عارد و ئاسمان، خودای دار و بەرد، خودای بەشەر و ئەجندان ئەی پادشای بێ میسال هانام هێناوەتە بەر تۆ بەکولفەیەکونێک هەرچی بتەوێ دەیکەی دەسا قوربانی دار و بەردت بم بە مێردەکەم شادوشوکر بکەوە.

– خودایە کەسی بێ کەسان هەر تۆی، دەستی داماو و لێقەوماوانی، دەست هەر لە تۆ پان دەکەمەوە، تۆ حەزرەتی (موسا)ت خستەوە بەکۆشی دایکی، تۆ لە نەبووە دروست دەکەی، پیاویژگەکەم بۆ بنێرەوە ئەی خودای ڕەبولعالەمین.

– خودای بێ شەریک و بێ مەکان لەبەر خاتری خۆشەویستت کە محەمەدەدلموستەفایە، خودایە تۆ لەبەرخاتری ئەو پێغەمبەرە نازدارە لە ئادەم خۆش بوویتە دەسا لەبەر خاتری باب ئادەم و داک حەوا، خودایە لە ترسی ئەوان کەسان کە ترسی تۆیان لە دڵدایە و بێ ئەمرییان نەکردووی باوکی





کوڕەکەم بەسەلامەتی بۆ بگێڕیتەوە.

– خودایە لەبەر خاتری ئەسحاب و پیاوچاکانت لەبەر خاتری حەزرەتی عائیشە و فاتیمە لەبەر خاتری شێخ عەبدولقادری گەیلانی شێخ مارفی کانی کەوە چاوم بەباوکی کوڕەکەم ڕۆشن کەوە.

ئامین... ئامین یارەبولعالەمین.

کردبوویە خەڵوەتخانەی خۆی و جێی نەزر و مرازگرتن و پاڕانەوە و داواکردن لە خودا کە بەمێردەکەی شادکاتەوە، هەر جارێک دەپاڕایەوە دەنووزایەوە دەکرووزایەوە وای دەزانی یەکەمین جاریەتی ئاهو نووزەی بەخواکەی ڕادەگەیەنی ئەوهەندە بەجۆش و خرۆش دەنووسکایەوە.

نە جارێک و نە دووان دەستە خوشکەکانی بەم حاڵ و بەو ڕەنگەوە دیتبوویان... هەر جارە کە ویستوویانە بڕۆنەوە لێکیان پرسیوە کوا لە کوێیە؟ وتوویانە:

– لە ئەشکەوتێیە؟ لە پاڕانەوە و مرازگرتنە!

– لە نێو ئەشکەوتە خەریکی نوێژ و پاڕانەوە و مراز خواستنە؟

– لە مرازاندایە؟

– لە مراز گرتنەوەیە؟

– لە مراز خواستنە!

ڕۆژ بەڕۆژ وای لێ هات کە لە یەکتریان دەپرسی لە کوێیە؟

یەکسەر دەیانوت لە ئەشکەوتی مرازانە، بەم جۆرە ناوەکەی لە ئەشکەوتێکی ڕووت و بێ ناوونیشان بە(ئەشکەوتی مراز) ناودێر کرا.

***

ماوەیەک بەسەر ڕەوانکردنی کاریلەکە تێپەڕی کردبوو لە کنەتۆ وا بێ کە عومرێکە ڕۆیشتبوو وا پەرێشان ببوویت هەموو هۆش و عەقڵت بەلای کارەکەوە بوو بەلای کونەکەی ساپیتەکەوە بوو، لەسەر ئاو و ئاگر بوویت، دەم نادەم هاوارت دەکرد:

– هۆ ۆ ۆ وەتە لێرەم... لێرەم! خەڵکینە لێرەم.

تەپەی سمەکانی بزنە شامییەکە لەنێو ئەشکەوت دەهات لە تۆ وا بێت ترپەکە لە سەرەوە بووە دەشڵەژایت و دەتکردە هاتوهاوار و دەنگدان. جڵەوی بیر و هۆشت لە دەستدا بوو ئەو هەموو ماوەیە کە لەوێ مابوویتەوە وەکو ئێستا تەنگاو نەبوویتە، لەوەتەی کاریلەکەشت ناردۆتە دەرێ دەڵێی ڕۆحیشت لەگەڵیدا ناردبوو، ئەوەندە کەم سەیر و کەم تەحەمول بوویت و ڕۆح چییە بەلاتەوە نەمابوو... دەڵێی ئێستا پتر بیر لە خۆت و لە نازدار و لە حاڵی خۆت دەکەیتەوە... ئاگات لە دەوروبەر لە بزنەکەش نەمابوو، پەرێشان... قیچکە تەنگ ڕقت لەو باڵدانەش هەڵسابوو کەوا بەسەر سەرتەوە دەفڕین و دێن و دەچن.

وەکو ئەو کەسانەی کە بەدەم خەوەوە قسە دەکەن و قسە هەڵدەبزرکێنن یان وەکو ئەو کەسەی بەدەم لەرزوتاوە وڕێنە دەکات لە پێشە خۆت دابووتە بەرێ:

– دیارە گوندەکەم نغرۆ بووە... دیارە خەڵکەکەشی نەماون باوکم... دایکم... نازدار... هاوڕێکانم... فەقێیەکان... مەلاکان... ڕاوچییەکان ئەگینا یەکیان هەر سەری لێ دەکێشام... پێدەچێ بەفرەکە دەوروبەری هەرەسی بردووە و گوندەکەی بەبنەخۆداوە ڕێوبانانی گرتووە کەسی قورتار نەکردییە، ئەی هاوار هەی، ئەی هاوار لەخۆم لە غەریبی و بێ کەسی خۆم:

ئەمن نازانم بەوێ وەختان بەکێندەرێ داهەربرێم
بەجوانی گوندی خۆ یا بەو بۆنانەی ئەمن کردیمە لە نازدارێ
وەرن ببینن شەڕی من و گورگی هار
ئای لە من وای لە خۆم ئای لە تاریکی ناو دری خۆم
هاواری درە غەریبەکەی خۆ دەنێرم بەرەشەبایێ بەشەوی تاریک بگەنە
هاوارم بینن لەگەڵ خۆیان گوریس و کەمەندان
بشکێنن کونبەدەرکەن لۆ من بەفر و شاخان
ئای لە خۆم... وای لە خۆم وای لە غەریبی و بێکەسی خۆم.

کارەکەش بەدەردی ئەوان غەریبان چوو، کێ دەڵێ تووشی بەتووشی





گورگان نەهاتووە.

ئەو قیچە خۆرەی کە لە پشت هەورەکانەوە خۆی دەگەیاندە عاردی بەنێو کەلێنی لقە دارەکانی سەبەتەکەوە کەرت کەرت دەبوو و خۆی دەخزاندە نێو ئەشکەوت و سێبەرێکی شەتوپەتی سەبەتەکەی لەسەر عاردی ئەشکەوتەکە دروست دەکرد.

هەستی غەریبایەتییەکە کەمێ بەری دای و بەجێی هێشتی یا پەرکەم بوو لێی سووک کردی یا بای ئەجندان بوو لە کونە لووتەکانتەوە دەرچوو و بەری دای هۆشت هاتەوە زانیت ئەو هاتوهاوار و پەلەقاژەیە دادت نادات و وەکو لە کودیلەوە بانگدەی وایە و هیچیشی لێ شین نابێت، هێور و هێمن بوویتەوە لە بزنەکە نزیک بوویتەوە دەستت بەنێوچەوان و سەر و پشتیدا دەهێنا و دەبرد وا هەستت دەکرد زیز بووبێت و ئاشتت دەکردەوە.

لەوە دڵنیا بوویت کاریلەکە ناگەڕێتەوە و هیچ هەستوخوست و قاڕینی نەماوە، ئەوسا ویستت سەبەتەکە کە وەکو دەرخۆنە دەرکی کونەکەی گرتبوو ئەو فرەفرەش کە دڵت پێی تەنگ دەبوو ڕێشت لە باڵندەکان گرتبوو لابەیت، چونکی ئەوانیش حەوانەوەیان لەبەر بڕا بوو دەستت برد گرێیەکەت لە سنگەکە کردەوە و سەبەتەکە دەرکی کونەکەی بەردا و باڵندەکانیش دەتوت لەناو تۆڕ و قەفەس بەند کرابوون لە کونەکەوە دیسان بەرەو دنیای دەرێ فڕینەوە.

خۆت دایە دەست خودا و چاوەڕێی کاریلەکەت دەکرد... لە خواکەت دەپاڕایەوە کە تووشی گەلەگورگ و دڕندان نەبێت و بتوانێ پەیامی ملی بەئادەمییەک بگەیەنی. دەستت بەدوعا و نزا و پاڕانەوە کرد وەکو دوعای پیاوچاکان و دوعای ئەو ژنەی کە لەکاتی خۆیدا ئەشکەوتی کرد بەئەشکەوتە مراز و بۆ خواکەی خۆی نوێژی دەکرد و دەپاڕایەوە... ئایەتولکورسیت دەخوێند و بەرەو کاریلەکە ڕەوانەت دەکرد، بەڵکو خوا چەپارەی بدات و بگات.

***

خدە شوان دەتوت ئاگری پێ ڕەوانە کراوە بەخۆی و گۆپاڵەکەی دەستی بەهەنگاوی گورج و خێرا ڕێی بەدوای خۆیدا بەجێ دەهێشت، لە نەورایییەکەوە ڕووەو هەوراز پێی پێوە نابوو، هەرچی زووە دەیویست بگات، حەزی دەکرد عاردەکە بێتەوە یەک... یان لە بن پێیەکانی بخلیسکێ و بەرەو دواوە بچێت، یان تەڕاتییەکە وەکو ئەو چیتانەی دەچووە ئاو و کورت دەبۆوە عاردەکە کورت کاتەوە بێتەوە یەک، درێغی بەهەنگاوەکانی نەدەکرد بەشی سێ هەنگاو عارد بەدووان دەیبڕی... سەرکەوتە سەرێ و گوندەکەی بەدوای خۆیدا لە نەورایییەکە کە لێواو لێو خەم بوو هێشتەوە، یەکسەر دووربینی چاوەکانی گرتە ئەشکەوتێ، دڵی داخورپا باوەڕی بەچاوی نەکرد چاوەکانی هەڵپشافت، لەبەرخۆیەوە وتی:

– تۆ بڵێی هەڵەم کردبێ لە پشتەوەڕا هاتبم... ئەی ئەوە گوندەکەمان نییە لە پشتمەوەیە.

خەریک بوو لێی تێکچێ وەلێ چونکە بست بەبستی ئاقار و دەشت و کەند و لەند و زوورگەکانی شارەزا بوو، هەر هەموو جێی لەوەڕگەی مێگەلی بوو زوو هاتەوە، ئەمجارەیان وردتر تێی ڕاما...

دانیشت، هەمووی وەکو بەفرەکەی دەوروبەری بۆ ڕوون و ئاشکرا بوو، بەفرەکە هەرەسی هێنابوو وەکو بەدەستی ئەنقەست هەڵی گریت و شاخە بەفرێک لەبەردەم دەرکی ئەشکەوتەکە داندرابوو. هێور بۆوە لە فکران ڕووچوو... بیری لە تەگبیران دەکردەوە، هەنگاوەکانی وەکو خۆی لێکردەوە... ڕێ و ڕێچکەکان لە کن دارەکە تێکیان دەکردەوە، کە لەگەڵ تاخمێکی گوندی لەوێ یەگدیگربوون، هێشتا هەندێکیان سەرسامی و پەشۆکاوییەکەیان نەڕەویبۆوە کە بەدەست و بەدەم کەوتبوونە قسان و یەکتریان حاڵی دەکرد.

خدە شوان وەکو سەرکردە پێشیان کەوت و ئەوانیش لە دوای و لە تەنیشتیەوە هەنگاویان ڕووەو نادیار و بزر دەهاوێشت، دەیانزانی بەدوای چیدا وێڵن وەلێ نەشیاندەزانی مەتەڵەکەیان لە کوێ بۆ ئاشکرا دەبێ،





دەگەڕان وەلێ نەشیاندەزانی کوڕە لاو لە چ بازاڕەکی سەوادان دەکات، بەچ شاخ و دارێکی سیامەندەوە گیربووە، لە کام گۆڕەپان و دۆڵان ڕاوێ دەکات... چ نێچیرێ فریوی داوە و بەکوێی گەیاندووە؟ فەقێی ئەوان لەناو چ کتێب و دەرسان مەعتەل ماوە.

لەوەتەی پێکەوەن وا دەبێ ماوەی چەند هەنگاوێک بەقسە و چەند هەنگاوێکیش بەکشوماتی دەبڕن. پێڵاوەکانیان پتر زرچەی بەقوڕ و بەفرەکە هێخستبوو... خێرا خێرا هەنگاویان دەهاوێشت، گەر هاوین بوایە نەرمە تۆزێکیان بەدوای خۆیانەوە هەڵدەستاند، وەلێ ئێستا پروشکە قوڕ لە بن پێڵاوەکانیان دەردەپەڕی، دەلینگی شەرواڵەکانیان قوڕ سواقی دابوو، لەوە دەترسان هەنگاوەکانیان لە هەنگاوی ڕۆژانی ڕابوردوو بکات، ئەو هەنگاوانەی کە هەر هەمووی بێ ئومێدی و بێ ئەنجامی لێ دروێنەکرا، ئێواران لە دیوەخان و مەجلیسان و نوێژکەرانی مزگەوتێ و ناوفەقێیان و ماڵ بەماڵی گوندی و گوندەکانی دەوروبەر هەگبەی هەناسە ساردییان لەسەر خوان هەڵدەڕێژران و مایەی دڵتەنگی و نیگەرانییان بوو، ڕۆژێکی کەشیان لە ڕۆژەکانی بزربوونی فەقێ گەش کەڵەکەکرد.

بێ سەروشوێن بوونی کوڕە لاوی گوندی زەوق و شەوقی لە خەڵکی گوندی داماڵی و کراسی ئاڵ و واڵا داکەندرا هەڵسوکەوتی هەموویان تارماییەک داپێوشیبوو کراسی ڕەش و بۆر و چڵکن لەبەر کرا، هەر یەکێکت دەگرت وای دەزانی کۆستەکە لەو کەوتییە.

نەغمە و ئاواز لە گەرووی هیچ لاوک و حەیرانبێژانی گوندی وەکو جاران چریکەی لێوە نەدەهات، نەشمشاڵی شوانان جۆش و خرۆشی تێدا مابوو... پێکەنین کەم ببۆوە، خەم لە ماڵان... خەم لە بانان... خەم لە مانگ و ئەستێران... لە بانگی مزگەوتان... خەم لە قەتار و ئەللاوەیسیان، خەم لە چاوان... خەم لەدڵان... خەم لە کۆڵانان... خەم لە حوجرەی فەقێیان... خەم لە دڵی کیژۆڵان لە دڵی نازداران... خەم لە باعەباع و قاڕە قاڕی مەڕ و بزنان... خەم لە چریکەی کێشکان... خەم لە دەنگی بولبولان... خەم لە قاقبە

قاقبی کەوان... خەم لە دوقە دوقی مریشکان... خەم لە گمە گمی کۆتران... خەم لە ڕۆینی ئەسپاندا دەباری، نیشانەی ڕەشبینی تازەباری خۆی لە مەڵاس نابوو، ژنان و مێردانی گوندی زەوق و شەوقی سەر جێیان کەم ببۆوە... سەرەدیقانێی کوڕ و کیژان کەوتبووە لێژان.

هەنگاوەکانیان گورجتر کردەوە، هەریەکە و بەلایەکدا دەیڕوانی دەتوت سەرە سوورەیان گرتووە سەر و ملیان ڕاست و چەپەی دەکرد.

ئەهایەک! لە دەمی خدەی شوان دەرپەڕی.

– ئەرە وەڵڵا منیش دیم.!

– چ بوو! ؟

– نازانم، ڕێوی بوو یا توورگ.

پێیان هەڵگرت بەرزاییەک زوو بەرچاوی گرتن و لە پێشیان بووە کۆسپێک، مەراقی چاوپێکەوتنەوەیان ڕسکا، دەستیان بەگورگەلۆقە کرد، دەنگی قاڕینێ خۆی لەپەردەی گوێیان دا، ئاوڕیان لە یەکتری دایەوە، بێ ئەوەی ورتەیەک لە دەمیان دەرچێ بەچا و سەیرکردنەکە یەکترییان حاڵی کرد و هێمای سەرسوڕمانێکیش بوو، لەناو ئەو بەفر و قوڕ و لیتراو و چۆلەوانییە چاوی کاڵیان بەدیتنی کاریلەکە ڕەش بۆوە... ئەوان غار کاریلەکەش ڕووەو ئەوان غار دەدات، بێ ئەوەی بزانن لەو غارەدا چییان دەست دەکەوێت، هەر دوولا ڕووەو یەکتر غاردەدەن دەتوت هەر یەکەو لەلای خۆیەوە لە ترسی شتێک غار دەدات یا غاردانەکە لە غاردانی ئەوان کەسانی دەکرد کە ساڵەهابێ چەرخی زەمانە دەستی لێککردن و بەبێن کردنیانی خستبێتە نێوانیان، غارەکەیان بەرەو ڕووی یەکتر تامەزرۆی بەیەکگەیشتن و ئامێزلێکنان و تاسووقی پێوە دیاربوو.

کاریلەکە سەری نەوی دەبوو و پاشووی بەرز دەبۆوە، ئەوانیش دەتوت قاشوانێ دەکەن هەر یەکە و کێبرکێیتی گۆیەکە ببات و هۆری خۆی بکات و بیباتەوە.

خدە شوان لە دووڕا چونکە پیشەی خۆی بوو وەکو باوەش بۆ منداڵێک





بکاتەوە باوەشی بۆ گرتەوە، یەک دوو هەنگاو مابۆوە چۆکێکی خێواندە عاردی و قاچەکەی تری کردە ئەستووندە و کاریلەکە خۆی بەباوەشی دادا.

– کوڕینە کاری بزنە شامییەکەیە، بۆنی ئادەمیشی پێوەیە ؟!

– چوزانی! ؟

– ئەوەندە لە باوەش گیراوە بۆنی خۆی کەم بۆتەوە، دیارە فێرە باوەشیشە.

– ئەها...! تەزبێحێکی لە ملدایە.

– دەی خودایە گرێ کوێرەکەمان بکاتەوە.

خدە بەزانایی تەزبێحەکەی لەسەر ئاودیو کرد، قەزمە نوشتییەکە کە وەکو دوعایەکی پیرۆز پێچرابوو لە شەمێ گیرابوو، کە شەمێ مشتەکەیان کردەوە پارچە شقارتەی نووسراو دەرکەوت، چاوەکان دەتوت چاوی حاجییانە و لەبەردەم بەردەڕەشی کابە وەستاون و تەماشای دەکەن... ئەمدیو ئەو دیوێکی پێ کرد هیچ سەرەدەرێکی لێ دەرنەکرد و دایە هاوەڵێکیان.

لە پێشدا سەراو قوونی گرتبوو ڕاستی کردەوە و خوێندییەوە:

«فەقێ گەش ئەشکەوتی مرازان»

خوێن پەڕییە سەر ڕوومەتەکانیان، لە خۆشیان دڵیان خێرا خێرا کەوتە ترپە ترپ... سەیری یەکترییان کرد، شاگەشکە بوون لە هەوەڵەوە یەکیان ورتەی لە دەم نەهاتە دەرێ... لە خۆشییان نوتقیان بەستەرابوو، ئەو سەرسامییەی گرتبوویانی وردە وردە چۆوە... گرژینەوە.

خدە شوان بەسەر سوڕمانێکەوە وتی:

– چۆن؟! ئەی گوایە بەفر دەرکی نەگرتبوو... لەوێش زاوە!

نەم وت کاری بزنە شامییەکەیە!

لە حەیبەتان هیچ کام لەسەرە قسەکانی بۆ تەواو نەدەکرا وەکو سەرسامی و شڵەژاوییەکە بۆی هاتبێتەوە قسەکانی بەهەناسەی کورت کورتەوە دەکرد.

عەلی شوون هەڵگر بوون و شوێن سمەکانی کاریلەکە کەوتن.

کاریلەکە کلیلێکی تەلیسماوی بوو ئەو قفڵەشی دەکردەوە کە مۆرە

مۆرەی لێ درابوو، تەلیسمێک بوو هەموو سیحرێکی بەتاڵ دەکردەوە.

دوعای حەزرەتی (موسا) بوو سیحری ساحیرەکانی فیرعەونی بەتاڵ و پووچ دەکردەوە. مۆری سمەکانی بەرەو نهێنییەکی شاراوەی دەبردن، کە دەمێکە گیرۆدەی بوون و خەو و خۆراکیانی پێ پاشەکەوت کردبوون... لە کن ئەو ڕێیەی کە بۆ دەرکی ئەشکەوتەکە شۆڕ دەبۆوە وەستان. لێیان یەقین بوو کە بەفری دەرکی ئەشکەوتەکە شەقڵی نەشکابوو، کارەکەی لە باوەشی هێنا خوارێ و لە عاردەکەی دانا، بەو هەستەی کە خودا پێی دابوو ڕێگەکەی گرتەوەبەر، دەیویست ئەو ئەرکەی پێی سپێردرا بوو جێبەجێی بکات، وەک بۆنەکەی دایکی ڕایکێشابێ بەقاڕە قاڕ کەوتە غار، ئەوانیش بەدوایەوە بوون، بەدیار کونەکەوە ڕاوەستا...

کارەکە وەکو بانگی دایکی بکات قاڕی... بزنەکە لە خوارێڕا بۆی وەرگرتەوە، خدە شوان سەری بردە ناو کونەکە و فەقێ گەشی دەنگ دا... بەگوێی و هەموو هەستیارەکانی تریشیانەوە هەستیان ڕاگرتبوو، لەبنی ئەشکەوتە مرازەوە وەڵامیان بۆ هاتەوە:

– لێرەم... لێرەم... کوڕینە لێرەم، بزنێکیشی لێیە.

هەموویان سەیری یەکتریان کرد، لە خۆشیان چاویان فرمێسکی تێ زا...

ئەو فرمێسکانەی کە هاتنە خوارێ نیشانەی سەرکەوتنیان پێ بوو.

– هەر ئێستا مشوورت دەخوێن فەقێ گیان.

یەکیان وەک ئەو باشووکەیەی گۆشت بۆ بێچووەکانی دەباتەوە، بەو هەواڵەوە بەرەو گوندی گەڕایەوە، قوڕ و بەفر لەبەر حوجحەتی غاردانەکەی وەک ئەو پروشکە ئاگرە بوو کە لە بن چەکوشی ئاسنگەر دەپیڕووشکاند و دەردەپەڕی ئاوها لە ژێر پێڵاوەکەیدا دەردەچوو.

تاوی غاری بەشێوەیەک بوو کە جیاوازی بەهەوراز و نشێو نەدەکرد، هەواڵێکی ئەوتۆی هەڵگرتبوو بەماندووبوون نەدەحەسیا، دەیویست هەرچی زووە هەواڵەکە بگەیەنێ و مزگێنی خۆی وەربگرێت.

بۆ ئەوەی مەرامەکەی زوو زوو جێبەجێ بکات پێڵاوەکەی هەر لەگەڵ بای





غارێ فڕێ دان وەک ئەسپی سەگلاوی عاردی بەدوای خۆیدا جێ دەهێشت. جەمەدانییەکەی لە سەری کردەوە و کەوتە هەڵشەقاندنی و هاواریشی دەکرد:

– هۆ گوندینە هۆ! فەقێ گەشمان دۆزییەوە... فەقێ گەشمان دۆزییەوە، هۆ گوندینە هۆ ۆ ۆ؟!

هەر لەگەڵ تاوی غاریدا هاواری دەکرد و جەمەدانییەکەشی هەر هەڵدەشەقاند.

دەنگ و هاوارەکەی لە پێش خۆی گەیشتەوە گوندی، ئەوەی کە گوێشی گران بوو هەر زوو بەزوو تێیان گەیاند، تاکو ئەو گەیشتە ڕۆخ گوندی خەڵکەکە بەرێ کەوتبوون.

گوندەکە زەوق و ڕەونەقی جارانی تێ گەڕایەوە، هەور ڕووەو شارەزوور چوو خۆر تیشکی خۆی لە عارد دەچەقاند و بەفری دەتواندەوە، ئەو سەرچاوە و کانییانەی وشکیان کردبوو تەقینەوە، جلی ڕەش و بۆر و چڵکن داماڵان... بەرگی ئاڵ و واڵا جێیان گرتنەوە، خەناوکەی مێخەک و سمڵ و مۆروو و مەرجان چوونەوە مل گەردەن زەردان... پێکەنین گەڕایەوە سەر لێوان... ڕەنگ و ڕوو سووراتی تێ زایەوە... حیلەی ئەسپە سەگلاوی بیسترایەوە و سمکۆڵێی دەکرد و کلکی بەملاو بەولای خۆی بادەدا، تاژی مل بەقەرێت لەگەڵ خەڵکەکە ڕێی گرتەبەر، کێشکە لەسەر سواندووکان کەوتنە زیقە زیق... کۆترەکان دەستیان بەبوغە بوغ کردەوە، مامزی نێو مێگەلان بەرەڵڵای ئاقاری کرانەوە، باعە باعی مەڕ و قاڕە قاڕی بزن و کاریلان سووکتر و خۆشتر دەهاتە گوێیان، بولبول لەسەر داران دەیانخوێند نەغمەی جاران، ئاو لە چەم و ڕووباران شوڕە و خوڕەی خۆشیان بوو... گەرووی حەیرانبێژ و لاوکبێژان ساف و بێگەرد بۆوە، نەغمە و سۆز بۆ گەرووی شمشاڵان گەڕایەوە... شادی لە ئاسمانان بەسەر عارد و باناندا دەباری... لە کۆڵانان لە نێو کۆڕ و دانیشتنان بەزم و ڕەزم پەیدابۆوە... مریشک دەستی بەدوقە دوق کردەوە... ئەرێ بابە لە حوجرەی فەقێیان

دەکەوتەوە بەر گوێیان... ڕێی زەماوەندان کرایەوە... دەنگی دەهۆڵ و فیقەی زوڕنا سەری هەڵدایەوە... شمشاڵ و پیک و دووزەلە دروست کرایەوە، فس فسانێی باڵندان کەوتەوە پێش چاوان... تووڕەکان ئاشتیان بۆوە... بەلار بەلار و بەلۆرەی بادینێ لە گەرووی کیژۆڵان دەهاتە دەرێ... گەمەی شەوان لەناو جێ و بالینگان یاری و سوحبەت لە دیوەخان هاتنە مەیدان... گەمەی منداڵان لە کۆڵانان... ستایشی خودا لە سەکۆی مزگەوتان بەرز دەبۆوە... تەم و خەم لە گوندی و دەڤەرەکەدا ڕەوییەوە، ئەستێران ڕەونەقیان پەیدابۆوە... خەم لە دڵان باری کرد و ڕەوییەوە... هەوەس گەڕایەوە دەماران... شڵپ و هۆڕی مەلەوانی و خۆ بسمیلکردن لە کانی گەورەی پیاوان و کانی زێیە هەڵسایەوە.

٢٠٠٢/٥/٢٧ -١/١٣

هەولێر- ڕزگاری

## چاپكراوەكانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٣

١٧٧:١ – بیرەوەرییەكانی سەعید ناكام

١٧٨:٢ – البارزاني. مسرحية للأطفال. تأليف: أحمد إسماعيل إسماعيل

١٧٩:٣ – بارزانی. شانۆگەری بۆ منداڵان. نووسینی: ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەهدی خۆشناو.

١٨٠:٤ – كابینەی چوارەم: تەمەنێكی كەم و بەرهەمێكی زۆر. چالاكییەكانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢دا.

١٨١:٥ – من مهاباد الى اراس. ترجمه من الفارسية الى الكردية: شوكت شيخ يزدين. نقله الى العربية: شاخوان كركوكي.

١٨٢:٦ – تەمی سەر خەرەند. ڕۆمان. شێرزاد حەسەن.

١٨٣:٧ – بارگەی یاران. سەرجەمی شیعری هێمن.

١٨٤:٨ – هەواری خاڵی. سەرجەمی نووسینی هێمن.

١٨٥:٩ – زیندەخەو – ڕۆمان. نووسینی: فەتاح ئەمیری.

١٨٦:١٠ – پیاوێكی شەپقە رەشی پاڵتۆ رەشی پێڵاو شین. ڕۆمان: د. فەرهاد پیرباڵ.

١٨٧:١١ – هەیئە. ڕۆمانی: سەلام عەبدوڵڵا.

١٨٨:١٢ – ئاڤێستا – لەمێژینەترین سروودی كورد. كۆكردنەوە و وەرگێڕان و لێكۆڵینەوە: جەلیل عەباسی – ج. قەقنەس.

١٨٩:١٣ – خەنجەرە زێڕینەكەی عومەر قادر. نووسینی: جۆن هنری میولر. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ناصح ئیبراهیم عەبدوڕەحمان دزەیی. بژاركردن و داڕشتنەوەی: غەریب پشدەری.

١٩٠:١٤ – الجَيْش الأيوُبي في عَهْد صَلاح الدّين (تركيبه. تنظيمه. أسلحَته. بحريَّته. وَ أبَرز المعارك التي خَاضهَا). تأليف: الأستاذ الدكتور مُحسن محَّمد حُسَين.

١٩١:١٥ – كورد و كوردستان– لێكۆڵینەوەیەكە سەبارەت بەباری ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافی كوردستان، ساڵی ١٩٢٣ لە فەلەستین بەئینگلیزی چاپ كراوە. نووسینی: كۆمەڵێك لە پسپۆڕان و ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز. وەرگێڕانی: حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن



ئەحمەد جاف.

١٩٢:١٦ – ئەنفال و ئافرەتی كورد. دانانی: عەدالەت عومەر سالح.

١٩٣:١٧ – كوردستان نیشتمانی یەكەمینی سۆمەرییەكانە. نووسینی: هاوڕێ باخەوان.

١٩٤:١٨ – الإنتفاضات البارزانية. تأليف: كاوس قفطان.

١٩٥:١٩ – گۆرانیبێژە نەمرەكان – بەشی دووەم. دانانی: باكوری.

١٩٦:٢٠ – ظهور الكورد في التأريخ. ج ١ . د. جمال رشيد أحمد.

١٩٧:٢١ – ظهور الكورد في التأريخ. ج ٢ . د. جمال رشيد أحمد.

١٩٨:٢٢ – كۆچڕەو... كۆچڕەو. عەبدوڵڵا سەڕاج.

١٩٩:٢٣ – بەهاری ڕەش. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.

٢٠٠:٢٤ – بەفر یا ئەشكەوتی مراز. ڕەزا سەیید گوڵ بەرزنجی.